# تـێزی مـێژوویی تورک و دۆزی کـورد

## وەرگێڕان و ئامادەکردنی
## ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

ورتە ورتێک!

دەشێت دژە کردەوەی هاتنە ناوەوەی هۆزە تورکەکان، لە کۆتایی هەزارەی یەکەمدا، بۆ دەڤەرەکانی ئێمە، بە پەرچەکرداری( چەوی) بچوێنرێت! چونکە چەوی بەو ئاسانییەی دەچێتە ناو کونی دیوارەوە- بۆ برغوبەستن ! - پاشان هەر بەو سانابیە نایەتە دەرەوە! زۆر بە دژواری دێنرێتە دەرەوە. هاتنە دەرەوەکەیش، کە بە زۆرە، خەسارە لەدوای خۆی جێدێڵێت. واتا، کونی دیوارەکە زامدار دەبێت، وێناکەی تێکدەچێت، بۆیە پێویستە دەکات هەمدیسان گەچ و یانیش چێمەنتۆ بۆ فۆرمکردنەوەی کونەکە و بەکارهێنانەوەی بەکار بهێنرێت!. بەکورتی و کرمانجی، ئەوەی تا نهاکە دیارە، قەومی تورک چووبنە هەر جێیەک ( جا بە خۆشی بێت و یان ناخۆشی!)، پاشان دەبنە برابەش یانیش خاوەنی ئەو جێیە! یانیش دەبنە هۆکاری، ئاڵۆزی، کێشە و شەڕ و خوێنڕشتن! بۆ ڕاستی ئەم قسانە: کوردستان، بولگاریا، یۆنان، هیرتسیگۆڤینا و قوبرس، بە نموونە وەربگرن..!
لە ئەوروپایش، لەناو هەلومەرجی دیموکراتیدا،وەک کرێکاری مێوان! لەژێرناوی ، مافی مرۆڤ، مافی کەمایەتی و مافی منداڵاندا، داواکارییەکی بێسنووریان هەیە...

پەرتووکە بەناوودەنگ و گرنگەکەی کۆمەڵناسی تورک (ئیسماعیل بێشکچی) بەناوی ( **تێزی مێژوویی تورک و دۆزی کورد**). پەردە لەسەر گەلێک سیاسەت و کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرێسی ترکان هەڵدەداتەوە، کە چۆن سیستەماتیک لە هەوڵی نەهێشتن و ئینکاری کردنی کورد و کوردستاندا بوون. دەشێت بێپرنگانەوە بگوترێت: بۆ مێژوو و مێژوونووسانی تورک و ئەوجا بڕێک لە ئەوروپییەکان، جێی شەرمەزارییە کە وەها تێز و بۆچوونێکی خەیاڵپلاوی و نازانستی، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا خرابێتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە و بە کارا(پراکتیک) کردن! مەبەستیش تەنیا: توانەوە و نەهێشتن و سڕینەوەی نەتەوەیەکی کۆنئارای وەک کورد و کوردسستانەکەی بێت. لەم کۆڕ و کۆنفرانسانەدا کە لە سالانی سییەکاندا لە ئەنقەرە گیراون، بێجگە لە هەوڵی نەهێشتنی کورد و زمان و نیشتمانی کورد، بەڵکوم بێبنەما و نازانستی لە ژێر سێبەری ( **تێزی ڕۆژ**) دا، ویستوویانە بیسەلمێنن کە زمانی تورکی دایکی هەموو زمانەکانی جیهانە. کولتووره کۆنەکانیش قەرزاربارى کولتووری تورکن. واتە زمان و مێژووی تورک، سەرچاوەی هەرچی زمان و کولتوور و مێژووی مرۆڤایەتییە، ئیدی بە چین و قوبتی و یۆنانیشەوە!!
گلەیی و گازندەیان لە ئەوروپایە، کە گوایە ئەوان دەستەواژەکانی وەک (کورد و کوردستانیان) لە ترکیا خوڵقاندووە! یانیش بە هەڵە لە زاراوە ترکییەکە تێگەیشتوون، بە ترکی (کیورت) واتا گورگ...یانی ئەوانە نەوەی کیورتن (گورگن) نەک کورد.!! یانیش حکایەتی سەیروسەمەرە بڵاو دەکەنەوە کە گوایە: لەو چیایانە بەفر زۆر دەبارێت، کە هەنگاویان بەسەردا ناوە

(کرت..کرت..کرت..) ی کردووە، ئیدی خەڵکی ئەو دەڤەرە خۆیان بە کرت، کرت..کرد و پاشان کورد ناساندووە!
لێمغابن، ئێستایشی لەگەڵدا بێت، سیاسەتی دەستەڵاتدارانی ترکیا، لە خۆڵکردنە چاوی خەڵک و کورد خاپاندن، ئینکاری کردن و تەفرەدان و کێشەبۆنانەوە زیاتر، هیچ هەڵسوکەوتێکی مرۆییانەیان لە هەمبەر بوون و مافی تاکی کورددا نییە!! کەچی لە پارێزگاری مافی کەمایەتییە تورکەکانی وڵاتانی تر و بە تابەتی بە حەق ناساندنی کۆماری تورکی بەتۆپزیی، نیوە دورگە داگیرکراوەکەی قوبرس دەکەن. یان دەخوازن لەناو جەرگەی باشووری کوردستاندا، تورکمانستانێک بخولقێنن! تەنگیان بە وڵاتانی ئەوروپای پێشکەوتوو دیموکرات هەڵچنیووە کە ببنە ئەندامی یانەی ئەوروپا، لێ، وەک سیاسەتی چەند فاقەیی هەمیشەییان، ئەو مافی کەمایەتیانە بە کورد لە وڵاتی خۆیدا، بە ڕەوا نازانن کە ئەوان لە وڵاتانی ئەوروپا وەک کرێکاری میوان داوای دەکەن و فەرزی دەکن!

لێ، بەڕێز ئیسماعیک بیشکچی، بە نەرمی وەڵامی تێزە شۆڤێنییەکانیان دەداتەوە و بە پاتە کردنەوە پێیان دەڵێت: **تێزەکانتان زانستی نین و فڕیان بەسەر ڕاستییەوە نییە، ئەمانە خواستی نەتەوەیی و پەڕگر و شۆڤێنین.خواست و ئاوات و فەرمانی ئیدیۆلۆگین. خواست و ئاواتیش زۆر دوورە لە تێز و باسی زانستی. چونکە زانست پشت بە فاکت و بەڵگەی مێژوویی دەبەستێت نەک بە حەز و ئارەزوو و خەون و خەیاڵی تاک و نەتەوەیی شۆڤێنی.** بێشک ئەم بەڕێزە زۆر جاران بەناوی ( هێلانە پیسکەر و خائین بە تورک و نیشتمان...) دراوەتە دادگا و هەرجارەی بە چەند ساڵێک بەندی تاونبار کراوە. بەڵام هیچ تاوانێک ئەو لە وتنی ڕاستییەکان پەشیمان ناکاتەوە. ئەو دەڵێت:( **ئێوە زانست تاوانبار دەکەن نەک من!**) واتە ؛ ئێوە دادگای زانست دەکەن نەک شەخسی خۆم!.- وەرگێڕ-

ئیسماعیل بێشکچی لە کۆتایی بەشی پێشەکییەکەیدا، دەنووسێت : ئێمە لەم پەرتووکەدا، کار لەسەر دوو دۆز دەکەین: تێزی مێژووی ترک و تیئۆری زمانی ڕۆژ. کار لەسەر ئەوەی دەکەین کە چلۆن زانکۆ ترکیەکان و بازنە زانتسییەکان و بۆچوونی ترکان، بۆ ئەم دۆزانەیان ڕوانیووە و هەڵسەنگاندووە.
ئەنقەرە / فێبروەری 1977
ئیسماعیل بێشکچی

**بەشەکان :**
**1 / مێژووی تورک. ( کە گوایە سەرچاوەی مێژووی مرۆڤایەتی و کولتوورەکانە! / ئەنوەر)**
**کۆبوونەوەکانی کۆمەلەی تورک بۆ لێکۆلینەوە لە مێژووی تورک.**
**یەکەم کۆنفرانس لە /23 بۆ 28 ی ئەپریلی 1930 لە ئەنقەرە.**
**دووەم کۆنفرانس لە 20 بۆ 25 ی سێپتێمبەری 1937 لە ئیستەمبول!**
**سێهەم کۆنفرانس لە 3 بۆ 15 ی نۆڤێمبەری 1943 لە ئەنقەرە**

**تێزی زمانی ڕۆژ ( کە گوایە تورکی دایکی هەموو زمانەکانە!/ ئەنوەر)**
**یەکەم کۆنگرێس لە 5 ی ئۆکتۆبەری 1932 لە ئیستەنبول**
**دووەم کۆنگرێس لە 18 بۆ 22 ی 1934 لە ئیستەنبول**

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت :

**دروستبوونی تێزی مێژووی تورک.**

لە کۆبوونەوەی گشتی کۆمەڵەکانی توركدا لە 23 ی بانەمەڕ(ئەپریل) ی 1930دا و لە ئیستەنبوڵ، نوێنەری هەڵبژێردراوی ئۆرتێس ئەکسارای، خانمی ( پرۆفیسۆر، دکتۆر) عافێت، ئەم قسانە دەکات: {... من دەمەوێت باس لە پەرەگرافی ژمارە 2 و 3 یی کۆمەڵەی تورکان بکەم. لە پەرەگرافی دوودا ئەمە نووسراوە: هۆکاری کۆمەڵەی ترک، بەهێزکردنی هەستی نەتەوەییە. سائەگەر من بەهەڵەدا نەچووبم واتا لە ( تورک و تورکبوون) تێبگەیت و بیزانیت. هێزیش بدەیتە ئەم تێگەیشتنە.

جا بەبڕوای من، بۆ بانگەشەکردنی ئەم هەدەفەیش، خستنە بەردەستی سەرچاوەکانی تورکە لە تزیڤیلیزاسیۆن و مێژوودا. کە وەک ڕۆژی پیرۆزیش ڕوونە. دەبێت ئەمە بزانن و بە دنیاشی بگەیەنن. ئەوەی ڕابردووی خۆ ناس نەکات لە ئێستای خۆیشی نازانێت و داهاتویشی وەندایە.

ئەوەی بنەچەی خۆی نازانێت، نەفرەتی نامۆبوونی لێدەکرێت، هەتا بەهۆی هەندێک بەرهەمەوە بونی خۆی دەسەلمێنێت. من تەنیا مامۆستایەکی مێژووم، بۆیە لیرەدا هەستدەکەم کە زانست لە هەمبەرر مێژووی مەزنی نەتەوەی تورکەوە، هیچ کەموکورتییەکی تێدا نییە. من لەو باوەڕەیدام،ئەوەی کە لە ڕابردوودا و لە خوێندنگە بە ئێمە وتراوە، ئەوە نییە بەهەند وەربگیرێت و هەڵەیشە. بەداخەوە لە پەروەردەدا، کە دەبێت نەوەی نوێ پەروەردە بکرێت، ڕێیەکی هەڵە گیراوەتە بەر و هەتا ئەم ڕۆژانەیش درێژەی هەیە.

زۆر پێویستە کە ئەم ڕێگا تەماوییەی لە ڕابردووەوە بۆمان ماوەتەوە، ڕووناکی بکەینەوە. نەتەوەی تورک و منداڵان بخەینە سەر ڕێیەکی مێژووی نوێی ڕۆشنکراو کە خۆی بگەیەنێتە داهاتوویەکی پڕشنگدار.} لا 6

پاش ئەوەی کە خانمی عافێت، باسی لە ناڕاستی مێژوو کرد، ئینجا باس لە مێژووی تەواوەتی دەکات

{ئەی نوێنەرە بەڕێزەکان. من لێرەدا زۆر بە بوێرییەوە باس لە هەستیاریی و لۆگیکی زانست و ڕاستیی مەزن دەکەم کە لەلایەن زانستکارانیشەوە، ناشێت بەرپەرچ بدرێتەوە. من ئەو ئازایەتییە بەخۆم دەدەم. ، کە سەرنجی هەموو زانایانی دنیا بۆ ئەم ڕاستییە ڕابکێشم.

.دۆستانی زۆر بەرێز، ڕاستی مەزن ئەوەیە کە ـ تورک ـ واتا؛ مێژوو و تزیڤیلاسیۆن.. من دەخوازم باوەڕم لەمەڕ ئەم تێزەوە بە چەند وشەیەک دەربڕم: کۆنترین و باڵاترین و پێشکەوتووترین بنەچەی مرۆڤایەتی، بنەچە و هۆزی تورکە، کە ـ ئەلتای ـ و ناوەندی ئاسیا نیشتمانەکەیانە. ئەوانەی کە تزیڤیلیزاسیۆنی چینیان دامەزراند تورک بوون. سومەر، ئیلام و ئەکادەکانی کە لە میسۆپۆتامیا و ئێران، هیچ نەبێت بەری 7000 ساڵی پێش زایینی، یەکەم ژیاری پێشکەوتووی مرۆڤایەتیان دامەزراند، تورک بوون. تەنانەت دانیشتوانی نیلدێلتا لە میسر کە دامەزرێنەری ژیاری پێشکەوتووی میسر بوون، تورکن. سامی حامۆڕابیی کە لە 2300 ساڵی بەری زاییندا لە میسۆپۆتامیا بە ناودەنگ بووە، ئاسورییەکانی کە دەوورێکی گرنیان لە مێژوودا بینیووە. ـ دۆریرـ ەکانی کە پاشان ناویان بووە ـ گریکی ـ و هەروەک دانیشتوانی کۆنی ئەناتۆلیا ـ و لە پێش ئەوانیشەوە ـ هیتیت ـ ەکانی کە بنەچەی دانیشتوانە کۆنەکەن، تورک بوون..}لا 6ـ 7.

دوای ئەوەی کە خانمی عافێت باس لەو ڕاستییە گەورەیە دەکات، کە زانستی نییە،ئینجا هەوڵیداوە کە بیروبۆچوونەکانی بە بەڵگەوە دەربڕێت:

{ مرۆڤ دەبێت نووسینەوەی مێژووی کۆن لابەرێت. ئەوانە ئاکیین Akeen ، واتا ئاکادیر Akadier ەکان بوون، لە یۆنانی ئەمڕۆدا نیشتەجێ بوون. کە لە ڕابردوودا ئەو وڵاتە ئەکای، یانیش ئاک، ئێلی ناو بووە. ( ئاگا ) یش لە ئاگا زیاتر هیچ مانایەکی تری نییەکە واتا ( برای گەورە ) .ئێگەیش واتا ( ئیگیاس)، کە بە مانای ئیکە و یانیش ئیسی، واتا خوشکە گەورە دێت. ئەم وشانەیش تورکین. ئەوانە ئەوروپی، واتا هیندوئەوروپی و یانیش یۆنانی نەبوون کە ژیاریان لەسەر کرێتا و ئاکای دروستکرد، کە بوونە بناغەی ئەم سەردەمە. ئەوانە سامییەکانیش نەبوون، بەڵکوم ئیتروسکەر Etrusker ەکان، واتا تورک بوون کە بناغەی تزیڤیلیزاسیۆنی لاتینیان دامەزراند.} لا 7

پاشان پرۆفیسۆر سەدری مەقسودی بەگ، دێتە قسە:
{... خانمی عافێت باسی لە دوو بۆچوونی گرنگ کرد. کە مانای ـ تورک واتا تزیڤیلیزاسیۆن ـ و ـ تورک واتا مێژوو ـ دەدات. منیش لە گەڵ هەمان بۆچووندام... بەڕێزان، گەرەکمە ئەو ئازایەتییە بەخۆم بدەم و بۆچوونم لەمەڕ ئەو دوو خاڵەوە دەربڕم. من یەقینم کە ڕاستن. مەبەست لە تورک واتا تزیڤیلیزاسیۆن. لە گەڕان بەدوای سەرچاوەی کولتووری کۆنەکاندا، هەمیشە بە هۆزێک دەگەین کە دەبێت تورک بن. با نموونەی کۆنترین هۆز و تزیڤیلیزاسیۆن وەربگرین: کۆنترین تزیڤیلیزاسیۆن لە میسۆپۆتامیا دامەزراوە. ئەویش لەلایەن سۆمەرەکانەوە.. با نمونەیەکی تر وەربگرین: ئایا دەمەزرێنەرانی تزیڤیلیزاسیۆنی لاتینەکان کێ بوون؟ ئەوانە ئێتروسکەکان بون کە نیشانەکانی تزیڤیلیزاسیۆنی لاتینیان بۆ ئیتالیا برد. ئایا دامەزرێنەرانی تزیڤیلیزاسیۆنی هەزار ساڵی پێش عیسا لە ئەناتۆلیا کێ بوون؟ هەتیتەکان بوون. ئەو بۆچونەی کە هەر هەموو ئەو گەلانە تورک بوون، هینی هەندێک لە زانا ئەوروپییەکانیشە. ئەوەتا، هەروەک دەبینین کە زۆر لە کولتووری کۆنەکان لە لایەن تورکەوە دروست بوون و دامەزرێنراون. بەڕێزان: دەستەواژەی (تورک واتا تزیڤیلیزاسیۆن) ، مانایەکی تریشی هەیە. سا ئەگەر ئێوە بتانەوێت لە سەردەمێک بکۆڵنەوە، ئەوا کارگەری تورک بەسەر ئەو کولتوورەوە هەست پێدەکەن و دەبینن. ڕزگارکەرمان ـ مەبەست لە ئاتاتورکە ، و ـ ئەو ماوەیەی کە هەیەتی بەکار دێنێت بۆ مێژووی تورک. ئەمەیش بە ڕێکەوت نییە. بەڵکوم بە ئەرکی خۆیی دەزانێت کە تورکان لە هەوڵی ئەوەدا بن، ڕێگایەک بۆ مانەوەی بەزیندوهێشتنەوەی تورک فەراهەم بکەن. } لا 6،7 ، 8

پاشان ڕەشید غالب بەگ دەڵێت: { هەزاران ساڵ بەر لە بابیلۆن و کولتووری ئاسور، تورک تزیڤیلیزاسیۆنیان لە مێزۆپۆتامیا دامەزراندووە. ئەمەیش جێی مشتومڕ نییە کە یەکەم ژیاری پێشکەوتوو لە میزۆپۆتامیا لە لایەن تورکەوە دامەزراوە.} لا 8

بێشکچییش لە وەڵامی ئەوانەدا دەنووسێت: { هیچ بنەمایەکی زانستی لەم بۆچوون و باوەڕانەدا نییە و نابینرێت. ئەوان ناتوانن هیچ دۆکۆمێنتێک بخەنە بەر دەست کە دەبێت، سۆمەر، ئیلام، ئەکاد و هتیت تورک بووبن. لەبریتی ڕاستی گوتنی بابەتیانە، باس لە حەز و ئارەزوی تاکەکەسی خۆیان دەکەن. ئەوان دەڵێن: تورک بوون کولتووریان بە دنیادا بڵاو کردۆتەوە. جەغت دەکەن کە گوایە تورک تزیڤیلیزاسیۆنی بۆ چین ، هندستان، میزۆپۆتامیا، میسر ، کریتا ، ئەگایێس، لاتیۆم و ئەناتۆلییێن، بردبێت. بەڵام بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونانەیان،خاوەنی هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو نین. بۆیە شتی وەها ناچێتە سەر. خواست و ئارەزووی کەسیی بە هیچ جۆرێک ناتوانێت ڕاستیبوونی بابەتیانە بسەلمێنێت....} لا 8ـ 9

لیژنەی لێکۆڵینەوە لە مێژووی تورک ، بریتیبوون لە 16 کەس. ئەندام پەرلەمانت ، وەزیر ، پرۆفیسۆری مێژوو و بەڕێوەبەرانی مۆزەخانە. لە 23 ـ 28 ی ئەپریلی 1930 کۆبوونەوە ڕێکدەخەن، بۆ بڕیاریی لێکۆڵینەوەی زانستی لە مێژووی تورک. پاشانیش لە 4 ـ ی یونیدا و بۆ پێکهێنانی لیژنەکە و دەستنیشانکردنی کەسەکان،، بە سەرپەرشتی حەمدوڵلا سۆفی کۆ دەبنەوە. لا 11 ـ 12

لە کۆتایی 1930 دا بەرهەمێک لە ژێر ناوی ( بنەماکانی دیرۆکی تورک ) بڵاو دەکرێتەوە. لە م پەرتوکە 606 پەرەییەدا، کە تەنیا 100 دانەی لێبڵاو دەکەنەوە، هەمدیسان جەغت لەسەر وتار و بۆچوونەکان دەکرێتەوە. لە پاشکۆیەکدا و لە ژێر سەردێڕی ( بۆچ ئەم پەرتووکە بەرهەممهێنراوە ) دەنووسرێت: { بە کورتی لە تایبەتمەندی، بەهێزیی ڕەگ و ڕیشەی تورک کۆڵراوەتەوە. کە مێژووی گشتی مرۆڤایەتی پەیوەستە بە ڕەچەڵەکی ئێمەوە.} لا 15

بەشی یەکەمی پەرتووکەکە: پاشکۆیەک بۆ مێژووی مرۆڤایەتی.

بەشی دووەم : پاشکۆیەک بۆ دیرۆکی تورک.

بەشی سێهەم : باس لە چین.

بەشی چوارهەم : باس لە هندستان

بەشی پێنجهەم : خالدی ، ئیلامیەکان و ئاسوری.

بەشی شەشهەم : باس لە میسر

بەشی حەوتهەم : ئەناتۆلین

بەشی هەشتهەم : ئاگایێس.

بەشی نۆهەم : ئیتالیا و ئیتروسکە

بەشی دەهەم : ئێران

بەشی یازدەهەم : ناوەڕاستی ئاسیا

{لەهەموو بەشەکاندا باس لەوە دەکرێت کە تورک دامەزرێنەری تزیڤیلیزاسیۆن و کولتوورەکانن . لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو هەموو لاکانی دنیا بڵاو بۆنەتەوە. جەغت دەکەن کە لە ناوەڕاستی ئاسیا و لە لایەن تورکەوە، کولتوور و تزیڤیلیزاسیۆن بە چین ، هندستان ، میزۆپۆتانیا ، میسر ، ئەگاییێس ، ئیتالیا ، ئەناتۆلیا و ئێراندا بڵاو بۆتەوە..} لا 17ـ 18

لە زۆر دەربڕیندا دەکەونە ناتەبایی لەگەڵ بانگهێشتەی بەدنیابوونی تورک.

بۆ نموونە دەنووسن:{ بە پێی تێزیی مێژوویی تورک، چونکە تورک سەرچاوەی هەموو کولتوور و تزیڤیلیزاسیۆنەکانی دنیان، بۆیە تورک دەبایە ئەو وڵاتانی تورکانەی داگیر بکردایە.} لا 18 ـ 19

یان{ تورکان زۆریان لە میللەتانی داگیرکراو کرد کە هاوبەشی ئەم ڕەوتی داگیرکردنە بکەن.بۆ بەئاکام گەیشتنیش زۆر پێویست بوو کە ئەوان ـ میللەتانی داگیرکراو!ـ سوود لە زانستی تەکنیکی تورک و پێشکەوتنەکانیان وەربگرن...} لە لایەک ڕەچەڵەکی گەلانی دنیا دەگێڕنەوە بۆ تورک و پاشانایش باس لە گەلانی داگیرکراو دەکەن کە پێشوازی لە کولتووری داگیرکراوی تورک بکەن!

ئیسماعیل بێشکچییش لە وەڵامی ئەم بەدنیابوونی تورکانەدا، بە تەوسەوە دەنووسێت{ کەواتە تورک زمانی خۆیان لە بیر چۆتەوە، ئاسیمیلێربوون و بوونەتە کورد.}لا 20

بەم شیکردنەوەیە بێت، ئەم کوردەی کە ئیستاکە هەیە، تورک بوون. لە زمانی ئەسڵی خۆیان دووركەوتوونەتەوە. بە زاراوەیەک قسەیان کردووە، کە ئیدی پێی دەڵێن کوردی. وەک تێزە

باناوبانگە شۆڤێنیەکەی کە گوایە : ئەم هۆزە کۆچەریانەی بە زاراوەیەکی تورکی دەپەیڤان و لە چیا سەختەکاندا دەژیان، چونکە لەوێکانەدا بەفر زۆر دەبارێت. ئیدی کە هەنگاو دەنرێت، لە ژێر پێدا ئاوازی ـ کررت، کررت، دروست دەبێت، ئیدی ئەو خەڵکە خۆیان ناوناوە، یانیش ناویان لێنراوە ( کرت ) و پاشان بە درێژایی مێژوو بۆتە کورد !. ـ وەرگێڕ ـ

لە ساڵی 1931 دا و لە لایەن کۆڕی لێکۆڵینەوە لە مێژووی تورک ، چوار بەرگی پەرتوکی مێژوو، بۆ چوار قۆناغی خوێندن چاپ و بڵاو کراوەتەوە. کە لە هەر دانەیکیش 3000 هەزار چاپ و بڵاو کراوەتەوە. هەندێک لەوانەیش پێنج جار چاپ کراونەتەوە.لا 21

1/ پێش دێرۆک و سەردەمی دێرۆک

2/ سەدەکانی ناوەڕاست

3/ مێژووی عوسمانی ـ تورک، لە چاغی نوێدا

4/ کۆماری تورکیا

هەریەک لەم پەرتووکانە 350 بۆ 400 لاپەڕەیە. ئەوجا هەندێک نەخشە و 100 بۆ 150 وێنەیش. هەر دانەیەکیان 3000 هەزاری لێچاپکراوە. پاشانیش بە هەندێک گۆڕانی کەمەوە چاپکراوەتەوە. هەندێکیشیان بۆ پێنجەم جار چاپکراونەتەوە. لە پێشەکی ئەم پورتووکانەدا، باس لەوە دەکرێت کە خەباتێکە بۆ بەرهەڵستیکردن لە سڕینەوەی ناوی تورک:

{ هەتا نهاکە مێژووی تورک، یەکێک لەو کەمترین بابەتی لێکۆڵینەوانە بووە لەم وڵاتەدا. دێرۆکناسە کۆنسەرڤەتیفەکان لە ئاکامی هەزاران ساڵی دوژمنایەتی نێوان ئیسلام و کریستدا، تورکان وەک سەرکردەی ئیسلام و مێژووەکەیشی بە مێژووی خوێناوی بقەبڵێنن. لەلایەکی تریشەوە، مێژووناسانی تورک و ئیسلام، کولتووری تورکیان لەتەک ئیسلامدا تێکەڵ کردووە. هەوڵیانداوە کە ئەو هەزاران ساڵانەی بەری ئیسلام ، لەسەر ئیسلام و سیاسەت و پەیڕەوی ئیسلام حسێب بکەن و لەبیر بچێتەوە. هۆکاری سێهەمیش ئەوەیە کە بەر لە ئێستا، عوسمانییەکان دەیانویست لە هەموو گەلەکانی ژێر ڕکێفی عوسمانیدا، نەتەوەیەک بخوڵقێنن. ئائەمانە بوونە ئەو هۆکارەی کە ناوی وشەی تورک نەهێنرێت. ئینجا نەک هەر مێژووی نەتەوەیی خراوەتە پشت گوێ، بەڵکوم لە زۆربەی پەرتووکەکانی مێژوودا لابراوە.} لا 21 / 22

بێشک ناوەڕۆکی پەڕتوکەکان، هەر هەمان بیروبۆچوونی نازانستی و شۆڤێنی و خەیاڵپڵاویەکانە! ئیسماعیل بێشکچی لەم بارەیەوە دەنوسێت: { ئایا هۆکاری ئەم زیادەڕۆییە، سەرلێشێواندن و دۆگما بەهێزەی مێژوونووسانی تورک چییە..؟ دەکرێت بگوترێت ؛ هەر ژبیری کەن. لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمداو سەردەمی عوسمانی، بێنرخی لەهەمبەر تورکان کراوە. بۆیە تورک پێویستی بە ڕۆحێکی نوێیە . ئیدی هەموو شتێک بە ڕەوا دەزانێت. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دەربڕینانە زانستی نین، بۆیە پشتیان پێنابەسترێت.} لا26 / 27

بێشکچی دەبێژێت:{ ئیدی زانست گرنگ نەبووە، بەڵکوم ئیدیۆلۆگی فەرمی..} لەمەڕ ئەو تەڤلەهەڤی ئیدیۆلۆگییەی کە هەموو گەلانی ئەو ناوچەیە تورک بوون و تورکن، بێشکچیّ دەنووسێت: { بەڵگەی زانستی پێویستی بە تایبەتمەندیی بەڵگە و چەسپاندنە چ بۆ قبوڵکردن و چ بۆ بەرپەرچدانەوەیش. لە سەرەتای سەدەی بیستهەمەوە ئەوە ڕوون بۆتەوە کە سومەر ، هتیت، ئیلام و ئەکادەکان لە گەلانی نیشتەجێی ڕۆژهەڵاتی ناوینن و هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان لەتەک تورکدا نییە. بۆ نموونە: لە جەنگی جیهانی یەکەمیشەوە ئەوە ئاشکراو ڕوونە کە هتیت، ئاسور و سۆمەر لە ڕەگەزی هیندوئەورووپین و عیلام و ئەکاد و خالدیش دەگەڕێنەوە بۆ بنەچەی سامی...

بۆیە ئەوجۆرە بۆچوون و خواستانە باس لە ڕاستی ناکەن، بەڵکوم لەسەر بنەمای خواستی کەسی ـ سوبیەکتیڤ ـ و ڕابەرە سیاسیەکان بەڕێوە دەچێت.. بۆیە جێی سەرسوڕمانیش نییە کە ئەم بەڵگە نازانستیانە بە زانستی تەخمین بکرێن....} ل27./ 28

بێشکچی دەنووسێت:{ ئیدیۆلۆگی دەبێتە ئامێری بەرهەمی زانستی.بەڵام ئەو بۆچوونانەی کە بنەمای ڕاستیان نەبێت، هەرگیز ناتوانن زانست بەرهەم بێنن.. ئیدیۆلۆگییەکان هەوڵدەدەن کە وەهای دەربخەن، ئەوان زانست دەگەیەنن. بەڵام لە ڕاستیدا لەوەندە زیاتر ناکەن کە ئەو زانستەی ئامادەیان کردووە پاتە دەکەنەوە} ل 28 .

زیا گۆکالب کە یەکێک لە ئیدیۆلۆگیستەکانی پان تورکیزم بووە، لە هەڵبەستێکی درێژدا کە تورک دەکاتەوە بە خاوەن و بنەچەی هەموو گەلەکان دەنووسێت: { سوپا سپییەکەمان بەلای چەپدا ڕەوی کرد و سێ ئیمپراتۆری دەمەزراند
مید ، سومەر ـ ئەکاد و هتیت، کە ئەوانە سێ هۆزی ئێمە بوون....هتد} ل 30 .

هەر ئەم زیا گۆکالبە دەنووسێت:{.. ئەم تێزی مێژووی تورکە ڕێکوپێکتر و ووردتردارێژراوە لەو ـ تورکچێتی ـ و ـ تورانیزم ـ ی کە لە 1910 دا پێکهات....} ل 31

**یەکەم کۆنگرێسی مێژووی تورک**

لە سەرەتای مانگی ئەپریل/ بانەمەڕی 1931دا، کۆمەڵەی تورک هەڵوەشێنرا. ئەو لیژنەیەشی کە هەبوو، مافی یاساییان لەدەستدا. پاشان لە 15 بانەمەڕی 1931 دا( کۆمەڵەی بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی تورک) دامەزرا.
بێشکچی دەنوسێت:
لە سەرەتای ساڵی 1935 دا کۆمەڵەی لێکۆڵینەوە لە مێژووی تورک، ناوی گۆرا و کرا بە ئەنستیتوت بۆ مێژووی تورک.ل 31.
یەکەم کۆنگرێس بۆ مێژوو کە لە 2 بۆ 11 ی یولی 1932 دا و لە ئەنقەرە بەسترا، قۆناغێکی زۆر گرنگ بوو بۆ برەودان بە تێزی مێژوویی تورک. وەزیری کولتوور ـ عیزەت بەگ ـ بە وتارێکی دوورو درێژ کۆنگرێسەکە دەکاتەوە. هەمدیسان دەکەوێتەوە قسەی نازاستی و دوور لە ڕاستی. بۆ نموونە دەڵێت:{ ئاشکرایە کە مێژوو بنەمای هەموو کولتوورەکانە. تەنیا لە دێرۆکەوە میللەتێک دەتوانێت لە ڕابردووی خۆی بەئاگا بێت. لە بارەی بناغە و ڕابردووی وڵات ، زمان ، وێژە و هونەریەوە..لە بارەی هەبوونی کۆمەڵگا و سیاسەت، پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکانیەوە.
ڕەسەنترین ئەو پەڕتووکە وەرگێڕدراوانەی کە هەتا ئەمڕۆکە ئێمە دەیانناسین، هەر زۆر دوور بوون لە مەبەستی ئێمەوە. کە باس لە ڕاستی و بوونی نەتەوەی تورک و خزمەتەکانی لە تزیڤیلیزاسیۆنی دنیادا بکات. بەڵام ئێمە ئەگەر بە پێی ناوەڕۆکی ئەو پەرتووکە مێژووییە بڕۆین، ئەوا ئاشکرا دەبێت ، ئەو کاتەی تورک پێش لە 1200 ساڵی بەری زایینی، واتە سەدەی بەردین، لە نیشتمانەکەیاندا کە ناوەندی ئاسیایە ژیاون، ئەوا هەر ئەم ڕەوتە لە کن ئەوروپییەکان پێنج هەزار ساڵ دوای ئەوە بووە.. ئەوساتەی هێشتاکە مرۆڤ لە سەر دار و لە کون و ئەشکەوتەکاندا دەژیان، ئەوا تورک تەختە و میتاڵیان وەبەر هەم و بەکار هێناوە. ئاژەڵیان ڕاهێناوە و زەویان کێڵاوە .. هەر ئەو تورکانەی کە بەری 7000 ساڵ ژیاون، زەویان کێڵاوە و گاومانگایان ڕاهێناوە، ئاڵتون، مس و فافۆنیان دۆزیوەتەوە ،لە ناوەندی ئاسیاوە بەربڵاو بوونەتەوە. لە ئاسیا تزیڤیلیزاسیۆنی چین و هیند، لە زەوی پیرۆزیی ئەناتۆلیاش هتیت و لە

میزۆپۆتامیاش تزیڤیلیزاسیۆنی سۆمەر وئیلام . لە کۆتایشدا، تزیڤیلیزاسیۆنی زەریای ناوەند و ئینجا ئێگێیت و ئەوجا بنەماکانی تزیڤیلیزاسیۆنی ڕۆم. ئابەمجۆر ئەوروپایان لە ژیانی ناو کون و ئەشکەوتەکان ڕزگار کرد، ئەو کولتووره بەرزەی کە ئێمە ئەمڕۆکە نرخی بۆ دادەنیین. لێکۆڵینەوە ئەرخۆلۆگی و ئەنترۆپۆلۆگی و ئیتۆگرافیەکانی زاناکان، ئەوە دەردەخەن کە ئەو هۆزە تورکانەی لە ناوەندی ئاسیاوە هاتوون و بە هەموو لایەکی ئەوروپادا بڵاو بوونەوتەوە، یەکەم تزیڤیلیزاسیۆنیان دروست کرد. لێکۆڵینەوە ئەرخۆلۆگییەکانی (هاراپا و مۆهینکۆدۆرۆ) پیشانیان داوە کە تزیڤیلیزاسیۆنی هیند لە لایەن هۆزەکانی تورکەوە دامەزراوە. یەکێک لە بەهێزترین و گرنگترین بەڵگە ، لە هەمبەر دامەزراندنی تزیڤیلیزاسیۆنی گێتی لە لایەن تورکەوە، زمانی تورکییە. لێکۆڵینەوە ئیتمۆلۆگی و مێژویی و ئەردنیگاریەکان ، بەڵگەی سەلماندنن کە زمانی تورکی، زمانی بناغەیە. مانای گەلێک لە وشەکان و ناوی هەندێک لە شار و ڕووبارەکان، بەڵگەیەکن کە ناکرێت بەهەند وەرنەگیرێت و نەبینرێت.,} لا 32 /33

سکرتێری گشتی کۆمەڵەی تورکی بۆ لێکۆڵینەوە لە تێزی مێژووی تورک، دوکتۆر رەشیت گالب بەی، وتاربێژییەکی درێژ پێشکەش دەکات . لە وتاربێژییەکەیدا لەژێر سەردێڕی ـ سەرنجی هەمەلایەنەی مێژووی ڕەگەزی تورک و کولتوور ـ . بە پوختی دەڵێت:{.. مێژوو نووسینەوە لەسەر بنەمای بەڵگە ـ دۆکۆمێنت ، و ـ ڕادەوەستێت. لێ، مرۆڤ دەکارێت بەڵگە بدۆزێتەوە، ئەگەر لە دووی بگەڕێت. لەسەر ئەم بنەمایە کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی دێرۆکی تورک، یانەیەک لە لێکۆڵەرەوان و کەسانێک دروست دەکات. هەتا میتۆدی لێکۆڵینەوەکەیش چڕوپڕ و زانستی بێت، هەستی خواست و ئەرک زۆرتر دەکات. ئیدی ئەورۆژەیش نێزیکتر دەبێتەوە کە ئێمە تێیدا، لەبارەی مێژوویی کۆن و نوێی نەتەوەییمانەوە، لە ڕاستیی بەئاگا دەبین. بەناوی هەموو تورکێتییەوە سڵاو لە بەناوودەنگترین (ڕاستیی) و سەرکردەی مەزن دەکەم. وە بە سوپاسگوزارییەوە چونکە ئەو ڕێگەی ڕاست پیشانی ئێمە دەدات.} لا 33

ئەم بەڕێزە لە هۆش و گۆشی زانستی دەردەچێت. دوور لە زانست و ڕاستی و لەبۆچوونی شۆڤێنی و دەمارگیرییەوە شوڵی لێهەڵدەکێشێت ـ و ـ{..تورکان خۆیان بە ناوەندی ئاسیادا بڵاو کردەوە. ئیدی لەوێوە بەردی بناغەی پێشکەوتنیان بە چین ، بە زەوی پیرۆزی ئەناتۆلیا، بە میزۆپۆتامیا، بە سۆمەریا بە عێلام و میسر و ڕۆمدا بڵاوکردەوە....} لا32

پێشەکی؛ ئەم قسانە نەک هەر ڕۆشنبیرێک و بابایەکی کۆلکە خوێندەوار، بەڵکوم خوێندکارێکی سەرەتایش باوەڕیان پێناکات. بە پێی قسەکەی ئەو بێت: ژیان و ژیاری لەبار و پێشکەوتوو لەو وڵاتانەدا نەبووە! بۆ بەدرۆ خستنەوەی ئەم فەرمایشتانە زۆر پێویستە چاوێک بە وتاری (کرۆنۆلۆگیای مێژووی تورک) دا بخشێنرێت.* ئەگەر بە ووردی بیر لە هەموو بۆچوونەکان بکرێتەوە، ئەوان ئەو هەموو ناڕاستییەیان وتووە و نووسیووە، تەنیا لەبەر ئەوەی لە دووتوێی تێزەکانیاندا، بوونی وشەی کورد، کوردستان ، میزۆپۆتامیا ئینکار بکەن. با لە بەشێکی تری هەمان وتار بڕوانین ـ و ـ:{.. تزیڤیلیزاسیۆنی میزۆپۆتامیا،کە هەتا ماوەیەکی بەر ئێستا بە تزیڤیلیزاسیۆنی سامی و دانیشتوانەکی دەقەبڵێنرا، لە ڕاستیدا ئەرکی زۆر بەر لەوانە نەک هینی خەڵکەکەی ئەوێ و یانیش سامی. ژیاری پێشکەوتووی ئەوێکانە و خەڵکەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ئاسیا. نوێنەری ئەو گەلانەیش کە سۆمەرن، ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ توران. زاراوەیەک کە لە ئیستادا بیانییەکان کەیفیان بە بیستنی نایەت. بەڵام ئێمە ڕاستیەکەیشی دەڵێین؛ ئەوانە سەر بە ڕەگەزی تورکن..} لا 34ـ 35 .

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت: دوای ئەوەی کە دوکتۆر ڕەشید گالب ئامازەی بە ئەگەری دامەزراندنی تزیڤیلیزاسیۆنی ئێگێبت و ئاگاییێس دا، لەلایەن کۆچەرانی تورکی ناوەڕاستی ئاسیاوە، ئینجا دەڵێت: دامەزرێنەرانی تزیڤیلیزاسیۆنی (ڕۆم) یش هەر تورک بوون.
ئیسماعیل بێشکچی لە پەراوێزدا دەنووسێت: سەرنج بدەنە بابەتەکەی یوسف زیا بەی لە یەکەمین کۆنگرێسی مێژووی تورکدا، لەژێر سەردێڕی ( پەیوەندی ئایین و خواکانی ئەگێبت لەتەک تورانچێتیدا) . لەو بابەتەی کە تێیدا دەڵێت: تورکان تزیڤیلیزاسیۆنی ئەگێبتیان دامەزراندووە. لەوێکانەدا جەغت لەوەی دەکرێت کە بنەچەی خواکانی ئەگێبت تورکن. زمانی فەرمی ئەگێبتەکانیش تورکی بووە.

ئەم وتاربێژانە کە خۆیان بێپرنگانەوە، سوکایەتی بە گەلان و کولتوور و زمانی کۆنئارای دنیا دەکەن. میسر و ڕۆم و چین و میزۆپۆتامیا و هندستانیش دەتورکێنن. ئینجا ڕەشیت گالب بەی دەنووسێت ـ و ـ:{.. ئەگەر بێت و ئەو هەموو نووسینەی کە ماوەیەکە لە ئەوروپا و ئەمریکا ، وەک شتێکی ناباوەڕی و خەیاڵی، لەمەڕ تورکەوە نووسراون، کۆبکەیتەوە، بێشک دەبێتە پەڕتووکخانەیەکی گەورە. بەوەی کە ئەم بابەتانەیش گوێیان لێگیراوە و لە خوێندنگە و وشەدانەکاندا جێیان بۆتەوە، بێباوەڕی و بێبەڵگەیی ئەوانە دەردەخات. لێرەدا باسی یەکێک لەو سەرچاوە سەیرو بەڵام نوێیە دەکەم، بەناوی پەرتووکی ساڵ. سەرنجتان بۆ سەرچاوەیەکی ناباوەڕ ڕادەکێشم کە چیان لەبارەی وشەی ـ تورک ـ ەوە نووسیووە: لەوێدا هاتووە کە وشەی تورک لە وشەی عارەبی ـ توکۆر ـ وەرگیراوە. وشەیەک کە بە مانای ڕێگر و چەتە دێت. بەڵام چ لە زمانی کۆن و چ لە زمانی نوێی عارەبی و زمانە خزمەکانی وەک سامیشدا، وشەیەکی وەها نییە. ئەم وشەیە بە مەبەست داتاشراوە کە دیاردەی بێشەرمی و بێئابرووی کەسەکەیە.....} ل36

لە بەشێکی تری هەمان وتاردا هاتووە {... نووسەرانی زۆر ، دوای لێکۆڵینەوە گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە هەلومەرجی هونەری تورک لە میزۆپۆتامیا، ئێگێبتن، ئاسیای بچوک و لێوارەکانی زەریای ناوەند، کارگەریان هەیە. ( بەشی تورک لە هونەری ئیسلامیدا، کۆنترین بەشداریی هونەری تورک لەسەر هونەری ئەوروپی ـ کریست، جێدیاری هونەری تورک لە ئەوروپای نوێدا، هونەری تورک لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا) شایانی پرسن. ئەی پەروردەکارانی کارامەی کە لە زانکۆکان و خوێندنگەکاندا کاردەکەن، ڕاستی لە کن ئێوەیش و ئێمەیش حەتمییە. مرۆڤێک کە خوێنی تورک بێبڕانەوە بە دەمارەکانیدا دەگەڕێت، ناتوانێت شکی لەم ڕاستیانە هەبێت.} ل 38

بێشکچی بۆ ئەو قسانەی سەرەوە دەنووسێت:{..تورکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە، دامەزرێنەری چین ، هندستان ، مێزۆپۆتامیا ، میسر ، ئەناتۆلیا، ئەگاییێس ، کرێتا و ڕۆمن. ئەوجا دانیشتوانی ئەسڵی میزۆپۆتامیا و ئەناتۆلیایش تورک بوونە. باشە بێجگە لە خواستی تاکە کەسی چ بەڵگەیەکی تری زانستی لە قسەکانی دوکتۆر. ڕەشید گالب بەگدا هەیە؟ چ هۆکارێک پاڵی پێوە دەنێت کە وەها زانیارییەکی ناڕوون و نا ڕاست بدات؟ هێندەیش وشەی ـ زانستی ـ بەکار دێنن کە نرخی ڕاستی خۆی لەدەستداوە. چونکە بابەتەکان زانستی نین، بەڵکوم ئیدیۆلۆگی فەرمی دەستەڵاتە.... ئەگەر مرۆڤ پرس لە ڕاستێتی بکات، وەڵامەکەیان ئەمەیە : ئێستا ئەوەیە کە مستەفا کەمال بیری لێدەکاتەوە. بەڵام ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە هەڵوێستی زانستییەوە نییە...} ل 39ـ 40 .

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت: ئیدیۆلۆگی فەرمی حکەمەت دەستەلاتی تەواوی بەسەر بیریی زانستیدا هەیە. بێجگە لە ئیدیۆلۆگی فەرمی دەوڵەت، هیچیتر نەوتراوە و جێی باوەڕ نەبووە و ڕەخنەیش نەگیراوە. چونکە **تەرازوی راستێتی لە زانستدا، بەڵگەیە. کەسایەتی ناتوانن تەرازوی ڕاستێتی بن.** دوکتۆر ڕەشیت گالب لە قسەکانیدا مستەفا کەمال بە ( سونبولی بەناوبانگی راستی) دەناسێنێت. ڕستەکەیش وەسایە:{ بەناوی هەموو تورانییەوە سڵاو لە سونبولی بەناوبانگی ڕاستی،سەرۆکی مەزن، لەگەڵ ڕێز و سوپاسگوزاریماندا، کە هەمیشە ڕێگای ڕاستمان پیشان دەدات...} ئەم جۆرە هەڵوێستە، هەموو کارە زانستییەکانی کەسەکە تێدا دەبات. هەر خۆی هەڵسوکەوتەکان لە مرۆڤێکی دەستەڵاتدار، دادەماڵێت و دەیکاتە پەیامبەر و یانیش کولت ـ وەک بت . و ـ دەکرێتە کەسێک کە شایانی پەرستن بێت. لێ، ئەگەر مرۆڤ پرس لە ڕاستێتی بکات، وەڵامەکەی وەهایە: هەنوکە ئەوەیە کە مستەفا کەمال بیری لێدەکاتەوە. بەڵام ئەمە هیچ پەیوەندییەکەی بە هەڵوێستی زانستییەوە نییە. تاک ناتوانێت لە پرۆسێسی زانستیدا قیاسی راستی و ڕاستێتی بێت. چونکە تەنیا قیاسی ڕاستی بەڵگەکان خۆیانن. لا 39/40

لە درێژەی وتارەکەدا هاتووە:{...بەرێزان...هیچ ڕاستییەک لەم دنیایەدا نییە کە بەرپەرچ نەدرێتەوە. بۆیە وادیارە ئەو ئەگەرە جێی باوەڕ بێت کە هەندێک کەس لەوباوەرەیدان: هەر هەموو دنیا تورک بوون و کەچی کەسێک نەیزانیووە. کەچی هەر ئەم بابەتە ڕۆژ بەڕۆژ لە ڕاستییەوە نێزیک دەبێتەوە. ئایا لە مێژووی نوێماندا گرنگی بە وەها سەلماندنێک نادەین؟ بە پێچەوانەوە. تێز هەیە کە دەڵێت: سەرچاوە و ڕەگ و سەرەتای هەموو تزیڤیلیزاسیۆنەکان، بەرزاییەکانی ناوەندی ئاسیان. وە دامەزرێنەری ئەم تزیڤیلیزاسیۆنەیش تورک بوون. نموونەیش هەیە کە مێژووی 10000 ساڵە و تەنانەت کۆنتریش بە زیادەڕۆیی دەزانن. وەها هەڵسوکەوت دەکەن، هەر دەڵێیت تێگەیشتنیان بۆ کات نەبێت . ئەوە ڕزگارکەرە مەزنەکەمانە کە لە سیاسەتی جیهانی ئەمڕۆکەدا، ژیانێکی نوێی بە ڕەگەزە مەزنەکەم بەخشیەوە. هەر جەنابیشیان بوون کە بوونێکی ناودار و شایان بە ژیانی بە ڕەگەزە لە خۆربووەکەم بەخشی.( چەپڵە!!) }

ئیسماعیل بێشکچی درێژەی پێدەدات :... بێلایەنی و سەربەخۆیی لە زانستدا،بەو مانایە نایەت کە گەورەیی ڕەگەزێک بە سەر رەگەزێکی تردا بکرێت. ئەوە بۆچوون و ڕایەکی هەڵەیە لە بێلایەنیدا. بێلایەنی لە زانستدا بەو مانایە دێت کە بابەتی بیت. بابەتیبوونیش بەو مانایە دێت، وەها لە ڕاستییەکان تێبگەیت و ئاراستەیان بکەیت وەک چۆن هەن. تاکەکان بۆیان نییە کە بۆچون و ڕا زانستییەکانیان لەتەک ڕاو حەز و خواستی تایبەتیتدا کە گوایە ( دەبێت وەها بوایە) دا تێکەلاو بکەن. تاک ناتوانێت خواست و داواکانی خۆی بخاتە جێی بابەتی ڕاستی.. دەستەواژەی بابەتی جێی بۆ پێداهەڵدان و ڕەخنەیش نییە. چونکە ئەگەر ئەم زاراوەیە ، بەمانا تەواوتیەکەی خۆی بەکار نەبرێت، گەیشتن بە کۆتاییەکەی زانستی نارەخسێت. ئەوەتا لێرەدا، لە بریتی شیرۆڤەکردنی بابەتیانە و هەڵویستی گونجاوی ڕاستی، هۆکاری دەروونی دێنە بەر باس. بۆ نموونە، دەخوازرێت کە لەلایەن ئەویترەوە پێدا هەڵبدرێت. بۆ ئەم مەبەستە ئەو زانایانەی کە بە تورکدا هەڵدەڵێن بە ( زانای ڕاستیی) ناودەبرێن و ئەوانەیشی کە پێداهەڵدان ڕەت دەکەنەوە بە ( نە بێلایەن) ناویان دەبرێت، .. لا46 / 47

بێشکچی دەبێژێت:..یەکێک لەو هۆکارانەی کە قسەکانی دکتۆر ڕەشید گالب بەگ و ئەوانیتر،بە دۆگما، ئینجا بە پەسەند و زانستی نازانرێت ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەکانیان بە ـ لێکۆڵینەوەی بنبڕ و کۆتایی ـ ناوزەد دەکەن. لێ ئەمە ڕاست نییە. چونکە لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا، بڕیاری بنبڕ و کۆتای نییە. مرۆڤ و کۆمەڵگاکان دەربارەی سروشت،دێرۆک، کۆمەڵگا و مرۆڤ، پەرە بە

زانستەکانیان دەدەن. کە لە پرۆسێسی زانیندا پەرە بە دۆزینەوە و لێکۆڵینەوەی نوێ دەدرێت. بەتایبەتی هەمیشە بەڵگە و دۆزراوەی نوێ، دەتوانن سەرنج و ڕوانگەی لێکۆڵەر لە هەڵسەنگاندنی راستیدا بگۆڕن. بەتایبەتی، هەمیشە دۆکۆمێنتی نوێ و دۆزراوە ، دەتوانن ڕوانگەی زاناکان لە هەمبەر هەڵسەنگاندنی ڕاستییەوە لە دێڕۆکدا بگۆڕن. لەبەر ئەم هۆکارە ناکرێت کە هەندێک لێکۆڵینەوەی بە کۆتایی ئاکام وەربگیرێت..... } لا 47

دوکتۆر ڕەشید گالب دەنووسێت: { ..تەنانەت لە هەمبەر فیگوریشەوە، گەورەیی، ڕندیی ، یانیش ناشیرینی ڕەگەزەکەمانەوە، نووسەرانی ئەوروپی تەواو سەرگەرم کردووە. لەسەرەتاوە باسی ئەوەمان کرد کە لە هۆکاری سروشتی ئەنترۆپۆلۆگییەوە، کە کۆتایی لێکۆڵینەوەیان بەئاکام گەیاندووە، ئێمە منداڵانی بنەوبنەچەی هەموو ژیارە پێشکەوتووەکا ـ تزیڤیلیزاسیۆن ـ نین، ئەوانەی ئەڵپیش.} لا 48

ئەو وشە بەکارهاتوانەی ئێرە، وەک ( ئاکامی کۆتایی لێکۆڵینەوە) ، ناوەڕۆکی زاستیان نییە، بەڵکوم هۆکارێکن بۆ باوەڕ بەخەڵک هێنان و کارکردنە سەریان.

ڕەشەید گالب لە درێژەی وتاربێژییەکەیدا دەڵێت{.. ئەی پەروەردەکەرانی بەنرخ و بەڕێز. ئەی ئەوانەی کە لە زانکۆکان، خوێندنگەکان. ناوەندی و ئامادەییەکاندا وانە دەڵێنەوە. ڕاستی لە بەرامبەر ئێوەدا و بە بەهێزییەوە وەستاوە! ئەوەی کە خوێنی بێکۆتایی و ماندونەبووی تورک لە دەمارەکانیدا بسوورێتەوە، ناتوانێت شکی لەم ڕاستییە هەبێت...} لا48

بێشکچی دەبێژێت: وەک مرۆڤ دەیبینێت ، لێرەدا باس لە ڕاستییەکی نەگۆڕ و چەسپاوە. کە نابێت شکت لێی هەبێت. لەوە زیاتریش دوترێت و بە خەڵکەوە دەبەسترێتەوە: بەو مانایەی ئەوەی شک لەم ( ڕاستییە) بکات، خوێنی ترکی تێدا نییە. گرنگترین تایبەتمەندیی زانست ئەوەیە کە ڕەخنەلەخۆگرە. تەنانەت ئاکامی بڕیاردەریش دەخاتە گومانەوە. ئەوە میتۆدێکی ڕەخنەییە. شک و ڕەخنە. ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن، گەشە بە زانست دەدەن و نوێشی دەکەنەوە. داواکردن لە نەبونی شکوگومان لە زانینێک، ڕەوشت و تایبەتمەندی زانست نییە. بەڵکوم خواست و تایبەتمەندیی ئیدیۆلۆگی و دێماگۆگییە.. ئیدیۆلۆگی زانیارییەک دێنێت و داوادەکات کە خەڵکی باوەڕی پێبکەن و پەیڕەوی بکەن...... ئەو ڕاستییەشی کە لێرەدا باسی لێوە دەکرێت، بە کورتی بەو مانایە دێت کە : ژیاری تزیڤیلیزاسیۆنی ڕۆژهەڵاتی دوور، واتە، هندستان ، چین ، میزۆپۆتامیا ، میسر ، ئاگایێس ، لاتیۆم ، زریای ناوەند ، ئەناتۆلیا و هەر هەموو کولتوورە کۆنئاراکان ، لە لایەن تورکەوە دامەزراون. ئەم جۆرە بۆچوونانە هەر زۆر دوورن لە میتۆدی زانستییەوە..لا 48/ 49

دوکتۆر ڕەشید بەی دەنووسێت:{...ڕاستی لەپێش ئێوەدایە و بۆ ئێمەیش چەسپیووە! ئەوەی کە خوێنی تورک بە دەمارەکانیدا دەگەڕێت، ناتوانێت شکی هەبێت.} لا 49

بێشکچی دەنووسێت: ئابەمجۆرە باس لە دۆگمایەکی فەنتازی و ئیدیۆلۆگی فەرمی دەوڵەت دەکات. ئەو ( ڕاستییە) ی کە لێرەدا باسی لێوە دەکرێت، بەکورتی بەومانایەیە : تزیڤیلیزاسیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور، هندستان، چین، پیزۆپۆتامیا، ئێگێبتن، ئاگایێس، لاتوم، زەریای ناوەند، ئەناتۆلیا و هەر هەموو کولتوورە کۆنئاراکان لە لایەن تورکەوە دامەزراون. کە ئەو تزیڤیلیزاسیۆنانەی لە لایەن هۆزە تورکەکانی لە نێوەندی ئاسیاوە هاتون، کە هتیت، سۆمەر و

هتد..بنەچەیان تورکە. سکرتێری گشتی کۆمەڵی لێکۆڵینەوە لە مێژووی تورک، شکوگومان ناهێڵێتەوە کە ( ڕاستی) لە ڕێگەی زانستەوە وەرگیراوە. ئەو ڕاستییە دەبێت، ڕاستییەکی شایان نەگۆڕ و چەسپاو بێت. هیچ مرۆڤێکیش ناکارێت بیخاتە ژێر گومانەوە. ئەگینا دەبێت پرس لە خۆی بکات، کە ئایا خوێنی تورک بە دەمارەکانیدا دەگەڕێت؟
ئەمجۆرە تێگەیشتن و خۆڕازیکردنە، زۆر دوورە لە میتۆدی زاستییەوە. لا 49

بێشکچی دەنووسێت:.. هەر بۆ ئەوەی هەڵویستی سیاسی و ئیدیۆلۆگ فەرمی دەستەڵات بچەسپێت، ئەمانە هەمووی بە رەوا دەزاندرێت کە لە هەمبەر ڕاستی هەبوونی نەتەوەی کورددا، ئەنجام دەدرێن. ئیدی بە کورد وتراوە ـ کورد واتا گورگ ـ ، ـ کورد واتا کە بەفری چیاکان دەتوێنەوە.... ـ لە ساتی ڕۆیشتندا بەسەریدا کرتە کرت دەکات. ئیدی ئەو خەڵکە خۆیان لێبۆتە کرت و کورد! ـ ئەنوەرـ یان ؛ وشەی کورد لە کرتە کرتی خواردنی وڵاخی بەرزەوە هاتووە لە ساتی ئالیک خواردندا. ـ کورد واتا کێوی و چەموش ـ . ـ کوردی قرێژ ـ کوردی کلکدار ـ ئەم ناووناتۆرانە هەر هەموویان وابەستەن بە سیاسەتی ئیدۆلۆگی دەستەڵاتەوە. بۆیە دەبێت بە جەغتەوە بڵێین : ئەو زانیارە تورکانەی بە گاڵتەکردن بە وشەی تورک نارەزایی دەدەبرن، بەڵام هەر خۆیان چەندین جار ئەمجۆرە وشە بێرێزی و سوکانە بە کورد دەڵێن. هەر هەموو ئامانەیش ڕوونی و ئاشکرابوونی سیاسەتی ئیدیۆلۆگی دژ بە کوردان دەردەخەن. هەر هەموو قەواڵە ـ دۆکۆمێنتەکانی لەمەڕ مێژووی کوردەوە وەندا دەکرێن و ناهێڵرێن. دەسووتێنرێن و تێدا دەبرێن. چونکە ئیدیۆلۆگی فەرمی جەغت لەوە دەکات کە گەلێک بەناوی کوردەوە وجودی نییە. ئەوەیش ڕوونە کە کورد نەتەوەیەکی بەندەسفەت بوون کە هیچ کاتێکیش لە مێژوودا، نەیانتوانیووە دەوڵەت و دەستەڵاتی خۆیان هەبێت. بۆیە هەمیشەیش نەیانتوانیووە بێوابەستەبوون بە گەلانی ترەوە بژین. بۆیە ئەم خۆبەهیچ نەزانینە شەرمێکی وەهای لە کن کوردان دروست کردووە کە بۆ ئەوەی هۆزێتی خۆیان وەندا بکەن لێگەڕاون بکرێنە تورک. ئینجا جەختیش لەسەر ئەوە کراوە کە زمانێکی کوردی نییە. ئەوەیشی کە هەیە زاراوەیەکی تورکیی چیاییە. لێ زمانی کوردی، زمانێکی هێندە پاشکەوتوە کە لە 30 وشە زیاتر تێناپەڕێت... لا 60ـ 61

دوکتۆر ( ئارین ئێنگن ـ کە لە رابردوودا ناوی سەفوەت ئینگین ) بووە. لە 1933 دا و بە پێشنیاری ئەتاتورک کراوەتە ئەندامی کۆمەڵەی بەدواداچوونی مێژووی تورک، لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا لە هەمبەر توانەوەی کوردەوە دەڵێت{.. ئەرکی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە ئەوان ـ واتە کورد ـ ، بە پێی میتۆدی قوتابخانەی براونی ـ لە ناو بۆتەی تورکچێتیدا بگونجێنین. ئەم میتۆدە لە لایەن وەزارەتی کولتووری نەتەوەییەوە بۆ من پێشنیار کراوە، وەک سیستەمی پەروەردە کاری پێبکرێت. کە من لە لەندەن لە گەڵ ئەندامانی کارای ئەم میتۆدەدا قسەم کرد، بۆم دەرکەوت کە هەندێك لە دەستگاکان خۆیان بۆ بەکاراکردنی ئەم میتۆدە خستۆتە کار و بۆ ئەم مەبەستەیش سەریان لە هەموو خوێندنگەکانی گەلیی داوە. ئەوان پێیانڕاگەیاندم کە ئەم میتۆدە، تەنیا میتۆدێکە، بتوانرێت نەتەوەیی بەریتانی بوون ـ ئینگلیزیی ـ بۆ هەمیشە لە دڵەکاندا جێی بکرێتەوە. یەکێتی بەریتانی و خۆگونجاندند تێیدا سەربگرێت. لە دووتوێی ئەم میتۆدەدا منداڵانی هەموو بیانییەکان، بەتەواوی دەبنە بەریتانی. لێ، بۆ ئێمەیش ئەمە تەنیا ڕێگایە کە دژی ڕەگەزپەرستی کەمایەتییەکان بەکاری بێنین. بەوجۆرە دەتوانین کورد و کەمایەتیەکانی ناو عوسمانی بکەینە یەک بوون.} لا 62

بە پێی باوەڕی ئەو میتۆدی جیاواز جیاواز بۆ ـ ئینتیگراسیۆن ـ گونجاندن هەیە. یەکێک لەو میتۆدانەی کە لە پەرتوکەکەیدا باسی لێوە دەکات:{.. ئێمە دەتوانین بەو ئەرکە هەڵسین، کە بەهۆی مەترسی ئەردهەژەوە، کوردەکان بەسەر ناوچەی جیاوازدا بڵاوبکەینەوە و لێکیان جوێ بکەینەوە. یانیش دەیاننێرین بۆ ئەڵمانیا.} لا 62.

{ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە بەهۆکاری ئەردهەژەوە بەسەر ناوچەی جیاوازدا بڵاویان بکەینەوە. تورکیش نیشتەجێی ڕۆژهەڵات دەکەین. هەر بەهۆکاری ئەردهەژەوە کوردێکی زۆر بۆ ئەڵمانیا ڕەوانە دەکەین. ئەوان بە ناوەند و خۆرئاوای وڵاتدا بڵاوە پێدەکەین.} لا 63

بێشکچی لەمبارەوە دەنووسێت: دکتۆر ئەرین ئینگین باسی میتۆدی ـ براونی ـ دەکات کە لایەن ئیمپریالیست و کۆلۆنیالیستی بەریتانیاوە، لە وڵاتانی کۆلۆنیدا کاری پێکراوە. هەتا هەبونی پێناسەی نەتەوەیی ئەو گەلانەی پێ لەناو بەرن و بیانکەنە بەریتانی. مەبەستی ئەم متۆدی تورکانە، سڕینەوە و نەهێشتنی وشەکانی کورد و کوردستان بووە لە دێرۆکدا. لا 63

لەمەڕ ڕەگەزی پاک و بێهاوتای تورکەوە( ئەنترۆپۆلۆگی) کە ناتەباییەکی بێهاوتا لە دەربڕینەکاندایە، دەنووسن{ دانیشتووی ئەسڵی ناوەڕاستی ئاسیا، بەهۆی سەختی ناوچەکەیانەوە تەنیا و تەنیا ڕیچکەی خۆی گرتۆتە بەر و گەشەی کردووە. بۆیە بەهۆی سەختی و لاچەپەکی شوێنەکەوە، تێکەڵاوبوون لەتەک خەڵکان و گەلانی تردا مەحاڵ بووە.... ئەو تیئۆریەشی ئەوروپییەکان باوەڕیان پێیەتی، گوایە ئەوروپییەکان سەر بە ئارین و تورکەکانیش سەر بە ڕەگەزی مەنگۆلی. هێندە کردەیەکی بێمێشکییە کە زانست پێکەنینی پێدێت....} لا 64ـ 65 .

ئەوجا بۆ چەسپاندنی خواستی شۆڤێنی و دوور لە ڕاستی و کاری زانستیەوە، شوڵی لێهەڵدەکێشن کە گوایە قەومی تورک بابی هەموو ڕەگەز و قەوم و گەلەکانە دەنووسن ـ و ـ : {.. هەندێک لەم خەڵکە بەرە و چین و هندستان ڕەویان کرد. بەڵام بۆ ئەوروپایش. ئیدی کە چ زمان و چ خۆشیان گۆڕانیان بەسەردا هات. لەوانەی کە بەرەو ئەوروپا کۆچ و ڕەویان کرد، بێشک لەوانەی تێدایە کە بەرلەوەی ببنە بەشێکی خەڵکی ئەوروپیی، زمانیان لەتەک هندی و سینتی تێکەڵاو بووە. بۆیە دەبێت پەیوەندی زمانی ئەوروپی بە ئێرانیی و هندییەوە، بۆ ئەو هۆکارە ـ کۆچی خەڵکی لە مۆنگۆلەوە بۆ ئەوروپا!! ئەنوەر ـ بگێڕدرێتەوە. لا 65

سەیر و سەمەرە لێرەدایە، دەڵێیت هەموو کون و کەلەبەرەکانی دنیا مرۆڤی تێدا نەبووە. تەنیا قەومی ترک هەبوون. کە ئیدی ڕەوتی دروستبوونی و زیادبوونی مرۆڤ، ئەوان سەرچاوەکەی بن!! لە درێژهی وتاربێژییەکەی خانمی عافێت دا لەژێر سەردێری ( پێش لە مێژو و هاتنی مێژوو) دا، دەنووسێت ـو ـ: {...دەمانەوێت لەم بارەیەوە، جارێکی دی پاتەی بکەینەوە، کە نەک تەنیا زمان و کولتووری مرۆڤەکانی ئاسیای ناوەند یەکەیەکی دروست کردبوو، بەڵکوم لێکچوونی گشتی (براخیزیپاڵ ) و تەنی و ئەنترۆپۆلۆگیش لە تایبەتمەندییەکانن. هەندێک لەم مرۆڤانە بۆ چین و هندستان کۆچ و رەویان کرد. بەڵام بۆ ئەوروپایش. ئینجا زمان و تایبەتمەندییەکانیان گۆڕانی بەسەردا هات. لەناو ئەوانەی کە بۆ ئەوروپا کۆچیان کرد،پاش ئەوەی کە زمانەکەیان لەتەک زمانانی ئێرانی و هندیدا تێکەڵە بوو، بێگومان بوونە بەشێکی دنیای ئەوروپا. ڕەگو ڕیشەی زمانی تورکی لە ناو ئەو هەموو زمانانەدا دەبینین. ئەگەر مرۆڤ باوەڕ بەم ڕاستییە نەکات، ئەوا لە نەشارەزابوونێتی لە زمانی کۆنی تورکی...}لا 65

هەر لەمەڕ هەمان بابەتەوە دەنووسن:{ هەر هەموو ئەم دەربڕینانە بە پێی ژیریی دەبێت ڕاست بن. بەڵام ئەوەی کە نابێت ڕاست بێت ئەو هەوڵەیە کە دەیانەوێت دایکی هەموو زمانەکانی مرۆڤەکانی دنیا کە لە خێزانی تورکەوەیە، لەبیر خەڵکی ببرێتەوە...} لا 66

ئەوجا لەمەڕ ئەوەی کە تورکانی کۆچ و ڕەوکردووی ئەوروپا، زمانی ئەسڵی خۆیان ژبیرکردووە هەر بە هەمان ناتەبایی و خۆ لە گێلی دانەوە،دەنووسن:{ .. ئیدی ئەو تورکانەی کە خۆیان لەتەک گەلانی ئەوروپادا تێکەڵکرد، بە درێژی هەزاران ساڵ و گۆڕان و ڕووداوە سیاسی و ئاینییەکان ، پێناسەی ئەسڵی خۆیان و نیشتمانیان لەبیرکرد. ئەوانەشی کە بەرەو هندستان ڕەویان کرد، نەیانتوانی بیر لە نیشتمانی ئەسڵی خۆیان بکەنەوە. ئەوانەشی بەرەو ئێران ڕەویان کرد باوەڕیان وەهایە کە نیشتمانی دێرینیان لە دەووروبەری پامیر بێت. بەلام شتێک لە مێشکیاندا بە زەقی مایەوە، کە وڵاتە کۆنەکەیان وڵاتی ئەوجۆرە پیاوانە بووە کە زۆر رێزدار و بەنرخ و شەڕکەر بوون. ئەوە هەر زۆر لە پاشاندا بوو کە ئەوروپییەکان وڵاتێکی ئارییان لە دەووروبەری هیندوکوش دۆزییەوە. بەڵام ئەوان هەستیان بەوە نەکردەووە کە وڵاتی ئاریش مانای وڵاتی تورکانە.. ئیدی هێندە کاتیان نەبووە، ڕاستی و دروستی ئەمە بخەنە ژێر لێکۆڵینەوەوە. ئیدی لەناکاو ئەوروپا کەوتە ژێر ڕمبازێنی سوارە تورکەکانی وەک ئالانەکان، هونەکان، ئوارەکان، پێچینێکس، ئۆغوس و کومانەکان..ئەم گەلە مرۆڤە لە بەرزاییەکانی ناوەندی ئاسیاوە، هێرشیان بۆ ئەوروپا هێناوە.. بەڵام ئەوروپییەکان لەوەی تێنەگەیشتن کە مرۆڤەکانی ناوەندی ئاسیا، براو خوشکی ئەوانەن کە بۆ ئەوروپا کۆچیان کردووە. جەنگاوەری بوێری ڕەگەزی کۆنئارای ( ئەڵتای ـ پامیر) ن ..} لا 66

وەک ئاشکرایە کە مێژووی تورک لەم دەڤەرەی ئێستادا، کە لەسەر خاکی کورد، ئەرمەن، گریکی کۆمارێکی تورکی لەسەر بنیاد نراوە ناگاتە 950 ساڵ، کەچی دەخوازن قەومێکی چەند هەزارساڵەی وەک هتیت بکەنە بنەچەی خۆیان و ئەوانیش بتورکێنن. بۆیە خانمی عافێت کە ئەندامی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی مێژووی تورکە لە وتارەکەیدا دەڵێت ـ و ـ:{ خۆ دەبێت ئێمە ئەوەی بزانین کە هتیتی بنچەمان، یەکەم نیشتەجێی ئەم نیشتمانەی ئێستامان بوون. پێش هەزاران ساڵ ئەوان ناوەندی تورکبوونیان لە ئەلتایەوە بۆ ئەناتۆڵ و ترازین گواستۆتەوە و ئەم نیشتمانەیان کردە نیشتمانی خۆیان. بناغەی سەقامگیری کۆمار، ئەو تاشەبەردە قایمانەی ئەو وڵاتەن. واریسی تەواوی ئەم وڵاتە و کۆماری تورکیاش، گەنجان و منداڵانی بەهێز و شکۆداری گەلی نەجیبی تورکن...) لا67 .

بێشکچی لەمەڕ ئەم قسانەوە دەنووسێت: ئەم ڕستانە بنەمای پتەو و ڕاستی و بابەتییان نییە. دەبێت بۆ لێکۆڵینەوەی لە مێژووی تورک بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکانی چینیەکان. ئەمەیش بەو مانایە دێت کە تورک لە چینییەکانەوە هەواڵێکیان لە دیرۆکی خۆیان زانیووە. ئەگەر چینییەکان ئەو تۆمارانەیان نەکردبایە، ئەوا نهاکە کەسێک لە قۆناغە نوێکانی تورکی نەدەزانی . بەڵام ئەو قۆناغانەیش لە سەردەمە نوێکانی پاش زایینیەوە دەست پێدەکەن. واتە لە سەدەی یەکەم و دووەمەوە.... ئێمە دەتوانین مێژووی تورک کە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و لە مۆنگۆلیادا ژیاون، هەر هەمووی لە مێژووی چینیەوە بزانین.. لا 68 .

بێشکچی دەنووسێت: لە هەمبەر مێژووی تورکەوە بەهۆی سەرچاوە چینییەکانەوە، ئەو پەیکەر و ئاماژانەی ـ ئورهون ـ ە کە لە سەدەی هەشتی پاش زایینیەوە دەرکەوتوون و سەرچاوەی گرنگن. لێ ، ئەم قەواڵە ڕەمزیانەیش دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی 732 و یانیش 735 ی دوای زایینی. لەبەر ڕووناکی ئەم ڕاستیانەدا، ئەگەر باس لە مێژوویەکی ـ تورکی ـ 10 هەزار ساڵ و تزیڤیلیسازیۆن بکرێت، ئەوا لەتەک هۆش و هزر و میتۆدی زانستیشدا، ناتەبایە و وێک نایەتەوە. پێداگرتن لەسەر مێژوویەکی 10 هەزار ساڵی، ناشێت کە بە تێزی ئەگەری و گریمانەیش قبووڵ بکرێت. چونکە تێزی ئەگەری دوورە لە زانستەوە و جێی پەسەند نییە. کەسیش ناتوانێت و بۆی نییە کە خواست و هیوا کەسیەکانی وەک گریمانە ـ هیپۆتێزێک بچەسپێنێت. چونکە گریمانەیش دەبێت لە ڕاستی و دروستییەکەی بکۆڵرێتەوە. بۆیە جەغت کردن لە دێرۆکێکی 10 و بۆ 14 هەزار ساڵە ناشێت بە گریمانەیش قبووڵ بکرێت. ئەوە تەنیا بۆچوونێکی کەسییە و وەک بابەتێکی ئیدیۆلۆگی و ڕامان و سەرسوڕمان هەژمار دەکرێت. لا 69ـ 70 .

هەمدیسان بێشکچی لەسەر وتاری پڕ لە زیادەڕۆیی خانمی عافێت دەنووسێت: قسەکەر ناوەندی ئاسیا بە نیشتمانی دە هەزار ساڵەی تورکان دەخەملێنێت.. جەغتیش لەسەر ئەوە دەکات کە ڕەگەزی تورک لەوناوچەیەدا کولتوور و ژیاری پێشکەوتووی پیادە کردبێت. ئیدی پاشان کە نێوەندی ئاسیا تووشی وشەکەساڵی بووە، لەوێوە بەرەو لای جیاواز و بۆ ئەوروپایش کۆچ و ڕەویان کردبێت. ئینجا سەرئەنجامەکەی وەها لێکدەداتەوە کە ئاژداد و ئاباد و پشتاوپشتی ئەم ئەوروپیانە، هەمان ئەو خەڵکە ـ تورک ـ ە کۆچکردووەکان بن. بەڕای ئەو ،بۆیە زۆر نازانستی، هەڵەو ناتەبایە کە ئەم خەڵکەی ئێرەکانە بە هیندوئەوروپی بقەبڵێنرێن، بەڵکوم ئەوانە هەمان تورکەکانن.. بە کورتی دەیانەوێت بڵێن: دانیشتوانی ئەوروپایش تورکن. بۆیە پێویستە کە زۆر بە جەغتەوە ڕامان لەسەر ئەمجۆرە دەربڕین و تێزە زیادەڕۆییانە ڕابگرین. چونکە ئەمانە نیشانەی خۆبەزلزانین و لوتبەرزی، قبوڵ نەکردن و ڕەفزکردنی گروپەکانی هیندوئەوروپییە. ئەوجا بە مانای هەڵوێستی ئیدیۆلۆگی فەرمی لە هەمبەر ئینکاریکردنی هەبوون و ڕاستێتی کورددا. لا 71.

جارێکی دیش بیری ناتەبا و ناڕاستی دەردەبڕن و دەڵێن:{ ساتێک کە ڕەگەزی تورک لە وڵاتە کۆنئاراکەیدا، بە کولتووری بەرز گەیشتبوو، گەلانی ئەوروپا ژیانێکی پاشکەوتوو و بێسەر وبەرەیان بەسەر دەبرد. بەڵام ئەم گەلە ـ مەبەست لە رەگەزی تورکە ـ بە هۆی ڕووداوی زۆری سیاسی و ئاییینیەوە، بەکاوەخۆ کەسایەتی و نیشتمانی خۆی ژبیر کرد.} لا 71ـ 72 .

بێشکچی لەمبارەیەوە دەنووسێت: چۆن مرۆڤانێک کە بەوەها کولتورێکی بەرز گەیشتبن، کەسایەتی و نیشتمانی خۆیان لەبیر دەکەن؟ ئایا دەشێت کەسانێک لە کولتوور و ژیارێکی بەرزەوە هاتبن و بەڵام لەناو گەل یان گەلانێکی پاشکەوتوودا بتوێنەوە و کەسایەتی خۆیان وەندا بکەن؟ وەک دیارە کە ڕستە و دەربڕینەکان زۆر ناتەبان بە یەکتری.خۆ ئەوان دەڵێن: زمانی تورکی سەرچاوەی هەموو زمانە هیندوئەوروپییەکانە!ئینجا دەنووسن : هۆکاری نەسەلماندنی ئەم ڕاستییە، دەگەڕێتەوە بۆ نەشارەزایی لە زمانی کۆنی تورکیدا! هەر ئەم دوو ڕستەیە بەیەکتر ناتەبان. چۆن مرۆڤ دەتوانێت زمانێک کە زۆرباشی نەزانیت، ببێتە سەرچاوەی زمانێکی دی؟ هۆکاری ئەم ناتەبا قوڵانەیش دەگەڕێتەوە بۆ کاری نازانستی و بێمیتۆدی.
لە وتاربێژییەکانی کۆنگرێسی یەکەمی مێژووی تورکدا، بە مەبەست و قەستەوە ئاماژە بە وە کراوە.گوایە ڕەگەزی تورک لانەی هەموو کولتوور و ژیاری دنیایە! جەغت لەسەر ئەوەی دەکرێت کە تورک تزیڤیلیزاسیۆنی بۆ چین ، میزۆپۆتامیا ، ئەناتۆلیا ، میسر و ئەگاییس بردبێت. بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئێمە بەهۆی سەرچاوەکانی چینەوە لە مێژووی تورک بەئاگا دەبین. هەروەک

باسمان کرد، ئەگەر سەچاوە چینیەکان نەبوونایە، هیچ ئاگامان لە مێژووی پێش زایینی تورک نەدەبوو. ئیدی چۆن دەتوانن بیسەلمێنن کە تورک کولتوور و پێشکەوتنی بۆ چین بردبێت؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێت کە کولتوور و تزیڤیلیزاسیۆن و نووسین و مێژوو و بەڵگەنامەکانی چینی پشتگوێ بخات و باوەڕیان پێنەهێنێت؟} لا 72 م 73

بەهەمان شێوەی بێئاگایی و پڕ لە ناتەبایی زانستی و مێژوویەوە هەمدیسان دەڵێن: { ئیدی ئەوانەی کە بەرە و هندستان کۆچ و ڕەویان کرد،نیشتمانی ئەسڵی خۆیان ژبیر کرد. ئەوانەیشی کە بەرەو ئێران ڕەویان کرد. وایاندەزانی کە نیشتمانەکۆنەکەیان لە جێیەکی ناوچەی پامیرە. بەڵام شتێک لە مێشکی هەر هەموویاندا مایەوە و لەبیریان نەچۆوە. ئەویش نیشتمانی پیاوانی ڕێزدار و جەنگاوەران بوو.} لا 73 .

بێشکچی دەنووسێت: با پنتکێک ـ خاڵێک ـ لێرەکانەدا دابنێین. چونکە ئەم دەربڕینی ـ لەبیرچوونەوەیە ـ زۆر جار لە ئیدیۆلۆگی فەرمی دەوڵەتدا بەکار دەبرێت. لێ، بە پێی ئیدیۆلۆگی فەرمی دەوڵەت،: کورد لە ڕاستیدا هەر تورکی ڕەسەنن. چونکە ئەوان بە درێژایی کات و بە زۆر هۆکارەوە، کەسایەتی خۆیان لەبیرچۆتەوە و بوونەتە کورد. کوردەکان لەوباوەڕەیدا بوون کە ئیدی ئەوان گروپێکی جیاوازترن لە تورک. بۆ ئەوەی لە ئیدیۆلۆگی فەرمی تێبگەین، دەبێت خۆمان لەتەک ئەم دوو خاڵە نێزیک بەکینەوە. لێرەدا پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان دەربڕینی: بوون بە ئەوروپی بوونی تورکە کۆچەرییاکان لە ناوەندی ئاسیاوە بۆ ئەوروپا، ئینجا ئەو دەربڕینەشی کە هەندێک تورکیش، کەسایەتی خۆیان ژبیرکردبێت و بووبێتنە کورد. لا 73

بێشکچی دەڵێت: لەسەر ئەم بابەتە روونتر و بابەتیتر قسە دەکەین. لە پەرتوکەکانی ـ بنەماکانی دێرۆکی تورک ـ و ـ پاشکۆیەک بۆ بنەماکانی دیرۆکی تورک ـ دا، وەها هاتووە:
{ ... ئەو تورکانەیشی کە نیشتمانەکەیان جێهێشتووە، زمانی دایکی خۆیان بزر کردووە و زمانانی تری نوێ فێر بوون. ئەمەیش بەو مانایە دێت کە توانای زۆری فێربوونی تورکەکان بووە لەچاو خەڵکەکەی ئەوێدا، بەڵکوم دەبێت هۆکارێکی تریش کە تورکان ناچار بوون زمانی ئەو جێیە فێربن کە بۆی چوون، هەتا کاروبارەکان بە سانایی بەڕێوە بچن، بۆ ژمارەی زۆری خەڵکەکەی ئەوێکانە بگێڕینەوە کە زۆربەبوون. چونکە ڕاستی ئەوەیە کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا، بابەگەورەکان تەنیا بە تورکی و بابەکانیش بە تورکی و کوردی و کەچی نەوەکانیان تەنیا بە کوردی قسەیان کردووە. بەوهۆکارەوە پێویست بووە کە بانگەوازی هۆشیاربوونەوەی تورکچێتی بدرێت. دانیشتوانی ئەمڕۆی ئێران و میزۆپۆتامیا لە ـ ئۆتۆختۆنەکان ـ نین. کەسێکیش ناتوانێت بیسەلمێنێت کە سومەر و ئیلایدن!!! ـ دەبێت هەڵەی نووسین ڕوویدابێت و مەبەست لە ئیلام بێت . و!! ـ دانیشتوانی کۆنی ئێران بووبێتن. لەبەرامبەر ئەوەدا و بە پێچەوانەوە، مێژووی ڕەگەزی تورک دەگەڕێتەوە بۆ 30 سەدە کە هێرشی زۆریان بەئەنجام دابێت. کە لەهەموو لایەکدا و زیاد لە سەد دەوڵەتی گەورە و بچوکیان دامەزراندبێت و ناوەندی زۆری تزیڤیلیزاسیۆنیان پێکهێنابێت.} لا 73 ـ 74

بێشکچی وەک کۆمێنتار دەنووسێت: ئەم دێڕانە ئەوە دەردەخەن کە گرنگترین مەبەستی تێزەکانی مێژووی تورک، توانەوە و ملکەچکردن و بە بەندە کردنی نەتەوەی کورد بێت. سڕینەوەی وشەی کورد و کوردستان لە سەر زاران و لە مێژوودا. بەڵام لێرەکانەیشدا تێزی مێژووی تورک ناتوانێت هەڵەو کەموکوڕییەکانی بشارێتەوە. تەنانەت لەوجێیانەیشی کە گوایە دەسەلمێنرێت، هەر هەموو تزیڤیلیزاسیۆنەکانی دنیا لەلایەن تورکەوە گەشەی پێدراوە و بڵاو بۆتەوە، کە چی

لەلایەکی ترەوە دەوترێت: ئەو تورکانەی کە بۆ میزۆپۆتامیا کۆچیان کردووە، زمانی خۆیان ژبیر کردووە و زمانی دانیشتوانەکەی ئەوێکانە فێر بوون.. جا بۆ ئەوەی کە دەستەلاتت بەسەر دانیشتواندا بشکێت و هەبێت، پێویستە زمانەکەی فێر بیت، چونکە ئەوان ـ دانیشتوانەکە ـ هێندە زیرەک نەبون کە زمانێکی نوێ فێربن.. لا 74

دوای ئەوەی کە خانمی عافێت وای مەبەستە: ناسروشتییە لە هەمبەر ڕەگەزێک و گروپێکی هیندوئەوروپییەوە قسان کرێت، ئینجا درێژەی پێدەدات:{...خۆ ژیرانەو مرۆڤانەیە پەسەندی ئەو ڕەگەزە بکرێت کە لە بانەبەرزەکانی ناوەندی ئاسیاوە پەیدا بوون} لا 74
بەشکچی دەنووسێت :
ئابەمجۆرە دەستەواژەکانی تیئۆری ناسین و تیئۆری ڕەوشت ـ مۆراڵ ـ ، لەیەکتر دەئاڵێنرێت. زانست تەنیا میتۆدی تێگەیشتنە لە ڕاستییەکان. هەلومەرجە ڕاستەکان و ڕاستییە جێگیرەکان. ئەو هەوڵ دەدات لێکتێگەیشتنە دەرەوە و دەرەکییەکان، ناتەبایی و ڕاستییە مانا جیاوازدارەکان، چ لە ڕووی سات و یانیش قەوارەوە، پێکەوە تێبگات. زانست لە هەمبەر سروشت، دێرۆک، کۆمەڵگا و مرۆڤەوە، زانیاری دەگەیەنێت. وە زانست هەوڵدەدات کە بابەتە ڕاستییەکان بخاتە بەر زانین و لێتێگەیشتنەوە. لێ، ڕیزگرتن دەستەواژەیەک و مانایەکی زانستی نییە، بەڵکوم دەستەواژەیەکی مۆراڵی و ئیدیۆلۆگییە. ئەم دەستەواژەیە هۆیەکە بۆ بیروبۆچوونی ئیدیۆلۆگی. بەڵام دەستەواژەیەکیشە بۆ ـ پەرستن ـ .. لا 75

یانیش بۆ نموونە. پرۆفیسۆر کۆپرولوزادە فوئاد بەی، لە زانکۆی ئیستەنبوڵ دەبێژێت:{ ..خانمی عافێت باسی ئەوەی کرد، کە دایکی جەنگیزخان تورک بووە. منیش زیادی دەکەم و دەڵێم: بابیشی هەر تورک بووە. لەبارەی ڕەگەزی تورک و جوانیشیانەوە، منیش هەمان ڕاوبۆچوونی ئەو خانمە بەڕێزەم هەیە، لە ڕاستیدا لەو بەڵگە مێژووی و وێژەییانەی لای من ئاشنان، بە نموونەی ڕندی و سەرسامی لەجوانیدا باس لە ڕەگەزی تورک کراوە. نەک وەک لە هەندێک پەرتوکی ئەنترۆپۆلگیدا بە نموونەی ناشیرینی هاتووە.." لا 76

ئیسماعیل بێشکچی لە پەراوێزدا دەنووسێت : ئێمە باسی ئەو پەرتووکە 606 لاپەڕەییەمانکرد، لەژێر سەردێری ( هۆکارەکانی مێژووی تورک) .لەوێدا ڕەخنەی کەسانی جۆراوجۆر جێیگرتووە. یەکێک لەوانەیش ( ئەڤرام گالانتی بەی)، پرۆفیسۆری گەلان و زمانەکانی ڕۆژهەلات ، لە زانکۆی ئیستەنبوڵ. ئەڤرام گالانتی لەهەمبەر ئەو پەرتووکەوە، لە یەکەم کۆنگرێسی دێرۆکیی تورکدا، ڕەخنەی خۆی خستەڕوو. لە قسەکانیدا، ئەو لە دژی تێزی مێژووی تورکەوە وەستایەوە. ئەو بە نموونەوە دەیسەلماند کە دامەزراندنی تزیڤیلیزاسیۆنەکانی میسۆپۆتامیا، ئەگێبت، ئاگاییس، ئانتۆلیا و زریای ناوەند، هیچ پەیوەندییەکەی بە تورکەوە نییە. بە هیچ جۆرێکیش، تورک پەیوەندی بە هتیت و سۆمەرەوە نییە. ئینجا نموونە دێنێتەوە کە ئەو زمانەی هتیت پێی دواون، سەربە هیندوئەوروپییە. ئەم قسانەی ڕەخنەی زۆری لێکەوتەوە. بێچەندوچۆن تەنیا وتاربێژییەک بوو، لە چواچێوەی ئیدیۆلۆگی فەرمیدا. ئینجا بۆ ئەوەی بەفریای ئیدیۆلۆگی فەرمییەوە بێن و وەڵامی بۆچوون و ڕەخنەکانی ئەڤرام بەی بدەنەوە، وتاریی درێژو ڕەخنەیی خوێنراوەتەوە. لا 76

لە 1930/09/30 دا،دوکتۆر شەوکەت عەزیزبەی ( پرۆفیسۆری ئەنترۆپۆلۆگی ) ، لە ( پاشکۆیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە کرۆنۆلۆگیای هتیت) دەنووسێت:{ ئایا هتیت سەر بە چ ڕەگەزێک بن، تەواو ئاشکرا نییە...ئەوەی بەربلاوە، ئەوان سامی نین. بەم هۆیەوە دەبێت سەر بە رەگەزی مرۆڤەکانی هیندوئەوروپی بن. لێکۆڵینەوە لە زمانی هتیت دەریخست، کە لە گەلێک زاراوە پێکهاتووە.} لا 81

لە نووسینێکی تری هەمان بەڕێزدا هاتووە{..لەمەڕ تەبەقەنەدی ڕەگەزییەوە تورکان لە ڕەگەزی سپین. بە ڕوونی دەڵێین کە تورک سەر بە ـ براخیتسێفاڵ ـ ن، واتا کەللە خڕ و ڕەگەزی ئەڵپ. زۆر هەڵەیە کە تورک بە ڕەگەزی مۆنگۆل بزانرێت. تورک لکێکی ڕەگەزی ئەڵپییەکانن بە تایبەتمەندی مەزنەوە. هیندوئەورپایش لە لایەن ئەڵپینەکانەوە و لە پامیرەوە بۆ ئەوروپا هێنراوە.....} لەو دێڕانە سەیر و سەمەرەتریش ئەم دەربڕینەیە کە نازانم بۆچ لێرەدا هاتووە، دەنووسن.. ـ و ـ {دانیشتوان و مرۆڤەکانی ئەڵپین زمانی تورکیان بۆ ئەوروپا هێناوە..} لا 82

لە پاڵ تێزیی مێژوویی تورکدا، ئەدەبیاتیش هەنگاوی شۆڤێنی و نەتەوەپەرستی کوێرانە دەنێت.
لە هەڵبەستێکی ناوبراو (بەهجەت کەمال) بەناوی (ئەرگەنەکۆن) دا هاتووە:

{تورک نموونەی بێچەند و چوونی یەزدانە
دنیایش بۆ تورکی ڕند دروست بووە
خوێنی یەکەم خوا چۆتە ناو دڵی توکەوە
ساتێکیش ڕەگەزەکانی تر مێگەل بوون
تورکان بوونە شوانیان
تورکان دنیایان وەک مەزرایەک کێڵا
لەمسەری دنیاوە بۆ ئەوسەری
تۆ ئەی بەرهەمی خواکان
ئەو خوایەی تۆ بەتاسەوە دەیپەرستیت
ئەوانەی بەناوی تورکەوە بە ناووناوبانگ گەیشتن
ئەوا خوا زۆرجاران لەسەر زەوی خۆی دەرخستووە
دلانی و سەرانی تورک، 30000 هەزار ساڵییە
تورک بە خەڵکی نیشاندا، خۆشەویستی و باوەڕ چییە
ئەگەر تورکی یەکەم مرۆڤی خۆشەویست، بەباوەڕ و تۆمارکەر نەبووایە
ئەوا زۆری دەخایاند، هەتا مرۆڤ بە مرۆڤ دەبوون
....
....
....
لەمێژە خۆر لە دڵماندا هەڵهاتووە
با دنیا بکەینە ژەمێکی خواردنمان }لا 84 ـ 85

لە هەڵبەستێکی تری (حوسێن حوزنو) دا بە ناوی (ئەمەیە تورکبوون) هاتووە:

{تورکبون ئەوەیە: وەک گورگێکی بۆری ئەڵتای
هەر ئاماژەیەک بدەیت، یەک لەشکر دێن
بە هەموو ڕۆح و دڵەوە گوێڕایەڵ و پەیرەوکەرین
بۆ یەکێتیش، بە سواری ئەسپ دێین
......
......
گەر تورکێکی دەستەڵاتدار سواری ئەسپەکەی بێت
ئەوا ئەسپەکەی لە ئێران دەحەسێتەوە
ئەگەریش لغاوەکەی بە توندی ڕابکێشێت

ئەسپەکە خۆی قیت بکاتەوە و هەڵسێت
ئیدی هەموو کەسێک لەبەردەمیا دەچۆمێنەوە و
دەیکەنە شای خۆیان
......
...... لا 85 ـ 86

ئیسماعیل بێشکچی لەمبارەوە دەنووسێت: بێشک ئەم هەڵبەستانەیش لە هەمان نووسین و بۆچوونی ئەو پرۆفیسۆر و ئەندام پەرلەمێنتارانەوە نزیکە کە ئەندامی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی مێژووی تورک بوون. زۆرجێی سەرنجە کە سەردێڕی هۆنراوەکانی زیاگۆکەلب و بەهجەت کەمالیش ( ئەرگەنکۆن) ە! لە گەلێک شانۆگەریشدا هەر هەمان میتۆد پەیڕەو دەکرێت. فاروق نەفیس کۆچوڕە و لە ناوەندی ئاسیاوە، دەکاتە بابەتێکی شانۆگەری. هەروەک لە ( باهۆز و نیشتماندا). هەر هەموو ئەم بەرهەمانەیش بەسەر ڕێخراو و کۆمەڵە و خوێندنگاکاندا بڵاو کراوەتەوە و داوا کراوە کە پەیڕەویان پێبکەن.} لا 86 .

لە هەمبەر بەرپەرچدانەوەی تێزە نازانستییەکانی مێژووی تورکەوە، بێشکچی دەنووسێت:{ کە لە ساڵی 1930 دا تێزی مێژووی تورک خرایە بەر دەست. لە لایەن گەلێک زانیار و ئینستیتۆی بەناوودەنگەوە، بووە جێی پێکەنین و مەزاق. هەمووانیش لەوباوەڕەیدا بوون، وەها باشتر بوو کە بەناوی زانستەوە وەها کارێکی جێی ناباوەڕ نەکرابایە.....
ـ بە چەند خاڵبەندیش نووسراوە.
1/ هەرگیزیش ڕووداوێکی وەک وشکبوونی زەریاکانی ناوخۆی ناوەندی ئاسیا ڕووی نەداوە و نەبووە. بەڵکوم، بە گریمانەوە چەند سەدە پاش زایینی بووە. کەواتە ناشێت ئەو ڕووداوە لە پێش مێژوودا ڕوویدابێت.
2/ هیچ نەسەلمێنراوە و چەسپاو نییە کە ئەو ناوچەیەی ناوەندی ئاسیا، بەری دێرۆک خەڵکی تێدا ژیابێت.
3/ تورکیش لەتەک مۆنگۆل و تونگوس هەمان ڕەگەزیان هەیە. بەهیچ جۆرێک ڕەگەزی تورک پەیوەندی بە هیندوئەوروپی و گەلانی ئارییەوە نییە. زمانی تورکیش سەر بە زمانەکانی ئوراڵ ئەڵتایە، کە ئەمانەیش هیندوئەوروپی نین.
4/ هیچیش ڕێگەی تێناچێت کە تورک پێشکەوتنیان بۆ چین و هندستان بردبێت. چونکە دەووری گرنگی تورک دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەد ساڵی پێش زایینی. واتا لە هیونگنوس و سینپیاس. بێلەوەیش چ لە چین و چ لە هیندستانیش لە 3000 ساڵی بەری زایینیەوە ژیاری پێشکەوتوو و کولتوور و پیتی نووسین هەبووە.
5/ سۆمەر، هتیت و گەلانی دی بەراییەکانی ئاسیاش، هیچ پەیوەندیەکیان بە تورکەوە نییە. بەشێکیان سامین و بەشێکی تریشیان ئاری ، بەشێکی تریشیان سەربە هۆزەکانی هەمان نیشتمانن. زمانەکانیشیان هیچ پەیوەندییەکەی بە تورکییەوە نییە. ئەو وڵاتانەی کە لەو بەراییانەدا بوونیان هەبووە، لەلایەن ( گۆکتورکەوە) بزرکراون و تەنانەت نەشگەراونەتەوە بۆ ئامازەپێکردنی یەک وشەیش.
6/ هاتنی تورکیش بۆ بەری ئاسیا و ئەناتۆلیا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی دە و یانزدەی دوای زایینی. ( بگەڕێرەوە بۆ کرۆنۆلۆگی مێژووی تورک، لە پاشکۆدا ـ وەرگێڕ ـ ) ، ئیدی بەری ئەو کاتە هیچ دیاردەیەکی تورک لەم دەڤەرە نایەتە بەر زهن.

7/ بنەچەی دانیشتوانی ئەمڕۆکەی ئەوروپا، دەگەڕێتەوە بۆ ئێرانی و پەنجابی. ڕەوی بەرەو ئەوروپایش لە لایەن هونن ، تورک و مۆنگۆل و ئەوانەیشی بنەچەیان بۆ ناوەندی ئاسیا دەگەڕێتەوە، لە پێنج بۆ شەش سەدەی پاش زایینیەوە ڕوویداوە.
8/ ئەوەیش کە ئایا نیشتمانی ( براخیزیفاڵ Brachyzephal ) ، ناوەندی ئاسیا بێت. یانیش کورتی سەر وەک نیشانەی ڕەگەز حسێب بکرێت، هەر بەتەوای بێچاووڕووییە. لا 87 /88

بێشکچی دەنوسێت:{ لە گۆنگرێسی دووەمی مێژوودا و لە 20 بۆ 25 ی سێپتێمبەری 1937 دا، لە ئیستەنبوڵ، درێژە بە ڕەوتی پێشوو، واتا کۆنگرەی یەکەم دراوە. لە کۆنگرێس دا هەمیشە پێ لەسەر ئەوە داگیراوە کە هتیت و سۆمەر سەر بە ڕەچەڵەکی تورکن. ژیاری پێشکەوتوویش ـ تزیڤیلیزاسیۆن ـ لە میسۆپۆتامیا، ئەناتۆلیا ، میسرـ ئەگیپت ـ ئەگاییێس ، کرێتا ، زەریای ناوەند، چین و هندستان ، لە لایەن تورکەوە دامەزرێنراوە.} لا 88ـ 89

لە بەشێکی نووسینە خەیاڵییەکەی پرۆفیسۆر ئیسماعیل حەقی ئیزمیرلیدا، ئەم حکایەتە، دەخوێنرێتەوە ـ وەرگێڕ ـ: { یەکێک لە هاوسەرەکانی پەیامبەر تورکە. بە پێی گێڕانەوەی تەئریخولخەمیس ، ئەو (ماریا) یەی کە لە لایەن پاشای ئیگێیتەوە ـ موکاویس ـ بۆ پەیامبەر نێردراوە، ژنێکی تورک بووە. (شیرین) ی خوشکی و ( ماخبور) ی برایشی کە لەتەک ماریادا هاتون، ئەوانیش هەر تورکن،. کەواتە هاوسەر و ژنخوشک و ژنبراکەی پەیامبەر تورک بوون. (ماکاویس) لە نامەیەکدا ئاماژە بەوە دەدات کە ماریا و شیرین لە ناو هۆزی کیبیلدا، پلەی بەرزیان هەبووە. ئەم ماریا تورکە جوانەیش ( ئیبراهیم) ی بەدنیا هێنا. ئیدی کە پەیامبەریش هەر زۆر خۆشحاڵ بووە. چونکە ئەو تەنیا نێرینەیەک بوو کە لە سەدەمی پەیامبەرێتی ئەودا لەدایک ببوو. ئەم منداڵە 22 ـ 18 مانگ ژیاو ئیدی مرد. ئەمەیش بۆ پەیامبەر ڕووداوێکی ئازاربەخش بوو...} لا 91

بێشکچی دەنووسێت: پرۆفیسۆر ئیسماعیل حەقی ئیزمیرلی هەوڵدەدات، ئابەمجۆرە جەغت لە سەر بۆچوونەکانی بکات : پەیامبەر هەرگیز هیچی لە دژی تورک نەوتووە. تەنانەت لە قورئانیشدا ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی تورک دراوە. لە قورئاندا وشەی تورکی هەن. پەیامبەر هێرشکردنە سەر تورکی قەدەغە کردبوو. پەیامبەر نامەیەکی بە تورکی نووسیووە. ڕەچەڵەکی بەربەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەر تورک. سەلاحەدینی ئەیوبی دەستەڵاتدارێکی تورکە... یەک تورک لەبەرامبەر یەک کۆمەڵگادایە. بە کورتی. ئەگەر هێزی هەموو فارس ، عێراقی فارس و عارەب و هەر هەموو ئەوانیتر لە یەک کەسدا کۆ بکەیەتەوە، هێشتا ئەو کەسە لە بەرامبەر تورکێکدا نییە.} لا 92

هەر هەمان پرۆفیسۆری ناوبراو لە باسی ـ پەیامبەر و تورک ـ دا بە ناوی زانستەوە دەنووسێت: {..بێجگە لە پەیامبەر خۆی، تەنانەت کوڕەکانی ئیسرائیلیش، واتا جولەکە، ڕەچەڵەکی تورکیان هەیە. ئەگەرێکی زۆر هەیە کە پەیامبەر لە هۆزێکی تورکە. چونکە،یەک: پەیامبەر لە ڕەمەزاندا لە ژێر چادرێکی تورکدا نوێژی کردووە. دوو: پەیامبەر نامەیەکی بەتورکی نووسیووە. سێ : پەیامبەر لە هەمبەر تورکەوە قسەی کردووە. چوار : لە قورعاندا وشەی تورکی هەن. پێنج :

زانیاری بەناوبانگ موبارەکئۆغلۆ کە لە پلەی ئەسحابەدایە تورکە. ئیمامی گەورە ئەبو حەنیف تورکە. ئیدیۆلۆگییەکەی هەر هەمان ئیدیۆلۆگی تورکە.} لا 93

پڕۆفیسۆر ئیزمیرلی بەڵگەدەخاتە ڕوو، کە پەیامبەر خۆیشی لە ڕەگەزی تورکە:{.. هەر وەک ئەو نووسەرانەی ڕۆژهەلات بە شێوەی گشتی هەواڵ دەدەن، پەیامبەر لە هۆزی عەدنانە و ئەو پاشان عەرەبێنراوە. بە پێی ڕەگەز و وابەستەبوون بە گەلەوە، ئەو عارەب نییە. پەیامبەر ئیبراهیم بابەگەورەی پەیامبەرە. لێ، ئیبراهیمیش بەهۆی ( ئەبیر ـ ئەڤیر) ی باپیرییەوە عیبرییە. گەر بۆ سام بگەڕێتەوە، ئەوا ئەو سامییە....شاری (ئور) وەک شارێکی ناوەندی کولتووری سۆمەر، بازێرێکی گەورەی تورک بووە کە بە تورکی واتا بورجێکی بە دیوار دەوورەدراو. ئیبراهیم لەو شارەدا لەدایک بووە... بە کورتی: ئەگەر مرۆڤ ناوی تاریک،تارک، و تورک، ئازەر،،هزار، و هازار یانیش ئوبور، و ئامور یانیش ئابیر و ئاڤیر، بێنێتە بەر جاوانی خۆی، بۆی دەردەکەوێت کە ئەو ئیبراهیمە لە شارێکی تورکدا لەدایک بووە، بۆتە زاوای خانێکی تورک و سەر بە ڕەگەزی تورکیشە. کە ئیدی ئەدێنیەکانی کوڕانی ئیسماعیل ، پەیامبەر خۆیشی، یەهودییەکانی کوڕانی ئیسرائیل، تەنانەت هەموو پەیامبەرەکانی دیش ، لەبۆچوونی ڕەگەزییەوە، تورکن..}
( ئیزمیرلی خۆی خستۆتە ناتەباییەکەی نازانستی و سەیرەوە! هۆکاری ئەم تەقلەهەڤەیش، مەگەر بۆ دۆگمای شۆڤینیزم بگێڕینەوە ـ وەرگێر ـ) لا 94/93

بێشکچی دەنووسێت: لەهەمبەر ئیمامی گەورە ئەبو حەنیفەوە کە گوایە ئەوەیش لە بنەچەی تورکە، ئیدیۆلۆگیەکەیشی هەر خزمەتە بە تورک، پرۆفیسۆر ئیزمیرەلی دەڵێت:{.. بە پێی گەڕانەوە بۆ ڕەگەز بێت، ئیمامی گەورە تورکە. زۆتای بابەگەورەی نوعمان و کوڕی سابیت، سەربە هۆزی قابیک. بە پێی سەرچاوەی (جامەعەتتەریب!!) یش ئەوێکانە بازێرێکی ناوداری تورکە.......ئەگەر قورئان شیبکەیتەوە، ئاماژەیە بە ئیدیۆلۆگی تورک... ڕێگەدانی ئافرەت وەک دادوەر لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە، بانگدان و وتارخوێنیش بە زمانی تورکی ، هەموویان لەتەک فێرکارییەکانی ئەبو حەنیفەدا هاوتەبان. ئیدی چۆن دەبێت شک لە تورک بوونی ئەبو حەنیفە بکرێت..؟} لا 96

بێشکچی دەنووسێت:
ئەم هەموو سەلماندنانەیان لەبەردەم زانایاندا، کەژمارەیەکی زۆری ئەوروپیش لەوێکانە بوون، بە هەستێکی جەغتەوە دەربڕیووە. پرۆفیسۆر ئیزمیرئەلی هەوڵیداوە بیسەلمێنێت کە: پەیامبەر،کوڕانی ئیسماعیل، کوڕانی ئیسرائیل و ئیمام ئەبو حەنیفەی گەورەیش، لە بنەچەی تورکن. لێ ئەو بێپڕنگانەوە زانیاری هەڵە لەبارەی قۆناغێکی گرنگ و کولتووری کۆنئارای تزیڤیلیزاسیۆنەوە دەدات. بۆ نموونە لەبارەی : سۆمەرەکانی لە 4000 ساڵی بەری زایینی لە میزۆپۆتامیا ژیاون، یانیش هتیتەکانی کە لە 2000 ساڵ بەری زایینی دانیشتوانی ئەناتۆلیا بوون، کە هێشتاکەیش لە 600 ساڵی پاش زایینیشدا بوونیان لەوێکانەدا هەبووە. جەغت لەسەر ئەوەیش دەکات کە: بەڵگەیش ئەو نامەیەی پەیامبەرە کە بە تورکی نووسراوە و ئاراستەی (تورکە سۆمەر و هتیت) ە کانی کردووە. ئەوەیش دەڵێت کە گوایە کولتوور و تزیڤیلیزاسیۆنی سۆمەر هەتا یەمەن چووە. ئەمەیش ڕێی تێناچێت... وەک مرۆڤ دەیبینێت،ئەوان لەسەر گریمانەیەکی هەڵە، گریمانەیەکی نوێ بنیاد دەنێن. چ بنەمای تێزی دووەهەمیان و یانیش ئەوەی کە لێوەی وەردەگرن هەڵەیە. بەڵام ( پیاوی زانستی) پڕۆفیسۆر، هەڵە بەدوای هەڵەدا دەکات و ئیدی خۆی بەڕاستیان دەزانێت. بەمجۆرەیش زانیاری هەڵە بەرهەم دێنێت.

لەهەمان کۆنگرەی دووەمی تێزی مێژووی تورکدا ـ 1937 ـ پرۆفیسۆر ئۆیگن پیتارد، دەیسەلمێنێت کە ڕەگەزی فارسیش دەگەڕێتەوە بۆ تورک:{ ... بەو هۆکارانەوە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە مرۆڤە ـ براخیزێفاڵ ـ ەکانی ئەمرۆکەی ئەناتۆلیا، بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکەی کە ئاسیایە. بەو مانایەی ئەمانە هەر هەمان ڕەگەزن بەڵام لە ڕەچەڵەکی ئەسڵی خۆیان دابڕاون و بە ناوچەیەکی بەرفراواندا بڵاو بونەتەوە. ئەوەتا ئەمڕۆکە هەر یەکێک لەم هۆزانە ناوێکی تری هەیە. لە تورکستان ناویان تورکمانە. لە ئێران فارس و لە ئەناتۆلیاش تورک. بۆیە ڕێیتێدەچێت کە هەر هەموویان لە هەمبەر بنەچە و ڕەگەزەوە هەمان سەرچاوەیان هەبێت.دەکرێت کە ئەم براخیزفالانەی ئەناتۆلیایش کە وەچەی هتیتەکانن، وەک بنەچەی تورک قبوڵ بکرێن...قسەی مستەفا کەمال ـ ئەتاتورک ـ کە وتوویەتی:( تورکێک دەرەقەت هەموو دنیاد دێت) لەلایەن پرۆفیسۆری زانستەوە وەردەگیرێت و ئینجا ئەویش دەڵێت:...تورکێک لە بەرانبەر یەک کۆمەڵگادایە. بە کورتی، ئەگەر هێزی هەرچی فارس و فارسی عێراق و عارەب و هەرچی بیانییە لە یەک کەسدا کۆبێتەوە، ئەوا ئەو کەسە دەرەقەتی یەک تورک نایەت.. ئینجا ڕوو لە نوێنەرەکانی ئەوروپا لە کۆنگرێس دەکات و پێیاندەڵێت: ئائەوانە بنەچەکانی ئێمەن، ئادەی باشترەکانی خۆتانمان پیشان بدەن!} لا 97 ـ 98

بێشکچی وەک بەرپەرچ بۆ ئەو قسانەی سەرەوە دەنووسێت: ئەم خاڵە پێویستی بە هەڵوێست وەرگرتنی گرنگە، ئەگەر ئەمڕۆکە ئیدیۆلۆگی فەرمی دەوڵەت بیەوێت بیسەلمێنێت کە گەلێک بەناوی کوردەوە هەبوونی نییە و هەموو کەسێک تورکە. بەو مانایە دێت کە هەرچی پەیوەندی بە زمان ، کولتوور ، فۆلکلۆر و سەروەتە مێژوویەکانی کوردە، بۆ تورک تۆمار دەکرێن و بە ناوی هەبووەکانی تورکچێتیەوە یادیان لێدەکرێتەوە. ئەوەتا بۆ نموونە سەلاحەدینی ئەیووبی کوردی جەنگاوەری مەیدان، وەک تورک ئاماژە پێدەکرێت. سەرکەوتنەکانیشی لە شەڕی دژی خاچپەرستەکاندا، بەسەرکەوتنی تورک دێتە ژماردن... لا 100 ـ 101

**لە هەمبەر بەرنامەی ئەنترۆپۆلۆگی تورکەوە:**

با سەرنجێکی ووردی دوو دەربڕین بدەین، چۆن دژە بیر و پێچەوانەی یەکترن. واتا، تەنیا بە مەبەستی چەسپاندنی ئیدیۆلۆگی دەوڵەت، کە بە قسەی بەڕێز بێشکچی (.. هەرچییەک بێ زانستی و ئەکادێمی نییە..) ناتەباییەکەی زەق و تێکەڵ و پێکەڵییەکی دەربڕین هەست پێدەکرێت. پرۆفیسۆر گون ئەڵتای لەمەڕ مێژووی تورکەوە دەنووسێت ـ و ـ{.. هەر هەموو هۆزەکانی بەرایی ئاسیا، لە پێش هەمووشیانەوە سۆمەر و هتیت کە لە ناوەندی ئاسیاوە هاتوون ڕەچەڵەکیان بۆ تورک دەگەڕێتەوە. ئەوان کولتوور و تزیڤیلیزاسیۆنی تورکیان لەوێوە بۆ میزۆپۆتامیا و ئەناتۆلیا هێناوە..} لا 104

کەچی لە لایەکی ترەوە، پرۆفیسۆر عافێت ئینان، پەرتوکێک بە ناوی ( ئەناتۆلیای نیشتمانی ڕەگەزی تورک) دەنووسێت. باشە بە پێی دەربڕینی یەکەم دەنووسن کە تورک ژیار و کولتووری بۆ میزۆپۆتامیا و ئەناتۆلیا هێناوە، واتا ئەوان لەوێکانە نەبوون، بەڵکوم هاتوون. دەی چۆن دەڵێن: ئەناتۆلیا نیشتمانی بە ڕەچەڵەکی تورکانە؟ هەموو دنیا دەزانێت کە شوێنە کۆنئاراکانی تورکیای ئێستاکە، مێژووی بەرلە هاتنی تورک بۆ ئەوێکانەیە. مێژووی هتیت و یۆنان و کوردە. کە چی بە بیرێکی شۆڤێنی و کوێرکوێرانەوە دەنووسن ـ وەرگێڕ ـ:{ تورکیای جێنزرگەی مێژووی هەرە کۆن. کەرەستە دۆزراوەکانی بن زەوی بەڵگەی مێژووییە..} ـ هەمدیسان مەبەست لە مێژووی

تورکە! ـ . لێ ئەوان بێشەرمانە هەوڵیانداوە، خاک و خەڵک و مێژوویش بترکێنن!! پاش هەندێک تێزی خەیاڵی و بێبەڵگە لە مەڕ ئەنترۆپۆلۆگی ڕەگەزی تورکەوە ـ گوایە ! ـ لەم جێیەی ئێستادا، پرۆفیسۆر عافێت دەنووسێت: {.. لەگەڵ ئەو جیاوازییەشی کە لە هۆزە تورکەکاندا هەیە، ویستمان کە یەکبونی ڕەگەزی تورک دەربخەین. بەتایبەتی لە هەندێک لێکۆڵینەوەی پێشووتردا لە ئەناتۆلیا، قسە لە ژمارەی هەندێک لە هۆزەکانی وەک لاس ، کورد و ..هتد کراوە. جا چونکە ئەوانە لە ناوچەیەکی جیاوزتری ئەردنیگاردا بوون، وازمان لێهێنان. بەڵام لە بەراوردکردندا چەسپا، کە بەڵێ یەکێتییەکی رەگەزی لە تورکیادا هەیە...} لا107 ـ 108

بە کورتی و لە بۆچوون و بەرنامە و مەبەستی شۆڤێنییەوە، بە چاوی قونجاو و کەمێک کراوەوە، جیاوازی کورد و تورک دەبینن، بەڵام بە ئاشکرایش هاوار دەکەن کە کوردیش یەکێک لە هۆزەکانی تورکە!! ئەی کوردی پارچە داگیرکراوەکانی ئێران، عێراق، سوریا و کوردە پەرتەوازەکانی، گیۆرگیا، ئەرمێنیا و کازاخستان؟! ئایا بەمە دەگوترێت باسی زانستی؟ یان هەوڵدانی سیستەماتیکی توانەوەی نەتەوەی کورد و ئینجا نەتەوەکانی دی و بە ترککردنیان؟! ـ وەرگێڕ ـ

بێشکچی دەنووسێت: پرۆفیسۆر عافێت ئینان دەڵێت : کورد هۆزن. هۆزێکی سەر بە تورک. دەشڵێت: من بۆیەشە ئەم وشەیە بەدەممدا دێنم، چونکە ئاماژەیە بە جێیەکی، ناوچەیەکی ئەردنیگاریی. ئەی باشە ئەگەر کوردان لە ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا، باکووری عێراق، سوریا و ڕۆژئاوای ئێراندا بژین، ئیدی ناوچەی ئەردنیگاری چ مانایەکی هەیە؟ کە ئەوانە هۆزێکی تورکن؟ لا 109

کۆنگرەی سێهەمی مێژووی تورک کە لە 15 ـ 20 نۆڤێمبەری 1943 و لە ئەنقەرە گیراوە، درێژکردنەوەی هەمان بیروبۆچوون، حەز و ئارەزووە تاکەکان و سیاسەتی دەوڵەتی پێشووە.
پرۆفیسۆر شەمسەدین گونئەڵتای کە پەرلەمێنتاری هەلبژێردراوی ناوچەی سێواسە و سەرۆکی کۆمەڵەی مێژووی تورکیشە دەنووسێت:..{.. هەتا زۆرتر بە دوای مێژوودا بچین و لێی بکۆڵینەوە، ئەوا مێژووی تورکی ڕەچەڵەک زۆر کۆن، قوڵتر و بەرفراوانتر دەبێتەوە و دەچەسپێت. گرنگی شوێن و کاتەکەی هەر لە باسکردن نایەت. هەر هەموو هۆزەکان دەگرێتە خۆی. بۆیە دەتوانین بڵێین کە مێژووی ئاسیا، مێژووی تورکە. کە سیخنانە بە پاڵەوانێتییەکان. بە بێ مێژووی تورکیش، لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەوروپا و ئەفریقایش هیچ مەحاڵ نییە.. سەردەمانێک هەبوو کە بە سەدان ساڵ و بە هەموو لاکانی ئاسماندا، تەنیا گوێت لە زرمە و ڕمبەی سوارانی تورکەوە دەبوو... لە کن مە هەتا نهاکە نرخی ئەم مێژووە نەناسراوە. لەهەمبەر ڕابردوومانەوە کەمتەرخەمی کراوە. مێژوومان تەنیا بە 600 ساڵ و یانیش هەتا سەلچوقییەکان ـ 800 ساڵی دوای زایینی ـ حسێبکراوە. ڕەگوڕیشە و مێژووی پڕ لە سەروەری و ناوداریمان ئاشکرا نەبووە....} لا 110 ـ 111

خوێنەر دەتوانێت تەنیا بپرسێت؛ ئەرێ بەڕاستی ئەم جۆرە کەسانە ، ئەم وتاربێژی و خەیاڵبافییەیان ( کە گوایە میتۆدی زانستین!)بە جدی بووە؟ یان بۆ کات بەسەر بردن و خۆ خۆشەویست کردن لە کن ( بابی ترکان؟!!) ـ وەرگێڕ ـ

**لێکۆڵینەوە لە زمان**
**تیئۆری زمانی خۆر**
**ئاریی هۆزی تورک**

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت: هاوکات لە تەک تێزی مێژووی تورک، هەوڵیش بۆ بەرەوپێشبردنی تێزی زمانی تورک دراوە. بۆ نموونە هەوڵدراوە بیسەلمێنن، ئەو زمانە هیندوئەوروپیانەی ڕەچەڵەکیان لە ئارییەوە هاتووە، سەرچاوەکانیان بۆ زمانی تورکی بگەڕێننەوە. وە لە زمانی تورکیش زیاتر، زمانی ئاریی بوونی نییە. لە یەکەم کۆبوونەوەی مێژووییدا خانمی عافێت وتوویەتی.... لا 115

خانمی عافێت:{.. بە پێی ئەو فەرهەنگی زمانانەی کە من هەتا ئێستاکە دەیانزانم. ئەو وشەی (ئاریش) یەی کە لای ئەوروپییەکان خۆشەویستە، وشەیەکی تورکییە....مەبەستی من ئەوەیە، ئەو زمانانەی گوایە ئارین. دەکرێت ڕەچەڵەکیان بۆ ڕەگی زمانی تورکی بگێڕدرێتەوە، نەک بۆ بنەچەی زمانە هیندییەکان و یانیش فارسی. لێکۆڵینەوە و ڕاڤەی ئەمجۆرە دۆزە گرنگە، تەنیا مافی لێکۆڵەرە گەورەکانی تورکە. کە ئاکامیش دەبێتە جێی سەرسووڕمان.} لا 115ـ 116

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت: وتاربێژییەکەی خانمی عافێت باسە لەو خاڵانەی کە لە دۆزی لێکۆڵینەوە لە زمانی تورکیدا کراون. بێشک لێکۆڵینەوەیش لە زمان، هاوتا و هاوئاهەنگ بووە لەتەک هەمان تێزی مێژووی تورکدا. بەوجۆرەی کە بانگهێشتە دەکەن، هەرچی تزیڤیلاسیزیۆنی ئەم دنیایە هەیە لە لایەن تورکەوە بنیاد نراون. واتا بنەچەی هەموویان بۆ تورک دەگەڕێتەوە..... قسەکانی سەمیح ڕەفعەتیش لەم بارەیەوە شایانی هەڵوێست لەسەر وەرگرتنە، کە لە هەمان گۆنگرێسی زماندا کردوونی. ناوبراو لەم وتاربێژییەیدا، ڕەچەڵەکی زمانەکانی ئاسیا، ئەفریقی، ئەوروپی. ویستووشیەتی پەیوەندییەک لە نێوان زمانی تورکی و زمانی میزۆپۆتامیا ، میسر، باکووری ئەفریقا، نیوەدوورگەی ئیبیریا. ناوەندی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەندا بخوڵقێنێت. ئینجا دوای ئەوەی کە مێدیەکان و ئێرانییەکان دەخاتە خانەی ڕەچەڵەکی تورکەوە. دەشڵێت، کە دەبێت بنەچەی زمانی ئارییش بۆ زمانی تورکی بگێڕدرێتەوە. سەمیح ڕەفعەت بەگ لە وتارخوێندنەوەی دووەهەمیدا، دەچێتە سەر بابەتە ڕەخنەییە حەوت پەرەییەکەی ناوبراو ئیڤرام گالانتی کە لەـ بنەماکانی زمانی تورکیـ گرتووە. سەمیح لە وەڵامی ئەو ڕەخنەیەدا دەنووسێت:
{... وا دێینە سەر باسی مێژووی میسر و سۆمەر. ئیڤرام گالانتی مرۆفیسۆری مێژوو و تایبەتمەند بە گەلانی ڕۆژهەڵات، ڕەخنەئامێزانە لەهەمبەر ئەم تێزانەدا وەستاوە. لەو باوەڕەیشدایە کە بنەچەی ژیار و تزیڤیلیزاسیۆنی میسری دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی سامی. باوەڕەکانیشی دەگەڕێنەوە بۆ خووخدەیەکی کۆن. ئینجا وشەکانی وەک بابیلۆن، خالدی و ئەکاد، هەروەک لە ئینجیلی کۆنیشدا دێت، دەگەڕێنەوە بۆ سامیت. دەنا چەسپان و بەڵگەیەکی دی جێی باوەڕ نییە. ئەگەر نووسەرێکی ڕۆژئاوایی لەهەمبەر پەیوەندی زمان و کولتووری میسر و بابیلۆنەوە بنووسێت، خێرا جەنابی پرۆفیسۆر پەنجەی بەرز دەکاتەوە، هەروەک ئەو بیەوێت پیشانمانی بدات کە ئەو مرۆڤانەی بۆ میسر کۆچیان کردووە، بەباوەڕی ئەو، کولتووری تورکیان هەڵنەگرتبێت. فەرموو لاپەرەی ئەو هەموو پەڕتووکی مێژووانە هەڵبدەرەوە کە وا لەم نیو سەدەیەدا نووسراون و سەرنج بدەن. لەوێکانەدا بۆتان ئاشکرا دەبێت. لەلایەن نووسەرانەوە تۆمار و چەسپێنراوە کە هەروەک لە ئینجیلی کۆندا باس دەکات، گەلانی ڕۆژهەڵاتی کە بۆ سینار کۆچیان کردووە، یان بە تورک و یانیش سەربە توران بوونە..} لا 117

بێشکچی دەنووسێت: ئیڤرام گالانتی لەهەمبەر ڕەچەڵەکی وشەی ( ئارير) دەوە، ئەم سەرنجە دەنووسێت: ..لە 14 سەدەی بەری زایینیدا لە وڵاتی میتانیدا، لە پاڵ خواکانی خۆیاندا، خوای ئێرانیشیان دەپەرست. کە بێشک بنەچەی ئەو هۆزەیش ئاری بوون. لە میتانیدا شتگەلی وەک

ئاری بە هاڕی ـ واتا بە دوو ڕ ـ ئاماژە پێدەکرا. لە قەواڵەکانی دێرڕاسی ناوجەی سوسا، ئاری بە هارری کراوە. ئیدی پاشان هارری بۆتە ئارری. ئاریر دەربڕینێکی فەڕەنسیی ئەو وشەیەیە. ئاری، واتا بەڕێز ـ جەناب ـ . ئەگەریش وشەیەکی هاوواتای دەربڕینی هارری هەبێت، ئەوا وشەی ـ هێر ـ ی ئەڵمانییە کە با مانای بەڕێز و گران دێت.}** لا 118

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت: پرۆفیسۆر خەتیب ئۆغلۆ باسی ئەوە دەکات کە قسەکەرانی کۆنگرەی یەکەمی زمان، وتەبێژی ئەتاتورک و بەناوی ئەویشەوە قسەیان کردووە. لە قسەکاندا جەغت لەسەر ئەوە کراوە کە سۆمەر و هتیت زمانی تورکین. زمانی تورکی نەکە هەر سەرچاوەی زمانەکانی ـ ئوڕال ئەلتا ـ یە، بەڵکوم سەرچاوەی زمانی هیندوئەوروپی و زمانە سامییەکانیشە، بۆیە زمانی تورکی کۆنترین و پێشکەوتوترین زمانی دنیایە. لەم دەربڕینانەدا دەستەواژەکانی وەک ـ سۆمەرەکان وەک بابی تورک ـ و ـ هتیتی پشتاوپشتمان ـ باکار براوە. بۆ ئاری بوونیش وتراوە ـ تورک ئاژدادوئابادی ئارییەکانە ـ. ئەم ناوانە لە کۆنگرێسی یەکەمی زماندا بەشدار و وتاریان پێشکەشکردووە.

سامی ڕەفعەت بەگ ( بەراورد لە نێوان زمانەکانی تورک، ئاری و سامیدا.)

دکتۆر، سایم بەگ ( زمانی تورکی، زمانێکی هیندوئەوروپییە)

ئەحمەد جەواد بەگ ( بەراوردێک لە نێوان سۆمەری و زمانەکەماندا، لە هەمبەر فۆنێتیک، مۆرفۆلۆگی، وشەدان ـ فەرهەنگ ـ و شێوەی ڕستە.

ئەقۆپ مەردەیان ئەفەندی ( بەراورد لە نێوان زمانەکانی تورکی ، سۆمەری و هیندوئەوروپیدا.

محەمەد سەفەت بەگ ( جێگەی زمانی تورکی و پەیوەندیی بە زمانی ئارییەوە.)

حەقی نەزیح بەگ ( پەیوەندی و پەیوەستبوونی زمانە تورکییەکان. تایبەتمەندی ڕۆحی زمانە قورکییەکان و هیندوئەوروپی.)

راوف پاشازادە فوئاد بەگ ( دابەشبوونی زمانەکان، دەوڵەمەندی زمانەکەمان. گرنگی زمانی گەلی، پاشگرەکان و وێکچوون و جیاوازییەکان لە نێوان زمانی تورکی و هیندوئەوروپییەکاندا.)

حوسێن جاهید بەگ( گرنگی لێکۆڵینەوەی پەیوەندی زمانەکەمان بە زمانەکانی هیندوئەوروپییەوە.)

یوسف زیا بەگ( مرۆڤ چۆن بەراوردی زمان لەتەک زمانی بیانیدا دەکات؟)

بێشکچیٚ دەنووسێت:

.. لەڕاستیدا تورکان خۆ ئەو زمانانە نازانن، وا بەراوردی لەتەک تورکیدا پێدەکەن. بۆ نموونە وەک زمانی هتیت و سۆمەر. بێلەوەیش بەراوردەکان بە بەڵگە و زانستی بابەتی نەکراون، بەڵکوم لە چوارچێوەی حەز و خواستی کەسیدایە.. لا 122 ـ 123

لە هەمبەر زمانی تورکیشەوە کە جەخت دەکەن، سەرچاوەی ئەسڵی زمانەکانی جهانە، وەک هینی هیندوئەوروپی، سامی و عارەبیش،،ئەم جۆرە تێزە دەخەنە ڕوو: {....بە بیٚ ئیسماعیل حەمەت!!!! ـ نیشانەکان لەلایەن وەرگێڕەوە. ـ زمانی عارەبی دەبووە زمانێکی پرش وبڵاو و ناڕێک. زمانی ئەو خەڵکەی بەناو سەحرادا پەرتەوازە و سەرلێشێواو بوون. سەدان هەزار لە نووسیارانی درەوشاوە و زانایان تورکن. زمانی عارەبی بە درێژایی 1300 ساڵ ڕێگر بووە لە هەمبەر زمان و وشەی تورکیدا. کە وشەی تورکی بە ناحەزی لە ناویا ماوەتەوە. هیچ شتێک ئەوەندە جێی ئێرەیی پێبردن نییە کە بە تورکییەکی پاک بپەیڤیت...} لا 124

**کۆنگرێسی دووەمی زمان:**

لە کۆنگرێسی دووەمیشدا، کە لە 18 ـ 22 ی ئۆگۆستی 1934 و لە ئیستەنبوڵ بەستراوە، هەمان ئاوات و خواستەکانی کۆنگرەی یەکەم لە خۆ دەگرێت. کازم پاشا لەو کۆنگرێسەدا دەڵێت:{.. یەکێتی زمان نەک هەر گرنگی خۆی لە یەکێتی نیشتمان و باوەڕدا، بەڵکوم چاودێریکەریشە. بۆیە میللەتەکەمان نرخێکی زۆری پێقایل دەبینێت. هەروەک دەزانین گەلانی تورک ( ڕەگەز و هۆزەکان) لە هەزاران ساڵی ڕابردوودا رەویان بۆ پێدەشتەکانی ـ دۆنش ـ کردووە. بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی خۆرئاوا و بەرە و لێوارەکانی ـ ئیسی ـ بەربڵاوبوونەتەوە. لەوناوەدا نیشتەجێ بوون و لەوێشەوە بەهەموو دنیادا کولتووریان بڵاو کردۆتەوە. هۆزە تورکەکان کۆچوڕەوی جیاوازیان کردووە کە ئیدی ناوچەکان ملکەچیان بوون. تەنانەت گەیشتۆتە ئەو رادەیەشی کە خەڵکی ئەو ناوچە دۆزراوانە، زمانی دایکی خۆشیان لەبیرچۆتەوە...} لا 125ـ 126

ئیبراهیم نەجمی بەگ، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زمانی تورکی، بەمجۆرە تێزی سەلماندن دەنووسێت:{... لەو کارەی هەتا نهاکە ئاراستە کراوە و ئینجا بڕیاری کۆنگرەیش. ئەم هەڵوێستە چڕ دەکاتەوە:.. دەبێت زمانی تورکی لەتەک کۆنترین زمانانی وەک سۆمەر، هتیت و یانیش گوایە هیند و ئەوروپی و زمانەکانی سامیش بەراورد بکرێن...مەبەست لەوەیە کە زمانی تورکی سەرچاوەی ئەزەلی زمانەکانی هیندوئەوروپییە. ئەم بۆچوونەیش ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتر سەقامگیر و دەچەسپێت. مرۆڤ تەنانەت لە زمانی عارەبیشدا بۆ ڕەگ و ڕیشەی زمانی پاکی تورکی دەگەڕێت...} لا 126

دوو کەسی دی،کە مەستی هەستی نەتەوەیی شۆڤێنین، یەکەمیان بەناوی دوکتۆر شەوکەت عەزیز، باسێکی بەمسەردێڕە هەیە:.{ زمانی هیندوئەوروپی تورکییە.} ئەویتریش بەناوی تەحسین عەمەر دەنووسێت:.{ زمانی تورکی لە زمانی کۆنی مایای مەکسیکۆ و وباس لە وشەکان.} لا 127

لەهەمان گۆنگرەی دووەمی زماندا، کە پسپۆڕی بیانیشیان داوەت کردووە؛داوایان لێدەکەن کە ئەم پڕوپاگەندە و درۆیانەیان بۆ بڵاوبکەنەوە! ئەوەتا دەڵێن ـ و ـ{.. ئاواتی سەرەکی زمانناسانی تورک ئەوەیە، ئەو زانا زمانناسە سۆڤیەت و پۆڵۆنی و ئەڵمانیانە، لە ئۆرگانەکانی وڵاتەکانی خۆیاندا و لە خوێندنگاکاندا باسی بکەن کە زمانی تورکی دابڕاو لە زمانی هیندوئەوروپی نییە. جیاوازیەکەیش هێندە نییە کە شایانی باس بێت. ئێمەیش هیچ گومانێکمان نییە کە ئەو زانایانەی لێرەکانەدا بۆچوونی خۆیان بەیان کرد، هەمان ئەرکی زانستی خۆیان بەربڵاوتر پەرە پێدەدەن.} لا 128

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت: لەگەڵ ئەوانەیشدا ناتوانرێت قسەکانی ئەو زاناتورکانە لەمەڕ تیئۆری زمانی تورکیەوە لە لایەن ئەو زانا بیانیانەوە بە جدی وەربگیرێت. چونکە خۆ ئەوان هیچ بەشداری ئەو جۆرە گفتوگۆیانەیان نەکردووە. لا 129

**کۆنگرێسی سێهەمی زمانی تورکی لە 24 بۆ 31 ی ئۆگۆستی 1936 لە ئیستەنبول!**

لە وتارێکدا دەنووسن:{... بنەمای ئەم کۆنگرێسە، لە تیئۆری زمانی ڕۆژەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. کە لە لایەن زانا زمانناسەکانەوە بۆ بنەمای زمانی خوێندنگە ئامادەکراوە. بەوهۆکارەوە گرنگی ئەم کۆنگرێسە تەنیا خۆی بە زمانێک و وڵاتێکەوە نابەستێتەوە، بەڵکوم بە پێی بەرهەمی زانستی کۆنگرێس بەربڵاو و درێژ دەبێتەوە. داوەتکردنی 15 زانای زمانناس و لە 11 وڵاتەوە،

هێزی بە گرنگی مەبەستەکە داوە. لەوکاتەوەی کە سەرنجی پیرۆزی ئەتاتورکی مەزن، کەوتۆتە بان زمانی تورکی. ئیدی لەلایەن زمانناسەکانەوە هەنگاوی خێراتر لەم بارەیەوە نراوە.....} لا129

جارێکیدیش جەغت دەکەنەوە کە {... زمانی تورکی سەچاوەی زمانە ئەوروپی و سامییەکانە.} لا130

سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زمانی تورکی ( ئیبراهیم نەجم دیلمان) لەبارەی تێزی زمانی ڕۆژەوە دەڵێت:{... هەوڵدان لە هەمبەر مێژووی تورکەوە سەڵماندی کە کولتوورەکانی وەک ئاسیای ناوەند و براخیزیپاڵ، سەر بە کولتووری هۆزە تورکەکانن. هەر ئەم کولتوورەیش بە هۆی کۆچ و ڕەوی جیاوازەوە پەلی بەرەو ئاسیای ڕۆژهەڵات، ئەمەریکا، هیندستان، بەرزاییەکانی ئێران، میزۆپۆتامیا ، بەرایی ئاسیا، فۆنیق ، قیبت ـ میسر ـ؟ و باکووری ئەفریقا کێشاوە. لە ئۆڕاڵ و ڤۆڵگایشەوە بۆ دۆناو و لێوارەکانی ڕاین ( ڕووباری ڕاین کە لە سویسراوە دێت و بە ناو ئەڵمانیادا دەچێتە وڵاتی هۆڵەندە و دەرژێتە زەریای باکوورەوە ـ وەرگێڕ ! ـ) کە هەروەک بە لێوارەکانی ئەتلانتیکدا بڵاو بۆتەوە..} لا 130

ئەم قسانەی سەرەوە لە وڕێنەیەکی خەیاڵبافی شۆڤێنی زیاتر، هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە! چۆنیش خۆیان لە بەرامبەر ئەو میوانە بیانیانەدا ڕسوا کردووە! خۆ دیارە کە بێدەنگی میوانەکان لە بە کەمگرتن و بە هیچ نەزانینی ئەو درۆ و دەلەسە نازانستیانەوە بووە کە هیچ بنەمایەکیان نەبووە!ـ وەرگێڕ ـ

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت:{..بە پێی تێزی مێژووی تورک. ناوەندی ئاسیا سەرچاوەی هەموو پێشکەوتنەکانی دنیایە. پێشکەوتنەکانیش لە لایەن تورکانەوە بە گێتیدا بڵاو بۆتەوە. جا لەبەر ئەوەی کە تورک دامەزرێنەری کولتوورەکانن، بۆیە زمانی تورکیش کراوەتە سەرچاوەی زمانەکانی دنیا.... باوەڕهێنان بەوەی کە هەموو زمانەکان دەگەڕێنەوە بۆ زمانی تورکی، هێندە بەهێز بووە کە بە قسەی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زمانی تورکی ـ ئیبراهیم نەجیم دیلمان، ڕەگوریشەی وشەکانی وەک / ئێلێکتریک/ دینامۆ/ مێتر و گرام، بۆ زمانی تورکی گێڕدراوەتەوە. بۆ ڕاستی ئەم تێزەیش دوو بۆچوون بەراست وەردەگرێت، یەکەمیان/ دێرۆکییە. مێژوو پیشانی دەدات کە ڕەگو ڕیشەی هەموو مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە بۆ تورکی ـ براخیتزیفالن ـ ی نێوەڕاستی ئاسیا. کە بەهۆی کۆچەوە بەرەو ئەوروپا، ئەفریقا، ئەمەریکا و زریاکاندا بڵاوبوونەتەوە. دووهەمیش هۆکاری زمانناسییە/ کە زمانی تورکی وەک باسکرا دایکی هەموو زمانەکانە. سەرچاوەی زمانەکانی هیندوئەوروپییە. لەم قسانەدا ئەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە تێزی زمانی ڕۆژ، هاوکات لە پاڵ تێزی مێژووی تورکدا، لە لایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە دروستکراوە و گەشەی پێدراوە. بەڵام ئەمە تیئۆییەک نییە کە بنەمای بابەتی و ڕاستی هەبێت. بەڵکوم زۆرتر تیئۆرییەکی خواستی تاکە کەسییە، حەز و تاسەی دەربڕین دەخوڵقێنێت. .. لا 131،132،133،134

بێجگە لەو بابەتە جۆراوجۆرانەی کە لە کۆنگرێسەکانی تێزی مێژووی تورک و تێزی زمانی ڕۆژ، خوێنراونەتەوە، هەشت بابەتی تریش لە بەر نەبوونی کات نەتوانراوە پێشکەش بکرێن. بابەتێکیان نووسینێکی( بەها ئەریکان) ە بە ناوی ـ زمانی ئێتروسکیش ـ و کارگەری زمانی تورکی لەسەر زمانە جیهانییەکان.

بێشکچی دەنووسێت: لەم وتارانەیشدا باس لەوە دەکرێت کە خوایەتی خۆر نەک هەر هینی تورکەکانی ناوەندی ئاسیایە، بەڵکوم هینی هەموو ئەو تورکانەیە کە بە دنیادا بڵاو بوونەتەوە. لە وێشدا جەغت لەوە دەکرێت کە هەموو ناوی خواکانی وەک / ئاتۆن / ڤۆتا / بیل / ئیل / ئۆدین

لە میسرـ قیبت! ـ/ گێڕمانەکان / سۆمەرەکان / ئەکاد و سکاندیناڤییەکان ، وشەگەلێکن کە ڕەگوڕەشەی توریان هەیە.. لا 138

ئیسماعیل بێشکچی دەنوسێت: ڕاپۆرتەکانی ئەم کۆمیسیۆنە هەوڵیانداوە کە گوایە، زماناسە بیانییەکانیش ،ڕایان لە سەر ئەو تیئوری زمانی خۆرە بووە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو زانا بیانیانە لە کۆنگرەی سێهەمی زمانی تورکیدا. یەک وشەیان لەو بابەتەوە نەوتووە. لە وتاربێژییەانیاندا تەنیا بە کەمال ئەتاتورکیاندا هەڵداوە. لا 139

خۆ دەبێت خوێنەری هۆشیار لە خۆی بپرسێت: یەکەم، یاندەبێت وتارەکانیان بە هیچ وەرگرتبێت، چونکە هیچ فاکتێکی زانسیان تێدا نەبووە. دووهەمیش، یانیش بە پارە دەمیان چەور کردبن کە تەنیا بۆ رای جیهانی و بۆ ڕیکلام حزوریان لەوێکانەدا هەبێت! یانیش بابەتەکانیان هێندە بەلاوە نازاستی و نزم بووبێت، کە نرخی بەشداریکردنیان بۆ دانەنابن!
.ـ وەرگێڕ ـ

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت:..هەر لەو ساتەوەختەی کە جەغتیان کردووە، گوایە هەرچی کولتوور و پێشکەوتنەکانی ئەو دەڤەرە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە سەری هەڵداوە و لە لایەن تورکەوە بڵاو کراوەتەوە،لەو سەریشەوە گۆڕانییە فۆلکۆرییەکان لە ڕادیۆدا قەدەغە کراون. بەوهۆکارەیشی کە گوایە زۆر زەق و وشکە. لە جیاتیان مۆسیکی کلاسیکی خۆرئاوایی پەخشکراوە. ئینجا سەیر بکەن: ئەم هەموو نەتەوە پێشکەوتوانە گوێیان لە مۆسیقی گەلیی تورکی نەگرتووە بەڵکوم لە مۆسیقای کلاسیکی خۆرئاوایی! لا 141

دەتوانین بڵێین کە ئەوان زانیویانە چیدەکەن، یەکێک لە نەخشە شۆڤێنی و نامرۆڤانە و داگیرکەرییەکانیان بووە، مۆسیقی ڕەسەنی کورد، ئەرمەن و یۆنانیەکانیان قەدەغە کردوە، کە گەلانی ڕەسەنی ناوچەکەن. بۆ ئەوەی گەلانی دوور دەست، باسێک لە گەلانی ڕەسەنی ئەو ناوچە داگیرکراوە نەکەن و بە درێژیی زەمان و مێژوو لە بیر بچنەوە، لە هیچ جێیەک ناوی کورد ، ئەرمەن ، یۆنانی و لاس، نە مێنێت و نەکرێت، هەتا هەمووان دەترکێنرێن!! کە بەداخەوە و تا ڕادەیەک ئەو سیاسەتەیش سەری گرتووە!. تورکان بە ڕێبەری و ئامۆژگاری مستەفا کەمال( باوکی تورک!) بێجگە لە ترکاندنی گەلانی ڕەسەنی ناوچەکە، لە هەوڵی ـ بە خواست و ئاوات و بەرنامەی شۆڤێنیان ـ بە ترککردنی گەلانی کۆنئاراو دووردەستی ناوچەکەیشدا بوون.ـ ورگێڕ ـ

**( مەستەفا کەمال قازیی مەزن، تەنیا پێوەری ڕاستییەکانە)**
ئیسماعیل بێشکچی لەمەڕ ئەو دەربڕینەوە، دەنووسێت .. هەر وەک لەوەبەری کۆنگرێسی مێژوویی تورک،لە کۆنگرێسی زمانی تورکیشدا، هەرگیز ڕاستی وەک بابەتیی ڕەچاو نەکراوە و وەرنەگیراوە. ئەوان تەنیا شتێکیان بۆ ڕاست و ڕەوا و پێوانەیە، تەنیا کەمال ئەتاتورک. بۆیەش لە کۆنگرێسی سێهەمی مێژووی تورکدا، لەژێر تیشکی تیئۆری زمانی ڕۆژدا، پاشناوی ( ئەتاتورک / باوکی تورک / و/) بە کەمالەوە دەلکێنرێت....} لاپەڕە 143

لە وتاری ناوبراو( یوسف زیاد ئۆزەر) دا نووسراوە:{ .. ئەتاتورک ڕەنگدانەوەی ڕووناکی ئاسمانە لەسەر زەوی. ئەو بۆ نەتەوەی تورک تاکە سەروەت و راستیەکە........ نەتەوەکانی سەردەم توند خۆیان بە مێژووەکەی و زمانەکەیەوە دەبەستنەوە. ئەو مێژوو و زمانەی کە ئەوان خۆیانی تێدا دەبیننەوە، هەتا بتوانن درێژە بەژیانیان بدەن. زانستی زمانەکەی دوورترین و تاریکترین سوچی

مێژوو ڕووناک دەکاتەوە. من خۆم لەبەر دەم ڕۆشنایی ڕۆحی ئەو تورکە مەزنەدا دەچۆمێنمەوە. ئەوی کە لە هەموو لایەنێکەوە وەک خۆر بوو.... ئەتاتورک، ئەتاتورک، ئێمە سوێندت بۆ دەخۆین و لەخۆرت تینووێتیمان دەشکێنین..... ئەو ڕۆژە ترسناکەی کە نەتەوەی تورک ترسی تێداچوون و نەمانی لێدەکرا، مێژوو ئەم ڕەسەن و پڕ بەهرە و ژیر و کارامەیەی بۆ ناردین.....} لا 143 /144

لە ساڵی 1950 دا و لەیەکێک لە نووسینەکانی ( فالیح ریفکی ئەتای) دا، نووسراوە:{ ... ئێوە خێرا هەست بەوە دەکەن کە بۆچی ئەتاتورک، توند خۆی بە دۆزەکانی مێژوو و زمانەوە بەستۆتەوە. وەک پاشماوەی خۆی جێیان دێڵێت. بۆ ئەوەی تورک باوەڕیان بە مێژو و زمانی خۆیان هەبێت و قایم بێت. هەتا باوەڕ بە کەسایەتی خۆیی لا دروست بێت. هەتا بتوانێت کۆمەڵگایەکی نوێژەن و لە دەرەوەی دنیای ڕۆژهەڵاتی ئیسلامدا فەراهەم بێنێت. ئەتاتورک هەرگیز شەرمی لەوە نەکردووە کە پەڕگیر ـ موبالەغە ـ ترین بابەتی زماناس و دێرۆکناسەکان وەربگرێت. هەتا نەتەوەکەی لە هەستی خۆبەکەمزانین، ڕزگار بکات. ئەتاتورک لەسەر خاڵێک پێیدادەگرت کە ئەو وشانەی لە زمانی تورکیدا هەن، بەراستی تورکین...} لاپەرە 145

واتا ئەو هەموو وشە عارەبی، کوردی، فارسی و لاتینی و یۆنانیانەی کە لە تورکیدا هەن ـ بەتایبەتی کە ڕێژەی عارەبیەکە لەبەرچاوە وەک: ئیتلاعات!تعمیرات!، تەعدیلات!،حورییەت!،مەدەنیەت!زەمان،ئیمکان! جمهوریەت!حرف!، جوملە!کیتاب!،مەکتوب!، ـ بە تورکی بقەبلێنرێن. ئەمەیە کۆلۆنیکردن و دزینی زمان و کولتووری گەلانی تر!ـوەرگێڕ ـ

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت:.. لە هەڵبەستێکی ( مێلاحات سزنەر) کە لە کۆنگرێسی پێنجهەمی زماندا خوێنراوەتەوە، هەمدیسان دەستەواژەکانی وەک: ـ زمانی تورکی زمانی خوایە ، بۆیە لە هەموو زمانەکانی تر لەسەرترە.... لە کۆنگرێسی یەکەمی زماندا ڕایانگەیاندووە کە زمانی تورکی سەرچاوەی هەموو زمانەکانە. زمانێکی کۆن و لە ئاستێکی بەرزدایە. باسیان لە گەل وزمانی پێشکەوتوو و ناپاشکەوتویش کردووە. لەمبارەیەوە ( جەلال زاهیر) دەنووسێت و دەڵێت :ـ ئەو زمانەی کە هۆزە پاشکەوتووەکان پێیدەدوێن، جێی پەسەند نییە. مەبەستیش لە هۆزەی پاشڤەڕۆ و ناپێشکەوتوو کورد بووە و زمانە پاشکەوتوەکەیش کوردی. چ لە کۆنگرێسی مێژوو و لە کۆنگرێسی زمانیشدا، هەمیشە پاتە کراوەتەوە کە هەمووان تورکن و هۆزێکیش بەناوی کوردەوە بوونی نییە....... لا 147 / 149

( س. فاتح گۆکچایلی) ، لە کۆنگرێسی چواری زماندا دەنووسێت و دەڵێت:{... ئاوار، گەتشن، لێسگی، کوموک، نوکای، کەرکس، تاچیک، ئۆزبەگ ـ باشکرت، ئۆستیاک، ڤۆتیاک و زاراوەی تیبیت، هەرهەموویان بە کەمێک جیاوازییەوە، بەڵام تورکین. لەمڕۆدا تێگەیشتن لە نێوان ئەم زمانانەدا دژوارە. بۆیە تەنیا لە ڕێگەی وابەستەیی ئایین و خووخدەکانی نەتەوەییەوە توانیویانە کەسایەتی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن. ئەگەر بێت و ئەم هەموو زاراوانە خۆیان لە زمانێکدا بگرتایەتەوە، ئەوا هەردەبوونە تورک، چونکە هەمان ڕەچەڵەکیان هەیە. بۆ نموونەیش تورکی تورکستان، تورکی قەوقاز و هتد. ئیدی ئاوا نەدەبوونە ئەم هەموو هۆزە. ئەگەر ئەمڕۆ ئازادی زمان بە کورد، لاس و چەرکەس بدرابایە، کە بە ڕەچەڵەک تورکن ، هەروەک سەردەمی عوسمانی درابوو، ئەوا ئەمە بۆ زمانی هاوبەشمان، هەنگاوێک گەڕانەوە بوو بۆ دواوە....} لا 149

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت: ... ناوی کوردی سەردەمی عوسمانی دەبرێت. ـ کوردێک کە ڕەچەڵەکیان تورک بووە و بەڵام لە سەردەمی عوسمانیدا ئازادی زمانەکەیان هەبووە! ـ ئەرێ

شتی وەها دەبێت، ئازادی بە زمانێك دەدرێت کە بە ڕەچەڵەک تورکی بووبێت؟ ناتەبایی ئەمەیش لەوەدا دەردەکەوێت کە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا، دەستەواژەی ـ کوردی بەڕەچەڵەک تورک..ـ قەدەغە دەکرێت... باشە بۆچ زمانی ئەم کۆمەڵە بەڕەچەڵەک تورکە قەدەغە کرا؟ل 150

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت:.. یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگ و لەبەردڵانەکەی تێزی زمانی ڕۆژ،بەو مەبەستە بووە کە کورد بتوێنرێتەوە و بتورکێنرێت. ل 153

**بە پێی فەرهەنگەکانی زمانی تورکی، کورد چ مانایەکی هەبووە (کورد یانی چی؟ / و)**

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت :
لەبەرگی چوارهەمی فەرهەنگی وشەدانەکانی تورکدا (1936)، کە لە لایەن کۆمەڵەی زمانی تورکییەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاوها باس لە وشەی کورد و کوردستان دەکرێت:
کورد : ناوی کۆمەڵێک، یانیش سەربە کۆمەڵێکە کە زۆربەیان هەر تورکن و بەڵام زمانی خۆیان گۆڕی بێت و بە زمانێکی تێکشکاو و پەرێشانی فارسی ئاسا دەپەیڤن. ئەمانەیش لە تورکیا، عێراق و ئێراندا دەژین.
کوردی : زمانی کوردەکان ( لاپەرە 481 ی هەمان فەرهەنگ). بەڵام لە بەرگی شەشهەمی هەمان فەرهەنگدا کە لە ساڵی 1974 دا بڵاو بۆتەوە، وشەکانی کورد و کوردستان ، ئاوەها بەیان دەکرێن:
کورد: ناوی کۆمەڵێک یانیش سەربە کۆمەڵەیەکن، کە ڕەگەزیان بۆ تورک دەگەڕێتەوە و بە فارسیەکی شکاو دەپەیڤن. لە تورکیا، عێراق و ئێراندا دەژین. ل 153

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت: .. لە فەرهنەگی زمانی تورکیی کۆمەڵەی تورکاندا، جەغت لەسەر ئەوە دەکرێت کە ڕەگەزی کورد بۆ ترک دەگەڕێتەوە،بەڵام ئایا بنەمای ئەم بەڵگەیەیان چییە؟ ئەگەر تەنیا خواستی تایبەت نەبێت؟ ئەمە تەنیا هەڵوێستێکی سیاسی کۆڵۆنیاڵیستییە لە دژی کوردستان و نەتەوەی کورد. چ ئینستیتۆت و چ کۆمەڵی زمان و دێرۆکی تورک ، جەغتەکانیان لە مەڕ کورد و کوردستانەوە، نازانستین. ئەو دەستگایانە بۆ کوردان، لە فەرمانگەیەکی کۆلۆنی زیاتر هیچی تر نین. کە دەشوترێت: کۆمەڵگای کوردەواری لە ترکیا، عێراق و ئێراندا دەژین...بەڵام هیچ ئاماژەیەک بە هۆکارەکەی ناکات کە ڕێککەوتننامە ئیمپریالیستیەکەی لۆزانە. وەهایش هەڵسوکەوت دەکەن، دەڵێیت هەر لە ئەزەلەوە وەها بووە. بێشک کە ئەم دەربڕینانە هیچیان بنەمای زانستیان نییە، بەڵکوم سەپاندنی کۆڵۆنیالییە... ل 154

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت: دوای ساڵانی سییەکان لە زۆر جێی جیاواز و لە ساتوکاتی جیاوازادا، دانیشتنی نێوان سەرۆکوەزیرانی ترکیا، عێراق، ئێران.. یانیش وەزیرەکانی دەرەوەی ترکیا، عێراق، ئێران، بەریتانیای مەزن، فەرەنسا... یانیش کۆمیتەی سنووریەکانی نێوان ترکیا ـ سۆڤیەت، ترکیا ـ ئێران، ترکیا بەریتانیای گەورە، ترکیا ـ سوریا و فەرەنسا. لەم هەموو دانیشتنانەدا کورد بە دوژمنی هەمووان قەبڵێنراوە. بۆ دژایەتیکردنی ئەم دوژمنی هەمووانەیش... چالاکی ئیدیۆلۆگی، سیاسی و سەربازی کراوە. خنکاندن و بە خڵتانکردنی لە خوێنی مافی یاسایی و دیموکراتی کوردان، پەنانەدانی کوردەکان بۆ سنوور بەزاندن و دەرچوون لە لایەن چوار پێنج سوپای یەکگرتووە وە لە دژی کوردان. زوڵم و هێرشکردنە سەر ئافرەتان، منداڵان ، پیرانی مەدەنییەوە. سووتاندنی گوندان، خانوەکان، دەغڵودان، دارستان و ئاژەڵان. پرۆسەی گواستنەوە،

هەر هەموویان ئاکامی سیاسەتی هاوبەشی ئەوان بووە. ئەگەر مرۆڤ ڕۆژنامەی میللیەتی مانگەکانی پێنج، شەش، حەوت و هەشتی ساڵی 1930 بخوێنێتەوە، ڕاستیی ئەو هەموو ڕووداوەی بۆ ئاشکرا دەبێت. ئێمە کاری زانستی لەسەر ئەو هەموو کاری هاوبەشی سیاسییە دەکەین کە خەبات بووە بۆ بەشکردنی کوردستان ـ وەک لە لۆزان ـ. لێرەدا تەنیا نموونەیەک دێنینەوە.
باس لە (ڕیدوان بەگئۆغلۆ خەسرەو) ە ، باڵوێزی ترکیا لە تاران. ئەو لە دانیشتنێکیدا لە تەک ڕەزا شای پەهلەویدا، لە 15 ی مانگی نۆی 1930 دا، دەڵێت: دوای ئەوەی سوپاسی ئەو هەڵسوکەوتە باشەی و هەستیم کرد، بە تایبەتیش لە هەمبەر قازیدا ـ مەبەست لە ئەتاتورکە ـ ، ئیدی هاتمە سەر بابەتە سەرەکییەکە. من باسی لەشکرکێشی و چالاکی سوپایی هاوبەشم کرد لە دژی کوردانی ڕاپەریو و ڕێگرەکانی چیای ئارارات و سنوورەکان. وتم ئەو خۆی کە پلەیەکی بەرزی سوپایی لە لەشکری ئێراندا هەیە، وەک ئەرکێتی کە لە دژی ڕێگرەکان چالاکی بکات ، ئەو ڕێگرانەی کە لە ئاکامی هەڵبڕینیاندا پاشەکشە دەکەن. ئیدی لە ساتی هەڵبڕین و بەدوادا چوونی ئەواندا، ناچێتە خانەی سنوور بەزاندنەوە. ئیدی باسی بەرژەوەندی و چالاکی هاوبەشی سەربازی و سیاسیم بۆ کرد لە دژی ڕێگرەکان. ئەو ڕێگرانەی کە ئارامی ڕێکوپێکی هەردوو ولات دەشێوێنن. بە هۆی ڕێگری و قاچاغچێتی سنووریەوە، کارگەری خراپ دەکەنە سەر پەیوەندی باشمان.... .}ل 159 / 158

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت:.. هەروەک دیارە لێرەدا کورد وەک دوژمنی هاوبەش دەناسێنرێت، کە دەبێت بە سیاسەتی هاوبەشیش دژایەتیان بکرێت و لەناو ببرێن. پاشان دەرکەوت کە بەو سیاسەتی هاوبەشەی ئەوسا و دوایشیان چ چالاکیەکیان دژی کوردان ئەنجامدا و چ ئاکامێکی هەبوو. ئیدی خۆ ئاشکرایە کە چیان کردوە هەتا وشەکانی کورد و کوردستان لە سەر زاران و لە مێژوودا بسڕنەوە. هەروەک چۆن هیوای کوردستان لە چیاکانی ئارارات خرایە چاڵ و گۆڕەوە... ئینجا بە چ لوتبەرزییەکیشەوە ئەو چالاکییە پاڵەوان ئاساییە دەگێڕدرێتەوە. ل 160/159

ئیسماعی بێشکچی دەنووسێت..کادرە کەمالیستە ـ ناسیۆنالیستەکان ـ ئەرکیان ئەوە بووە کە بە توێژی مێژوویەکی دە هەزار ساڵی دروست بکەن. هۆشیاری مرۆڤەکانیش بەرەو سەردەمێکی نادیار و نەناسراو،، کۆن و تاریک بگێڕنەوە. ئەوەیش هەوڵێک بووە کە دۆزە ڕەسەناکانی ژیاری پێ بشارنەوە. هەوڵەکانیش بە هەلومەرجەکانی ئیدیۆلۆگییەوە بەستراونەتەوە. ئێمە دەبێت لێرکانەدا، ئاماژە بە هەندێک ناتەبایی و دژەبیر بدەین. لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی زمانی تورکیدا، هێڵ بەژێر وەها ڕستەگەلێکدا کێشراوە ..: هەموو مرۆڤەکان تورکن. خۆشحاڵیشن بە ڕەچەڵەکی تورک بوونیان، نەتەوەیەک و زمانێکیش بەناوی کوردەوە وجودی نییە. کەچی لەوڵاشەوە و لە ڕۆژهەڵات، لە ئاگری،زیلان،هەکاری،ساسۆن و تونجەلی کورد لە بەر کورد بوونیان، ڕەشەکوژ دەکرێت و دەسووتێنرێن... ل 162 /163

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت:.. لە ئەنقەرە ڕستەکانی وەک: ئێمە یەکەم جەنگی سەربەخۆییمان لە بەرامبەر ئیمپرالیستدا پێشڕەوایەتی کرد ـ ئێمە سەرۆکی نەتەوە چەوسێنراوەکان و بە بەندەکراوەکان بووین ـ هەروەک چۆن خۆر لە هەڵهاتندا دەبینم، ئاوەهایش دەبینم کە نەتەوە چەوسێنراوەکانی ڕۆژهەڵات یەک بەدوای یەکدا، هۆشیار دەبنەوە و هەڵدەستن ـ . بەڵام بە کردەوە، لەتەک زلهێزە ئیمپریالیستەکاندا لە هەوڵی بەشبەشکردنی کوردستان و تێکشکانی کورددا هاوکار بوون. لە ئاکامی پێکەوە کارکردنیان لەتەک ئیمپریالیستی فەرەنسی و بەریتانیدا، لە هەوڵدا بون کە نەتەوەی کورد پارچە پارچە بکەن و بەسەریدا زاڵ بن. هەموو هەوڵەکانی کورد بۆ چارەی خۆنووسین، خڵتانی خوێن کران. ل 163

با سەرنجێکی هوردی ناتەباییەکان بدەین. لە لایەک نووسەرێکیان دەنووسێت{.. ئەوەیش ڕاستییەکی مێژووییە کە تورک لە سەروبەندی دەستەڵاتی عەباسییەکاندا بۆ بەغداد هاتوون... ـ ساڵەکانی پاش 750 ی زایینی ـ و ـ . نووسەرێکی تریان دەنووسێت:{... ترکەکان پێش 7000 هەزار ساڵێک دەبێت لە نیشتمانی ئەسڵی خۆیان دوورکەوتنەوە و بۆ ئەناتۆلیا کۆچیان کرد...} لا 166/ 167

بە پێی سەرچاوەی مێژوویی، کرۆنۆلۆگیای دێرۆکی ترک، ـ کە لە پاشکۆی ئەم پەرتوکەدا ئاماژەی پێدراوە ـ هەتا نووسینی ئەم چەند دێڕە، مێژووی ترک لە کوردستانی داگیرکراودا، ناگاتە هەزارا ساڵ! ـ وەرگێڕ ـ

هیچ بەرێك بە خەیاڵبافییە نازانستییەکانیان نەگیراوە. لە حەز و ئارەزووی دنیا بە ترککردندا، لە ژێر دروشمی ـ زمان و کولتووری ترک، دایک و سەرچاوەی هەموو زمان و کولتوورەکانی ترە، لە پەرتوکی ( یوسف زیا) دا بە ناوی مێژووی ئێگێپت ـ میسر، کە لە ساڵی 1939 دا ولە ئەنقەرە بڵاوکراوەتەوە، لە ڕووپەری ژمارە 341 دا هاتووە:{ سەدەی نوێی بەردین و زیوین لە ناوەندی ئاسیاوە پەلی بەرەو دنیا کێشاوە. تا دێت باوەڕ بەوەی دەکرێت کە ئەوە ئەو میللەتەی بەرایی ئاسیا و زەریای ناوەند بووە ، کە لە دەستپێکی دێرۆکدا بوونە بناغەی هەموو کۆمەڵگا بەرەوپێشچووەکان، بەڵێ، هەر ئەوان هەلومەرجە بنەرەتییەکانی ژیاری پێشکەوتویان ڕەخساند، هیچ شکوگومانێک لە ئاسیاییبوونی ڕەچەڵەکی ئەو میسریە کۆنئارایانە ناکرێت کە لە پێشی پێشەوەی ژیاری نوێژەندان ...} لا 169

بەشێکی تر:

{..کە بۆ یەکەمینجار باس لەوە کرا، زمانەکانی سامی و هیندوئەوروپی لکێک، یانیش تێکەڵەیەکە لە زمانی ترکان، وەک گوناهێکی گەورە دەزانرا. وا ئەمڕۆکە مرۆڤ بە تەواو خووی بەم بەڵگەیەوە گرتووە. ژمارەی ئەوانەیشی کە ئەمە دەسەلمێنن، زۆرتر بووە.....ئێمە هیواداریین کە شیکارییکەمان لە هەمبەر بەشی یەکەمی بڵاوکراوەکەماندا لە ژێر سەردێڕی : ئاری ـ تورانی کە بە ئەڵمانیش بڵاوکراوەتەوە. باس لەوە دەکات کە ڕەچەڵەکی هۆزەکانی هیندوئەوروپی دەگەڕێنەوە بۆ ئەسڵی ئورالۆ ـ ئەڵتایی. هەر ئەم دۆزە ئەوەیش ڕوون دەکاتەوە کە عارەب ڕەچەڵەک نین و لە عارەبستان پەیدا بووبن،بەڵکوم ، ئەوانە یەکەم کۆمەڵە مرۆڤ بوون کە لە بەراییەکانی سیبیریا و تورانەوە هاتوون.} لا 170 / 171

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت: لە پەرتوکی قادر کەمالدا بەناوی مەسەلەی زمان لە ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا، کە لە مانگی یونی 1933 دا چاپو بڵاو کراوەتەوە. شتی وەسا دێتە گوتن:

{ پاش ئامارێک ئاشکرا بووە کە بەشێکی زۆری خەڵکانی ڕۆژهەڵات و باشوور، زمانێکی تر دەپەیڤن هەتا تورکی ڕەسەن. چۆن دەبێت شتی وەسا ڕوویدابێت کە ئەم خەڵکە زمانی خۆیان ژبیرکردبێت و بە زمانێکی دی نامۆ ئاشنا بووبێتن؟ ئەگەرچی هەر هەموو خەڵکەکە زمانیان ترکییە و بە پێی بەڵگەی مێژوویش سەر بە ڕەگەزی ترک بوون و هەن؟ دانیشتوانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات هەتا چەند سەدەی بەریش هەر بە ترکی ڕەسەن قسەیان کردووە، کەچی ئەمڕۆکە لەوێکانەدا بە زمانگەلێک ئاخافتن دەکرێت. یەکێک لە بەرفراوانترین ئەو زمانانەیش کە دوای ترک دێت، زمانەکانی کرمانجی و زازان. هەردووکیشیان زمانگەلێکی پاشڤەڕۆ و دواکەوتوون. لێکۆڵینەوە ئەوەی دەرخستووە کە هەردوو زمانەکان، زاراوەیەکی تێکەڵەی ترکین کە لەلایەن ترکانی کێوییەوە قسەیان پێدەکرێت. هۆزێکی هۆبەداری دەشتەکی کە لە نێو دۆڵێکی هەکاریدا جێگیرە، بەخۆی دەڵێ کورد.} لا 172

خانمی عیفات ئینان، لە ساتی کردنەوەی کۆلیژی زمان و مێژوو و ئەردنیگاریدا، لە فێبروەری 1936 دا، لە بەشێکێکی وتارەکەیدا دەڵێت:{... دەمهەوێت لەسەر ئەوەی جەغت بکەمەوە کە سۆمەر و هتیت ترکن. ئەو ژیار و کولتورەیەشی کە لە لایەن ئەوانەوە لە مێزۆپۆتامیا و ئەناتۆلیدا پێکهاتبوو، هەر تزیڤیلیزاسیۆنی ترکانە. ئەوە هیچ کە بۆ ئێمە بێچەندو چۆن وەسایە، لێ، بۆ زانستکارانی میانڕەویش کە گرنگیان بۆ دۆزینەوەی نوێ هەیە، لێی کۆڵراوەتەوە و سەلمێنراوە کە وەهایە.} لا 174

ئیسماعیل بێشکچی لە پەراوێزدا دەنووسێت:{ ئەو ساتەی خانمی عافێت و ئەوانی دیش وتارەکانیان خوێندۆتەوە، سکرتێری پارتی RVP یش، سەرکۆمار قازی مەزن مستەفا کەمال ، یەکێک لە گوێگرەکان بووە لەوێکانەدا. بەڵام خانمی عافێت کە پاش سالانی شەستەکان 1960، واتا لە 1968 دا، بیرەوەرییەکانی دەنووسێتەوە، ئەم وتارەی کە لە ژێر سەردێڕی ـ ڕاستییە بەڵگەنەویستەکانی مێژووی ترک ـ بڵاوناکەتەوە. زۆرتر ئاماژە بە پاتەکردنەوەی وتاری بەناو ـ یاد لە ئەتاتورک و دۆکۆمێنتەکان ـ دەکات. بەڵام لە راستیدا دەقی ئەو وتارەی کە خوێندوێتیەوە، ناخاتە ناو پەرتوکی بیرەوەرییەکانی. بێشک ئەمەیش هەڵەگیری و چاککردنێکی بێدەنگە، بێلە ڕەخنە لە خۆگرتن. شاردنەوەی ئاکارێکی زیانبەخش. لێ، لە ڕاستیدا مرۆڤ ناتوانێت هیچ شتێک هەروا بشارێتەوە. نەزانین و بێمیتۆدی، دۆگماتیزم و کاری مێژوویی خۆبۆخۆ. دێرۆکنووسینی پارە بۆ سەرفکراو بە شیوەیەکی جەغت لەسەر کراو درێژەی پێدراوە.} لا 174

وتاربێژییەکەی پرۆفیسۆر ئیبراهیم نەجیم دیلمان، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زمانی ترکی و پەرلەمێنتاری هەڵبژاردەی بوردور لە مێدیادا و لە ئولکوی ژمارە 43 یی مانگی سێپتێمبەری 1936 دا. دەکرێت قسەکردنەکەی ئاوها چڕ و کورت بکەیەنەوە:{ چوار ساڵ لەمەوبەر تیشکی خۆر لە گینوسەوە هەڵهات کە سەرۆکی مەزن ئەتاتورکە. ڕزگارکەری مەزن دەیوست کارێک بۆ هەبوونی نوێی ترکیزم بکات. تەنانەت فەراهەمکردنی بنەماکانی کولتوورێکی نوێش. لەم پەیوەندی و هەلومەرجەدا، پەیوەندی ترکیزم و لاوانی ترکی هێنایە بەر باس. هەر بۆیە دەشێت یەکەم کۆنگرێسی زمانی ترکی کە لە 26 / سێپتێمبەری 1932 دا و لە دۆلماباخچەی سەرایل بەسترا، بەیەکەم تیشکی ئەم خۆرە پرشنگدارە بزانرێت و ببینرێت.
سەرکردە بە هۆکاری پێشنیار و خستنەکاری پیتی نوێی ئەلفبای ترکی لە 20 / ئۆگۆستی 1928دا، بووە هۆکاری دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە بزووتنەوەی کولتووری ترکیدا. بەڵام پێش لە شۆڕشی زمانیش بابەتێکی مەزنی تری خستە بەر باس. ئەویش کە دێرۆکی ترکە. مێژووی دوێنێ و نهاکەمان. بەرلەوەی ئەتاترک دەستی پیرۆزی بخاتە سەر مێژوومان، دێرۆکمان لە هەژارییەکی بەزەیی پێداهاتنەوەدا بوو. مێژووی ناسراو لە کن مە، تەنیا ئەو پەرتووکانە بوون کە لە زمانەکانی ئەوروپاوە وەرگێڕدرابوون. پەرتووکی بیۆگرافی سوڵتانەکان، لەدایکبوونیان ، هاتنە سەر دەستەڵاتیان و مێژووی مردنیان. هەر هەمووشیان دەست لە ناو دەست لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە هەبوونی نەتەوەی ترک وەک داڕوخاوە پیشان بدەن. هەروەک مێژووەکەمان لە کۆچڕەوی 400 ڕەشماڵێکەوە بۆ ئەناتۆڵیا دەستی پێکردبێت. هەروەک بڵێیت سەرچاوەی کولتوور و زانست لە ئەنتیکی یۆنان و ڕۆم و چاغەکانی کۆنی عەرەبستانەوە و یانیش لە سەردەمی نوێی ئەوروپاوە بووبێت. هەروەک بڵێیت کە ترکان لە مێژوودا لە جەنگ و هێرش و تێکدان زیاتر هیچی دی نەزانن.

تێزیی مێژوویی ترکان  کە لە ئەتاترکی دانای مەزنەوە دەستی پێکردووە،بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو بۆچوونە نامۆیانە، ڕێی نوێی خۆی گرتە بەر. بە بەڵگەی زانستی جیهانیش سەلمێنراوە کە ئەوە ترکان بوون تەشەنەیان بە قۆناغە کولتووری و پێشکەوتنەکانی دنیا داوە...... زانایانی ترک گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ڕۆحێکی نوێ بەبەری ترکیزم و کولتووری نوێدا بکەن، ئەویش نەک هەر شایانی ڕێز و ناوبانگە لە ڕابردودا، بەڵکو لە داهاتووی پرشنگداریشدا. خۆ نەدەکرا زمانی ترکی کە بابەتی ئاشنای زانستکارەکانە و غەزێنەی کولتووری ترکانە، هەروا لەو هەلومەرجە لەبیرکرا و بەخەسارچووەدا بمێنێتەوە... سپاس بۆ ئەتاترک: هەرهەموو پڕۆژەکانی ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ دانایەک. ئەو دانا و خوڵقێنەرەی کە بووە هەوێنی هەبوونی ترک.. ئەویش ئەتاترک خۆیەتی کە ئەم هەوێنەی لە ڕۆحی نەتەوەدا دۆزییەوە. ئەو ناوەند و سەرچاوەی هەموو زانیارییەکانمانە...} لا 175 / 176

ئیسماعیل بێشکچی لە پەراوێزدا دەنووسێت:{ ئەم وتاربێژییە لە مێدیاکانەوە ڕوو بە نەتەوە پەخشکراوە. کۆتایی وتاربێژیەکە ڕووی لە نەتەوە نییە، بەڵکوم تایبەتە بە ئەتاترک. لێرەدا هەمدیسان هەست بە سیستەمی تۆتالیتێر و سەرکردە دەکرێت. ئەوەتا سەرکردە ناوەندی دەربڕینەکانی نەتەوەیە....} لا 176

عیزەت دامیرای لە هەڵبەستێکیدا بە ناوی ـ بنەچەی من ـ کە لە یەنی ترک ی ژمارە 10 ی یولی 1933 دا بڵاویکردۆتەوە دەنووسێت:

ئەو بابە گەورەیەمی کە دەستەڵاتی بەسەر چیندا هەبوو و
هیندستانیشی خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیەوە
مێژوو بە ڕێزەوە یادی لێدەکاتەوە
داناییەکەی بە دەمارەکانی مندا دەسووڕێت و
ناودارییەکەی شایانی یادکردنەوەیە
بابە گەورەم بەسەر ئەسپەوە کە سەربەست و شادمان بوو
بەخێرایی لە ئەڵتایەوە بەرەو خۆرئاوا
بۆ جەنگ و شەڕ چوو . لا 177

مونیر موئەییەد بیکمانیش، لە یەنی ترکی ژمارە 15 ی نۆڤێمبەری 1933 دا هەڵبەستێک بەناوی ـ سیمبۆلی خەباتمان: ئەو کەسە خۆشحاڵە کە بێژێت من ترکم. بڵاو دەکاتەوە:

گێتی بووە بە چاوێک... گوێیەک و بە دڵێک  و
چاوەڕێی کرد
غازی ( مەبەست لە ئەتاترکە ـ و) ئەو ترکەی بەسەر مێژوودا زاڵ بوو
پەیڤی...
ئاپۆرەکەیش سەرسام بوون
بوونە خۆشەویستی و بوونە ئاگر و گوێڕایەڵ بوون
هەر کە زایەڵەی پانزەساڵی ـ ئەو کەسە خۆشحاڵە کە بێژێت من ترکم ـ هات

هەر لە قوڵایی ئاسیاوە هەتا ڕۆژئاوای دوور دەنگیدایەوە.
دەنگەکە ئەو هەموو پارچە زەویانەی هێنایە لەرزە
کە  خوێنی ترکی پێدا ڕژابوو:
ئەو کەسە خۆشحاڵە کە بێژێت من ترکم
خواست و هێزێک
 کە لە مۆنۆمێنتێکی لە ئیدیال دروستکراوە
مایەی سەربەزیمە و
سینبولی خەباتمە و
خەباتی سینبول. لا 177 / 178

ئیسماعیل بێشکچی لە پەراوێزدا دەنووسێت:{ هەڵبەستوان مونیر موئەییەد بیکمان، مامۆستای وێژەیە لە ئامادەیی و سکرتێری پارتی RVP و سەرکۆمار غازی موستەفا کەمالیشە. بۆ یەکەم جار و لە 29 ی ئۆکتۆبەری 1933 دا ئەم ڕستەیەی بەکار هێنا ( ئەو کەسە خۆشحاڵە کە بێژێت من ترکم ) . ئەویش لە دەهەم ساڵیادی کۆماردا. هەر لەهەمان ساڵدا بوو کە هەموو کوردێك، ئیدی گەنج و پیر، کچ و خورت، دەوڵەمەند و هەژار، خاوەنزەوی گەورە و جووتیاری بێزەوی، دوور دەخرانەوە. مەبەست لە ( ئەو کەسە خۆشحاڵە کە بێژێت من ترکم) پەیامێک بوو بۆ کوردان. ئەو کوردانەی کە نەبوونە ترک، نەیاندەهێشت بترکێنرێن و کەسایەتی  خۆیان بزر بکەن. ڕێگەیان نەدەدا بکرێنە بەندە.. ئیدی خۆ لە ئاکامیشدا هەر نەیاندەتوانی خۆشحاڵ بن.

هەڵبەستێکی خانمی بالیدە نوسرەت زۆرلوتونا:
ئەوساتەی دنیا لە تاریکیدا دەژیا
لە ئاسۆوە خۆر هەڵهات،
ئەویش باپیرەت بوو.
ئەوە ترک بوو کە لە دەستپێکدا،
پارێزگاری لە ڕۆشنایی تسزیڤیلیزاسیۆن کرد
ئەگەر ئەو نەبایە
ئەوا دنیا بە بێ خۆر دەبوو.
5000 هەزار ساڵ ناوەندی ئاسیا
لە ژێر ڕووناکییدا بوو.
ئیدی سەردەمێک هات کە لە تینوێتیدا دەسووتا
ئەوەیش وڵاتانی تر بوون کە بە ئەندازەی پێویست
لە تسیڤیلیزاسیۆنمان بەرخوردار بوون...
باپیرەکانمان هێرشیان کردە سەر
چین ، هیندستان، ئاسیا و هتیت لە ئانادۆڵیا..
بۆ سەر ولاتی گەورەی سۆمەر لە میزۆپۆتامیا..
تسیڤیلیزاسیۆن بۆ، ئیلام، ئەگێیتن، زەریای ناوەند و ڕۆم
لە هەموویاندا جێدەستی هێزی ترک..
ترکان لەمێژبوو دەیانزانی، ژیانی ئازاد چییە..

چونکە خۆ ئەوان چواردە هەزار ساڵ فەرمانڕەوایەتیان کردووە
ناوی (کەمال) یش مێژووەکەی هێژاتر کرد
ئێمە بەختەوەرترین نەتەوەین..
ئەوە ئێمەین کە کۆسمۆس، بێکەموکوڕی خولڤاندوینی..} لا 179

ئیسماعیل بێشکچی لە پەراوێزدا دەنووسێت: ئەم هەڵبەستەوانە مامۆستای وێژەیە لە ئامادەیی. وەک چۆن دەبینرێت، باس لە 14 هەزار ساڵی مێژووی ترک دەکات. خۆ دەبێت خوێنەری بیهێنێتەوە یادی، ئەو ساتەی ئەو وەک هەڵبەستوانێک باس لە ژیانی ئازاد دەکات، دەولەتی ترکی لەتەک ئیمپریالیستی بەریتانی و فەرەنسیدا و تەنانەت لەتەک شای ئێرانیشدا و پێکەوە، لە بەرفراوانترین و گەورەترین هەوڵدا بوون کە نەتەوەی کورد بکەنە ژێردەستە.

**بۆچوونەکانی تێزیی مێژویی ترک و تیئۆری زمانی رۆژ، لە هەمبەر کوردەوە**

پاش ئەوەی کە بزووتنەوەکانی کورد لە نێوان ساڵەکانی 1920 ـ1938 لە خوێندا خنکێنرا، کوردستان بەتەواوی داگیرکرا، هەر هەموو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان تێدا بران، ئیدی سیاسەتی تووانەوەی ـ ئاسیمیلیزاسیۆن ـ ی نەتەوەی کورد بەخێرایی دەستی پێکرد. بۆ بە بەندەکردن و تێدابردنی کەسایەتی نەتەوەی کورد، سڵ لە هیچ ڕێگە و میتۆدێک نەکراوەتەوە.
ئیدی یەهوو، کورد بوونە ترکی ڕەسەن. هەر ئەو کوردانەی کە لە سالانی سییەکاندا وەک ڕێگر، دز و چەتە ناودەبران... ئینجا دەشوترا کە نابێت وەک مرۆڤ بەڵکوم وەک ئاژەڵ مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت. ئیدی خەڵکەکانی کۆروم،کاستامۆنۆ و یەزگرت، بە ترک باس دەکران. بەڵام خەڵکانی دیاربەکر، هاکاریی و ماردین وەک ترکی ڕەسەن. ئیدی جەغت لەسەر ئەوە دەکرا کە زمانێک و نەتەوەیەک بە ناوی کوردەوە نییە.
بۆیە بە پێویستی دەزانین لێرەدا، نموونەی لێکۆڵینەوەکانی ساڵانی چلەکان بێنینەوە کە لە لایەن تێزیی مێژوویی ترک و تیئۆری زمانی خۆرەوە، بانگهەشتەی کراوە.
قادر پیرکی پلەداری سەربازی، لە پێشەکی پەرتوکەکەیدا کە لە 1941/11/28 دا بلاوی کردۆتەوە دەنووسێت: { کە من لە فێبروەری 1938 دا، بەهۆکاری کارەکەمەوە، گەشتم بۆ ڕۆژهەلات کرد. ویستم کات بە فیرۆ نەدەم و ئەو پارچەیی نیشتمانی خۆشەویستم لە نێزیکەوە ببینم. هۆکار و سەرچاوەی ئەو گرنگیپێدانەیشم، ڕابردووی خەڵکانی بە ئەزموون و هاوەڵەکانم و تاسە و حەزی تایبەتی خۆم بوو. لە پشکنینەکەمدا هەندێک بەرهەمی بەنرخم بە زمانی ترکی دۆزییەوە. هێندێکیان سەر بە ناوچەی بچوک بوون. لە ناواخنەکانی نەکۆلڕابۆوە و دەستی لێنەدرابوو.
لەو بەرهەمە فەرەنسی و ئەڵمانیانەی کە داوام کردبوو بیانهێنن، ناوی نامۆم بەدیکرد کە لەم ناوچانە نرابوون*. بەشی زۆری ئەم دەڤەرەم (لەهەندێک ناوچەدا چەندجار پاتە بۆوە) ، بەسەر کردەوە. هەرلەوێکانەدا لە زۆر شت کۆڵیمەوە.گەیشتمە باوەڕێک کە ئەم وڵاتە، ولاتێکی کۆنئارا و دانەبڕاوی ترکستانە. دانیشتوانەکەیشی لەسەدا سەد لە رەچەڵەکی ترکن.. کە ئیدی ڕەگەز و هۆزی گوایە کورد، بوونی نییە.
ئەوەیشی پەیوەندی بە ئەرمەنییەوە هەیە. ئەوان لە ئاکامی کۆچ و ڕەودا هاتونەتە ئێرەکانە کە ئیدی پاشان بە قولایی مێژوودا وەندا بوون. من هەست بە دژواری مێژوو نووسین دەکەم. بۆیە ، بۆ داوای لێبووردن لە هەڵەکانم دەکەم.} لا 181

ئیسماعیل بێشکچی لە پەراوێزدا دەنووسێت:* هەتا نهاکەیش بەرهەمەکانی  کە لە ئەوروپا دەردەچن، ئەم ناوچانە بە کوردستان و ئەرمێنیا ناو دەبەن.

م.شەریف فرات لە پێشەکەی پەرتووکەکەیدا بە ناوی ـ مێژووی وارتۆ و دەڤەری ڕۆژهەڵاتدا ـ کە لە ساڵی 1948 دا و پاشان لە 1961 یشدا چاپیکردۆتەوە، دەنووسێت:
{... ئەو ساتەی کە یاوز سوڵتان سەلیم لە ساڵی 1514 دا و لە بەراییەکانی چاڵدێراندا، بەسەر سوپای شا ئیسماعیلدا سەرکەوت و گەڕایەوە، بە هۆی ئیدریسی بتلیسیەوە پەیوەندی بە ڕێبەری هارتی ـ لۆهۆرتۆەوە کرد کە کۆچەری چیایین. ئەو سەرۆکی هۆزەکەی ناونا ( کیورد بابا- بابە گورگ) ـ بابا کوردی ـ. ئەو بەهۆی ئاغاکانیانەوە و بەهەموو لایەکدا  ئەوانی بە ـ کیوردە ـ ناو برد، هەوڵیدا کە ئەوان لە دژی شا ئیسماعیل و شیعە هەڵوێست وەرگرن و بەرە دروست بکەن.
ئەو هۆزە کۆچەریانەی کە لە بەرزایی چیاکانی دەڤەری ڕۆژهەڵاتدا، ژیانێکی تایبەتی و ڕێگەپێدراوی ئازادی  خۆیان بەسەر دەبرد، خۆیان بەتەواوی لە یەکێتی نەتەوەیی و ترکبوون بەدوور دەگرت و لەو باوەرەیدا بوون کە ئەوان  هەر بەڕاستی کوردن ، باباکوردین.
لە پەرتووکەکانی خوێندنگە و ئەتلەسەکانی پێش لە یاوز سوڵتان سەلیم پاشا دەرکرابوون، باکووری دەڤەری ڕۆژهەڵات بە ـ ئۆرارتۆ ـ ناودەبرا.  کەچی لە مێژوو نووسینەوەی دوای یاوز پاشادا، ناوێکی زۆر ناراست و هەر تەواو خەیاڵی بەم ترکستانە درا، ناوەکانی وەک کوردستان و بەو خەڵکەیشی کە لەوێدا دەژیان دەگوترا کورد. دەڤەرەکانی ڕۆژهەڵاتمان پڕن لەمجۆرە ناوە هەڵانە. لەسەردەمی عوسمانیدا سەریان لێشێوێنراوە و نامۆ کراون.
گەلی ترک لەم دەڤەرە لێک جوێ بوونەتەوە و لە یەکێتی نەتەوەیی دوورکەوتوونەتەوە. بۆیە لە بەدبەختییەوە بۆ بەدبەختی. کە یاوز سەلیم پاشا لە بەرە گەراوەتەوە، گەلێک لە هۆزە کۆچەرییەکانی  ناوەندی ئاسیای بۆ دەڤەری ڕۆژهەڵات ڕەوانە کرد، هەتا ببنە پاڵپشت بۆ ـ بابا کوردی ـ و بەرهەڵستی لە شا ئیسماعیل و شیعەگەرایی بکەن. ئەوەبوو کە ئەم هۆزە ترکانە لە دەڤەرەکانی ڕۆژهەڵات نیشتنەجێ بوون و ببونە وابەستەی باباکوردی. هەتا زمانە ڕەسەنە ترکیەکەیان و ناسنامە نەتەوەیە ترکیەکەشیان  و ناوە کوردستانەکەشیان کردە قوربانی و نازناوی ( کورمانجۆلەر) یان بۆ خۆیان پەسەند کرد.} ل 182

ئیسماعیل بێشکچی لە پەراوێزدا دەنووسێت:
لێرەدا بەتەواوی هەستی پێدەکرێت کە ئیدیۆلۆگی لەسەر چ بنەمایەکی ناڕاستی و بێمانا ڕادەوەستێت و پەیڕەو دەکرێت. گوایە ( گەلی کورد لە ژێر ناوی کوردستاندا نیگەرانی و ڕەنجی کێشاوە). ئینجا سەرکۆماری ترکیش پێسەکییەک بۆ پەرتوکێک دەنووسێت کە پڕە لە  ناجایزی و ناتەبایی، کەچی پرۆفیسۆرەکانی ترکیش هەمان پەرتوک لەژێرسەردێڕی ( زانستیترین بەرهەم) ، ( گرنگترین بەرهەم) و ( نیشتمانیترین بەرهەم) بۆ خوێندکارەکانیان دیاری دەکەن.
بۆ ڕاپۆرت نووسەکانی  مێدیای ڕۆژهەڵاتیش، ئەوە سەرچاوەیەکە کە ناشێت هەڵبوێردرێت و گرنگی پێنەدرێت.
جارێکی دیش لێرەدا، زانیاریی ناراست و شایان لێنەبووردن لە ئیدیلۆگی فەرمیدا دەبنیرێت. بە پێی جەغتی نووسەر، دەبێت هەر پاش جەنگی چاڵدێران لە ساڵی 1514 دا، هەندێک هۆزی کۆچەری ترک لە ناوەندی ئاناتۆلیاوە بۆ ڕۆژهەڵات نێردرابن. نووسەر جەغتیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە ڕابردوودا، دەستەواژەکانی وەک کورد و کوردستان بوونیان نەبووە. دەبێت ئەم دەستەواژانە بۆ یەکەمجار لە لایەن یاوز سوڵتان سەلیمەوە پەیدا بووبێت. کەواتە بەو مانایە

بێت، تا ئەوساتەوەختە دانیشتوان هەر ترک بوون. دەی کەواتە ئەوهۆزە ترکانەی کە لە ناوەندی ئاناتۆلیاوە هاتوون، لە ناو ئەو جۆرە ترکانەی ئەوێکانەدا کوردێنراون و ناوەکانی کورد و کوردستانیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە.

پێویستە سەرنجی گرنگ لەم پەرتوکە بدەین ـ کە ئەم ئیدیۆلۆگییەی تێدا بەیان کراوە. و ـ .
چونکە لە چاپی دووهەمیدا لە ساڵی 1961دا، لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی سەردەمی سەرۆکوەزیر (جەمیل گورسەل) ەوە پێشەکی بۆ نووسراوە. هەر ئەویش وەک سەرۆکوەزیر و سەرنووسینگە ئیمزای لەسەر کردووە. چونکە بە زەقی دیارە کە ناوەڕۆکەکەی وەک ـ تەنیا ڕاستییەک ـ قبوڵ دەکرێت . هەمووانیش دەبێت ئەم پەرتووکە بخوێننەوە. خۆ ئەگەر ئەم پەرتووکە

تەنیا دەقەکانی شەریف فراتی بگرتایەت خۆ، ئەوسا زۆر گرنگ نەدەبوو. بەڵام ئەگەر دەولەت و سەرۆکوەزیریش هەمان بۆچوونیان هەبێت، ئیدی ئەوە شتێکی دییە. بڵاوکردنەوە پەرتووکێکی وەها ئیدیۆلۆگی لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە، هیچ نرخێکی نییە.
جەمال گورسەلی سەرۆکوەزیر دەڵێت: { ... کارێکی زۆر بەسودە کە ئەم بەرهەمە، وەک بەرگی دووهەم لە لایەن وەزارەتەکەمانەوە جارێکی دی ئامادە بکرێت. لە لایەن هەموو ڕۆشنبیر ـ ئینتێلێکتوێڵەکانی ـ ترکەوە بخوێنرێتەوە. چونکە ئەم بەرهەمە، بۆ جارێکی تر ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو هاونیشتمانیانەی لە ڕۆژهەلاتی ئەناتۆلیادا دەژین، تەنیا بەوە جیاوازیان لەتەک ترکبووندا هەبێت کە ئەوان زمانێکی دی قسە دەکەن ـ لە نەزانینەوە ئێمەیش باوەڕمان وەسا بوو ـ ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان شۆڕراوەترین ترکن. تەنانەت بە بەڵگەی زانستیش کە مرۆڤ ناتوانێت ئینکاریان لێبکات. لە مێژوودا هەرگیز کۆچو ڕەوی بەو ژمارە زۆرەی گەلانی بیانی نەبووە. کە گوایە پاشماوەی ئەوانە بێت نهاکە لە دەڤەرەکانی ڕۆژهەلاتدا مابێتنەوە. لە هەموو دنیادا هیچ ڕەگەزێکی سەربەخۆ نییە کە مرۆڤ وەک ( کورد ) پێناسەی بکات. کوردان نەک هەر هاونیشتمانی خۆمانن، بەڵکوم ئەوان هۆزەبرا ، ڕەگەزبرامانن.
بەڵام سەدان ساڵی بەڕێوەبەرایەتی خراپ و کەمترخەمی ڕاستییەکن کە کوردان ناچار بوون لاتەریک بژین. بەداخەوە ئائەمە هۆکاری ئاکامەکەیە. ئیدی ساتی ئەوە هاتووە کە لەم بارەیەوە، ڕۆشنبیرانی ترک بە ئەرکی خۆیان هەڵسن. بەتایبەتیش ترکانی ڕۆژهەلات کە باوەڕیان بە پڕوپاگەندەیەکی درۆ کردووە. خۆیان تەفرەداوە و لێگەڕاون سەریان لێبشێوێنرێت. دەبێت ئەوان بە سەرنجەوە ئەم پەرتووکە بخوێننەوە. پاشان پاڵی لێبدەنەوە و بە قوڵی بیری لێبکەنەوە.
من یەقینم کە ئاوەها ڕێگەی ڕاست دەدۆزنەوە. ئەی بیرمەندی ترک زیا گۆکەلب خەڵکی کوێندەرێ بوو؟ ئەو کەسەی کە بە تیشکی زانستی لایەنە تاریکەکەی مێژووی ڕۆشن کردەوە. کەسایەتی نەتەوەیی پیشانداین و فێریشی کردین. مەگەر ئەو خەڵکی هەمان دیاربەکر نییە کە لە لایەن گێرەشێوێن و پڕوپاگندە چییەکانەوە دەکرێتە ناوەندی کوردبوون؟ تەنیا ئەم باسە بەسە بۆ ئەوەی کە لە ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە تێبگەین و بیر بکەینەوە. } ل 184/183

ئیسماعیل بێشکچی لە پەراوێزدا دەنووسێت: گێنێراڵ جەمال گورسەلی سەرۆکوەزیران دەیسەلمێنێت کە کورد ترکن. بەم ڕستەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە لە ڕاستیدا ئەو لە چ هەستێکی قووڵی دوژمنکارانەوە لە نەتەوەی کورد دەڕوانێت. بەومانایەی : ئەگەر ئەوان ژیریتی هەڵسوکەوت نەکەن،ئەگەر ترکی کێوی ،(کوردان) ، ئارام هەڵسوکەوت نەکەن، ئەوا سوپا سڵ ناکاتەوە لەوەی بازێر و گوندەکانیان بۆمباردومان بکات. کە لە کۆتایشدا خۆیان و نیشتمانەکەیان خلْتانی خوێن دەکرێن و تێدا دەبرێن... ـ سەرنج بۆ نووسینێکی ڕۆژنامەی داگنس نیتەر لە ستۆهۆڵمی پایتەختی سوید، لە 1960/11/16 ـ ..

لە پەڕتووکی ( **لە خەباتمان بۆ ئەتاترکیزم، کولتووری ئەورووپی چ گرنگییەکی هەیە؟**) نووسینی ئارین ئینگین، دەستگای ئەتاترکیزم، چاپخانەی سەرالەر، ساڵی 1960 ، 280 پەڕە.
لەم پەرتووکەدا جەغت لەسەر ئەوەی دەکرێت کە سەرچاوە کولتووریەکانی تسیڤیلیزاسیۆن لە چین، هندستان، میسۆپۆتامیا، ئێگێپت،ئاگاییس، لاتیم و ئاناتۆلیا دەگەڕێنەوە بۆ ترک. زمانێک و نەتەوەیەکیش بەناوی کورد هەبوونی نییە. ئەوجا پێشنیاری زۆریش لەسەر ئەوە دەکرێت، چلۆن زمانی کوردی لەناو ببرێت، چۆن کوردان بکرێنە بەندە، چۆن کەسایەتی کوردیی تێداببرێت و نەهێڵرێت.
نووسەر دەنوسێت:{ چۆن دەتوانین کە یەکێتی ترکان بکەینە راستییەک؟ بەهۆی وتنەوەی میتۆدی ـ شمێلتستیگل ـ لە خوێندنگەکاندا: لە دیموکراتیدا دەشێت بە هۆی تیئۆری پەروەردەی سەختەوە، گونجاندنی کەمایەتییەکان و پێکهێنانی کەسایەتی نەتەوەیی ئەنجام بدرێت. لە خوێندنگەکانیشدا بەهۆی ڕێکوپێکی نەتەوەییەوە فێربکرێن وبەبار بهێنرێن. ئەو سەختییەی کە لە خوێندنگەکانی ئەروپا و ئەمریکادا، بەکار دەبرێت بۆ گونجاندنی منداڵان، هەر زۆر جێی ڕەزامەندییە.

ئەو میتۆدی براونەیBraowny-Methode کە ئێمە لە 1947 ـ 49 لە لێکۆڵێنەوەکەماندا لە بەریتانیا سەرنجمان لێدا، تەنیا میتۆدێکە کە ئێمە دەبێت خەمی لێبخۆین و بیری لێبکەینەوە. بە بیروراوە پێویستەوە بەکاری بێنین. ئەم میتۆدی براونەی کە بنەمایەکی ناسیۆنال سۆسیالیزمە، لە خوێندنگەکانی بەریتانیای گەورەدا پەروەردەیەکی سیاسی و دیموکراتییە.
بەوپێیەی کە ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا لە ساڵی 1947 ـ 49 دا، سەرنجماندا، وەسایە:
ئێمە لە خوێندنگەیەک بووین لە شەقامی پێمبیرتۆن گاردن لە لەندەن. لیژنەیەکی تایبەت لە سێ کەس کە لە لایەن فەرمانگەی پەروەردەوە هاتبوون. دەبێت لەو ڕۆژەدا میتۆدی براون نمایش بکرێت. هەر هەموو حەوت ڕۆژەکەیش پەیرەو دەکرێت. منداڵەکان لە هۆڵێکی گەورەدا کۆدەکرێنەوە. جلکی مەزنی شایش لەوێدا هەڵوسراوە کە لە ئاڵای بەریتانیاوە پێچراوە. ئەو ساتەی منداڵەکان سروودی نیشتمانی دەچڕن، ئاڵای بەریتانیا بەرز دەکرێتەوە. پاشان هەر منداڵێک لەبەر جلکی لە ئاڵا پێچراوی شادا ، بە دەنگی بەرز و پڕ لە هەست ئەو سوێندە دەخوات کە پێی ئەزبەر کراوە. هیچ نیشانەیەک لە دەنگە دەنگ و خەواڵو بوون نییە. ژوورەکە نیو ڕووناکە و ڕۆشناییەکی سوور لەسەر شایە. منداڵەکان لە ساتی سوێندخواردندا زۆر پڕ لە هەست و هەستیارین. تەنانەت هەندێکیان ناکارن بەر بە فرمێسکەکانیان بگرن. سوێندەکە:
من بەریتانیم و بەریتانی لەسەرو هەر شتێکەوە دەزانم. لە سەروی خۆم وماڵەکەیشم. غروری بەریتانی لە ڕۆح و سەرمدا زیندو دەبێت. من هەمووکاتێک ئامادەم خۆم بۆ پارێزگاریی و پێشکەوتنەکانی بکەمە قوربانیی... بە بێ بەریتانی بوون.. منیش هیچ نیم..
لە دواییدا منداڵەکان مۆزیکی جۆراوجۆر لێدەخەن، کە پەیوەندی بە ئاهەنگەکەوە هەیە. ئیدی سوێندخۆران دەخرێنە ژێر تاقیکردنەوەی سوێندەکەیانەوە.پێکەوە سروودی نیشتمانی دەچڕن. یەکێک لە ئەندامانی لیژنەکە ئامۆژگاری ڕوون و دیار دەداتە منداڵەکان. هەندێک ڕیوایەتیان بۆ باس دەکات کە پڕن لە هەستی کارگەریی نەتەوەیی. لە کۆتاییشدا، شیر و شیرینی بەسەر منداڵەکاندا بەشدەکرێت.
کە من لەتەک ئەندامانی لیژنەکەدا قسەم کرد، ئەوان وتیان: پاش چەند مانگێک یارییەکان دەگۆڕدرێن و هینی نوێ دێنە کایەوە. هەر بۆ ئەم مەبەستەیش، هەندێک لە ئینستیتۆتەکان سەردانی خوێندنگەکان دەکەن. لە درێژەی قسەکاندا وتیان: ئەم میتۆدە هەستی نەتەوەیی

بەریتانی دەخاتە قولایی دڵەکانەوە. یەکێتی بەریتانی و ئینتیگراسیۆن ـ خۆگونجاندن ـ پێکدێنێت. ئیدی هەموو منداڵە بیانییەکان بەهۆی ئەم میتۆدەوە دەکرێنە بەریتانی. ئەوەیش بۆ ئێمە تەنیا ڕێگایە، لە هەمبەر ڕەگەزپەرستیی کەمایەتییەکاندا.} ل187

ئیسماعیل بێشکچی لە پەراوێزدا دەنووسێت: لێرەکانەدا بە کراوەیی دان بەوەدا دەنرێت ، ئەو سوێندخواردنە لە کوێوە سەرچاوەی هەڵگرتووە کە دەوڵەتی ترک هەموو بەیانییەک بە منداڵە کوردەکانی دەخوات. سوێندەکەیش وەهایە : ـ من ترکم، ڕاستگۆ و زیرەک. ئەوە یاسامە کە ڕێز لە پیرەکان بگرم و لاوەکانیش بپارێزم. باوەڕم بەوەیە کە لە بەرزایی بڕوانم و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێم. ئەگەریش بڕیار بێت کە پاداشتی هەبوونم بدرێتەوە، با ترکبوون بێت... ـ وەک دەبینرێت، بۆ نووسەر کردەیەکی ئاساییە کە نەتەوەی تر بکرێتە بەندە. بە هەموو میتۆدێک کولتووری خۆتی بەسەردا بچەسپێنیت. ئەوانەیشی کە دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و بەندەیی دژەکردار پیشانبدەن، بیانەوێت کەسایەتی خۆیان بپارێزن بە کەمایەتیە ڕەگەزپەرستەکان ناوزەدیان دەکات.

**نهێنی دۆزی کورد، ڕێکەوتنی عێراق ـ بارزانی و ئاکامە ئەگەرییەکانی**

لە زنجیرە وتاری ئەو سەردێرەی سەرەوەدا، نازی سەڤگەن دەیەوێت بیسەلمێنێت کە کورد و بارزانیش ترکن. کەچی لە ڕێکەوتنی عێراق ـ بارزانیشدا، خەم و پەرێشانی خۆی بەیان دەکات. ئینجا لەو بارەشەوە پێشنیار پێشکەش دەکات کە دەوڵەتی ترک نابێت لە بەرامبەر ئەم ڕێکەوتنەدا هیچ هەڵوێستی نەبێت.بەڵکوم دەبێت لە هەوڵی پوچەڵکردنەوەی ئەو ڕێکەوتننامەیدا بێت. ئەو لە لە زنجیرە وتارەکانی سالانی حەفتاکاندا( دێتسێمبەری 1970، یانوەری 1971 ) ، رای وایە ؛ کە کورد هەر ترکن. زمانێکیش بەناوی کوردییەوە هەبوونی نییە. ئینجا داوایش لە حکومەتی عێراق دەکات کە هەروەک کوردەکان، ئۆتۆنۆمی بە ترکەکانی کەرکوک بدرێت. ل 191

ئێرتوگرول زەکی ئۆکتە، سەرنووسەر و دەرکەری گۆڤاری تایبەت بە دۆکۆمێنت و مێژووی ترک لەبارەی کورد لە عێراقدا( واتا باشووری کوردستان) دەنووسێت: {.. 80% ی ئەوانەی کە لە عێراقدا دەژین و خۆیان بە کورد دەزانن ترکن، 1.100.000 یش ترکن.هەر ئەمەیش نا، بەڵکوم بێجگە لەو 1.100.000 ترکە ،900.000 ترکیش لە ترکیا دابڕێنراون کە بە هۆی زمانەوە، پەیوەندیان بە نیشتمان و کولتوورەوە هەیە.} ل 192

ئیسماعیل بێشکچی لە پەراوێزدا دەنووسێت: خۆ مرۆڤ دەتوانێت لەو(ترکانە) بپرسێت: کە چیان لە دژی ڕژیمی پارتی بەعس و کۆلۆنیالیزم کرد؟ ئەی چۆن ئاماژە بەو سنوور داخستن و ڕێگەگرتن لە پەنابەرەکان دەکەن، ئەو ژن و منداڵ و پیرانەی لە ئاکامی بۆمباردومانی ناپاڵمدا هەڵهاتن؟ئایا لە قوبرسیش شتی وەها ڕوودەدات؟ ئەم دەربڕینی نووسەرە بە ئاشکرا ئەوە دەردەخات کە ڕەگەزپەرستیی ترک و کۆڵۆنیالی، لە چ هەلومەرجێکی دووفاقەییدایە.

نەجیم ئونور لە یەنی گەزەتەی 22 ئۆکتۆبەری 1970 وە هەتا 6 ی نۆڤێمبەری 1970 ،لەژێر سەردێری ( لە پشت چیاکانەوە چی ڕوودەدات؟) درێژە بە نووسین دەدات. لە ساڵیادی پەنجا ساڵەی کۆماریشدا لە 72 دا لە ژێر سەردێری ( دەبێت لە ڕۆژهەلات حەتمەن کولتوور ئیمپریالیست پەیڕەو بکرێت) بۆ ئەم مەبەستەیش پەیڕەوکردنەکە لە 9 خاڵدا کورت دەکاتەوە. ـ

لەبەر وەی کە هەمدیسان پاتەبوونەوەی تێدایە، ئێمە تەنیا خاڵی  حەوت و کۆتایی نۆ وەردەگرین.وەرگێڕ-
{ ..خاڵی حەوت: پێویستە لە سەرتاسەری ناوچەکەدا کولتوور ئیمپریالیزم پەیڕەو بکرێت. بۆ ئەنجامدانی ئەمەیش پێویستە مامۆستای کارامە دەستبەکار بن. لێ، دەبێت جێی نیشتەجێبوون و موچەکانیان، فەراهەم کرابێت. بۆ بەکردەوەکردنی ئەمجۆرە پەرەوەردەیەش ، پێویستە کە حەتمەن منداڵ لە ماڵباتەکەی دوور بخرێتەوە و بەجیا بژین. دەبێت کۆتایی بە پەیوەندی و پەیوەستی نەوەی کۆن لەگەڵ نوێدا بهێنرێت..من هەوڵمدا، کە بە وتن و نووسین باسی (ڕووداوەکانی پشتی چیا) تان بۆ بکەم. ئیتر ئەرکی ئەوانەیە، بەتایبەتیش ئینتێلێکتوێلەکان، کە لەپاش خوێندنەوەی ئەم هەواڵە، چالاکی و کار لەم وڵاتەدا بە ئەرکی خۆیان بزانن.} لا 194/193

ئیسماعیل بێشکچی لە پەراوێزدا دەنووسێت: خۆ دەبێت خوێنەر لەوەی بەئاگا بێت کە ئەم کردەوەیە زۆر پەرگر و گشتی کوژترە لە ئەنجامگەیاندنەکانی ئیمپریالیستی بەریتانی و فەرەنسی لە وڵاتە کۆڵۆنیەکانیاندا. لە هەمبەر هەواڵی زانکۆی ڕۆژهەڵاتەوە،( وەزارەتی ڕۆشنبیریی، ئیستەنبول، 1952) کە لەو ساڵەدا لەلایەن پرۆفیسۆرەوە نووسراوە و ئامادە کراوە، هەر هەمان بۆچوونن پەیوەست بە ( مامۆستای کارامە). هەوڵیانداوە کە منداڵان بەهۆی جێگیرکردیانەوە لە خانەی منداڵاندا، بەتەواوی لە خێزانەکانیان دایانبڕن.
ئەمانە هەندێک لەو نووسینانەن لەمەڕ دۆزەکەوە، هەوڵدانێک کە کورد ترکن. لێ، هەر لە بناغەوە ئەمانە بۆچوونی زانکۆ و دادی ترکی بوون، کە بێ قەیدو مەرج بە (ڕاستی) قەبڵێنراوە.
ئەوانەیشی کە ئەم بیروبۆچوون و بڕیارە نازانستیانەیان قبوڵ نەکردبێت و لا ناجایز بووبێت، باسیان لە هەبوونی  نەتەوەی کورد کردبێت. یانیش نەیانخواستبێت کەسایەتی کوردیی خۆیان بدۆڕێنن، بەرەوڕووی دادی گشتی بوونەتەوە.

**ڕەگەزپەرستی لە پەرتوکەکانی خوێندنگەی حکومەتی بەرەی میللیدا، هەوڵێکە بۆ درێژەدان بە کەمالیزم.**

ئەو پەرتووکی وانانەی کە حکومەتی بەرەی نەتەوەیی لە کۆتایی مانگەکانی ساڵی 1976 دا چاپیانی کرد و بەسەر ئامادەییەکاندا بڵاویان کردەوە، هەر لە دەستپێکەوە کەوتە بەر ڕەخنەی توندی مێدیا پێشکەوتووەکانی ترکەوە. هەتا گەیشتە ڕاوێژکردن لە پەرلەماندا و کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرەنس. خۆپێشاندانی بەرفراوان ڕێکخران. ئەو خاڵە گرنگەی کە ڕەخنەگران و دژەکان هەڵوێستەیان لەسەر گرت، ئەوە بوو: پەرتووکەکان لە  بۆچوونی بنەماکانی کەمالیست و ئەتاترکیزمەوە  سەرچاوەیان هەڵنەگرتووە. لەو پەرتووکانەدا پڕوپاگەندە بۆ ڕەگەزپەرستی، داگیرکردن و ئایین کراوە. لە هەمان ڕەخنە و پڕۆتێستەکانیشدا دەوترا: بەهۆی ئەو برینانەی کە بە هۆی ئەو پەرتووکانەوە کراوەتە کۆمەڵگا، دەشبێت تەنیا بە گەڕانەوە بۆ بنەماکانی ئەتاترک مەڵهەم و چارەسەر بکرێن. لا 196/195 ( لە پەراوێزی ژمارە 254 دا، ئاماژە بە گەلێک لە سەردێڕ و مێژووی نوسراوە ڕەخنەییەکان دراوە. وەرگێڕ)

چەند  نموونەیەکی ناو ئەو پەڕتووکانە:
{...زۆرێک لەو هۆزە کۆچەریانەی کە بێشک لە ڕووی دێرۆکییەوە بۆ ترکمان دەگەڕینەوە،هەوڵیانداوە کە تێکەڵەیەک لە فارسی ـ ترکی قسە بکەن. لەناو کوردانی ڕۆژهەڵات و باشووری ئەناتۆلیا،کە ڕەسەنیان بۆ ترک دەگەڕێتەوە و بەڵام ترکیش نازانن، ئەم هەوڵەیاندا. بەڵام بەهۆی بەرفراوانی ڕۆشنبیریی ترک و سیاسەتی کولتوورەوە، دەبوایە ئەم خەڵکە زۆرە بە

کولتووریی نەتەوەییەوە ببەسترێنەوە.ـ یەڵماز ئۆزتونا، مێژوو، پەرتووکی ناوەندیی. ئیستەنبوڵ، لاپەڕە 437، ساڵی 1976 } لا 197

{..یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بەهێزی حەزی ترک بۆ زانست، هەستی بەهێزی بیرکردنەوەیە. ئەتاترک هەوڵێکی زۆریدا هەتا ئەم هەستی بەهێزیی زانستە دەرێژەی هەبێت و بمێنێت.ـ یەڵماز ئۆزتونا، مێژوو بۆ ناوەندی،لاپەڕە 407ـ } لا 198

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت: لەم پەرتووکانەدا ، ئیمپراتۆری عوسمانی بە ( ئیمپراتۆری ترک)، حکومەتی عوسمانی بە ( حکومەتی گێتی) و دەوڵەتی عوسمانی بە ( وڵاتی گێتی) ناودەبەن.

نموونە :{ یەکێک لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوە یەک لەدوای یەکەکانی ترک بە جەمسەرە جیاوازەکاندا، سەقامگیریی مۆڕاڵی ترکە. کە هێرش بۆ جێی نادیار بەرن.ئامادەیش بیت کە بەرەوڕووی هەرجۆرە مەترسییەک و وەستانێک ببیتەوە و لە جەنگێکدا، شەڕی مان و نەمان بکەیت. کە ئەمەیش بۆ هەموو نەتەوەیەک هێندە سانا و شایانی قبووڵ نییە. ئەم ڕۆحە زیندووە لە ترکدا، بە تەواوی هەست پێدەکرێت. هەر ئەم ڕۆحە زیندووە ئەو توانایەی پێداوە کە درێژە بە ژیانی گشتی خۆی بدات. هەر ئەم هەستەیش لەتەک هەر سەرکەوتنێکدا بەرەو ژوورتر هەڵکشاوە. هەر سەرکەوتنێکی لەشکریی، ڕێگای لەبەردەم هەدەفێکی سیاسی نوێدا کردۆتەوە.
لەتەک هەر داگیرکردنی وڵاتێکدا، خواستی داگیرکردنێکی تر سەریهەڵداوە. ئەم هۆکارە ترکی خستۆتە سەر بیری فیلۆسۆفیی داگیرکردن و سروشتی دەستەڵاتداریێتیەوە. مەبەستی فەلسەفەی داگیرکردنی ترک، هۆکارێکی هەیە: دنیا بخرێتە ژێر پارێزگاری خو و خدە و ڕاهاتن و ئارامی و ڕێکوپێکی ترکەوە. ..ـ ئیبراهیم کاڤێس ئۆغلو، مێژوو بۆ ئامادەیی، ئیستەنبوڵ، لاپەڕە 81، ساڵی 1976} لا 198

{.. ترک پێستێکی سپی هەیە. لووتێکی ڕێکی هەیە،ڕووخسارێکی خڕی هەیە. لەشیان ڕێکوپێکە و تۆکمەن. قژێکی تۆزێک لوولیان هەیە. ڕیشەکانیش مامناوەندی چڕن. لەسەرچاوەکانی سەدەکانی ناوەراستدا، ترکان بە جوانییەکی سروشتی پێناسەکراون. تەنانەت لە وێژەی ئێرانیشدا، وشەی ـ تورک ـ بە مانای مرۆڤی جوان بەکار هاتووە.ـ ئیبراهیم کاڤێس یۆغلو، مێژوو بۆ ناوەندی، لاپەڕە 77 ـ } لا 199

ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت: دەکرێت بە پێی حەز و ئارەزوو درێژە بەمجۆرە نموونانە بدرێن. خۆ تەنانەت ئەم نموونە بچکۆلانانەیش بە ئاشکرا دەریدەخەن، ئەو ئیدیۆلۆگییەی کە لەم پەرتوکانەی ( بەرەیی نەتەوەیی) دا، ئامازەیان بۆ کراوە، هیچ جیاوازییەکیان لەتەک هەمان ئیدیۆلۆگی ساڵانی سییەکاندا نییە. مرۆڤ دەتوانێت تەنانەت ئەوەیش بڵێت: کە پرۆفیسۆرەکانی بەرەی نەتەوەیی لەوانەی سەرکردەی مەزن مستەفا کەمال بەویژدان تر بن. چونکە ئەوان ـ پرۆفیسۆرەکانی بەرەی نەتەوەیی تر ، وەرگێر ـ جەختیان لەسەر ئەوە نەکردووە کە سۆمەر ،هتیت، خواکانی ئەگیبت ، یۆنانی، لاتین و ئاریەکان ترکن.
هەروەک چۆن خانمی عافێت ، دکتۆر شەفکەت بەگ، پرۆفیسۆر سەدری مەقسەدی بەگ، پرۆفیسۆر یوسوف زیا بەگ و دوکتۆر ڕەشید گالب، ئیدیعایا کردووە. هەروەک ئامازەی پێدراوە، لە ساڵانی سییەکاندا هەوڵدراوە کە بیسەلمێنن، هەر هەموو تسیڤیلیزاسیۆنەکانی جیهان و کولتوورەکان، لە لایەن ترکەوە بنیاد نراون و سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ ترک . ئەم پروپاگەندەیە لە سییەکاندا،

سەردەمی سیستەمی یەک پارتی و ئەو ساتەی سەرکردەی مەزن غازی مستەفا کەمال لە ژیاندا بووە، درێژەی پێدەدرا. ئەمڕۆکە بۆچوونی ترک و زانکۆکان و مێدیاکان، ڕێگە بەخۆیان نادەن شتگەلی وەها بڵێن. بەڵام ئیدیۆلۆگی لەمەڕ ( ئەسڵی کورد ترکە) ، بێ هیچ گۆڕانکارییەک درێژەی هەیە. با ترکە دیموکراتەکان و بزووتنەوە سۆسیالیستەکان، بۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئەم دۆزەوە دەربڕن. کە بۆچی هەتا نهاکەیش ڕەچەڵەکی کورد بۆ ترک دەگێڕدرێتەوە. بۆچ لەهەمبەر ئەمجۆرە سەپاندنانەدا هەڵویست نانوێنن؟ بۆچ ترکانی دیموکرات لە هەمبەر قێزەونترین هێرشدا، بۆ سەر کەسایەتی نەتەوەیی کورددا بێدەنگن؟ لە ساتێکدا لە هەمبەر شەرەفی عەلوێتی و شەرەفی کرێکارانەوە، بە هەستیارییەوە هەڵوێست وەردەگرن؟

**سەرچاوە : تێزی مێژووی تورک و دۆزی کورد - ئیسماعیل بێشکچی. دەستگای کۆمەڵ 1990 ئەڵمانیا.**
**Ismail Beshkci – Die Türkische Geschichtsthese und Kurdenfrage**

(*) کرۆنۆلۆگیای مێژووی تورک ـ پاشکۆ
(**) ئاری ـ ئارير ،( بە سانسکریت: ئاریاس) واتا بەرزی و بەرزایی. ئەو خەڵکەی لە بەرزاییدا ژیاون. بەرزایی چیاکان. ئاریرەکان وەک گەلێک لە بەرزاییەکانی نێوەڕاستی ئاسیادا ژیاون. ئەوان بەر لە دەستپێکی مێژوو، وڵاتەکەی خۆیان جێهێشت و لە کۆچەکەیاندا، لێکجوێ بوونەوە و بوونە چەندین هۆز. یەکێک لەوانە کە ( ئیرانیر) بوو، لە باکووری هیندوکوش گیرسایەوە. ئینجا دابەش بوو: زمانی( بختریر) و ـ بەختیاری !! وەرگێڕ ـ زەند و فارسی. ئەویتریش ، هندی ـ سانسکریت ـ بەرەو باشوور ڕەویان کرد. ئەوانی دیش بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیان کرد. کێلت ، گریک، ئیتالەر، گێرمانن،لیتاون و سلاڤەکان سەر بەم گروپەی ڕۆژئاوان.....
سەرچاوە : مێژووی وێژەی ئەڵمان . بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 15 ، ساڵی ....... نەنووسراوە!!
سەرنج : زۆر جاران، چەندین نووسین لەسەر هەمان بابەت نووسرابوون. بۆ کورت و چڕوپڕ بوونی وەگێڕانەکە، ناچاربووم خۆم لە پاتەبوونەوەکان هەڵبوێرم. یانیش جارجارە، کورتە توانجێکیم وەک وەرگێڕ، بە پێویست زانیووە!ـ وەرگێڕ